

سیروان محەمەد بریکاری وەزارەتی پلاندانانی حکومەتی هەرێمی کوردستان:

## وێڕای ئالنگارییەکان کابینەی نۆیەم بەردەوامە لە جێبەجێکردنی ئەو پڕۆژانەی لە ڕیزبەندی پێشەوەی خواستی خەڵکدان


# گوڵان

پەیامی ئەمڕۆ و سبەی

سالی سییەم (١٤٠١)- (١٢)ی شوباتی ٢٠٢٤


## ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست لە بەردەم وەرچەرخانێکی گەورەدا

# لە هەموو وەرچەرخانە گەورەکاندا بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کوردستان قۆناغێك چووەتە پێشەوە

بێباکیی ئەمریکا بۆ بەرپەرچدانەوەی خێرای هێرشی حوسییەکان ئاسایشی دەریای سووری خستووەتە مەترسییەوە

جارێکی دیکە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بە سیستەمی پێش حەوتی ئۆکتۆبەر بەڕێوەناچێت






# بارودۆخی عێراق دوای هەڵبژاردنەکانی ٢٠٠٥

## ١٠٢

زۆر بە داخەوە بەر لە هەڵبژاردنی گشتی لە عێراقدا چەند ڕووداوێکی نەخوازراو و ناخۆش لە دهۆک ڕوویان دا. لە دهۆک و ژمارەیەک لە شار و شارۆچکەکانی تری کوردستان هێرش کرایە سەر بارەگاکانی یەکگرتووی ئیسلامیی کوردستان و بارەگاکانیان سووتێندران و بە داخەوە سێ کەس لە یەکگرتوو گیانیان لە دەست دا، شەش کەسیش بریندار بوون. هەروەها لە ڕووداوەکاندا دوازدە پۆلیس و شازدە لە هێرشبەرەکانیش بریندار بوون، کە دوویان کچ بوون.

هەر چەندە هێرشکردنە سەر بارەگاکانی یەکگرتوو و سووتاندنیان و خوێنڕشتن، کارێکی یەکجار خراپ و نابەجێ بوو، بەڵام هێرشەکانی یەکگرتووش زۆر ئیستیفزازی بوون. پێویستە بگوترێت کە پارتی لەم بارەیەوە کەمتەرخەمیی کردبوو. پێویست بوو ڕێگە لە هێرش بۆ سەر بارەگاکانی یەکگرتوو بگرێت. من بە ڕووداوەکان زۆر دڵگران و نیگەران بووم و ئیدانەم کرد و داوام لە نێچیرڤان کرد، خۆی کەیسەکە بگرێتە دەست و هەوڵ بدات بە زووترین کات کێشەکە چارەسەر بکات کە بریتی بوو لە قەرەبووکردنەوەی یەکگرتوو و چارەسەرکردن و نەهێشتنی شوێنەواری ڕووداوەکان و سزادانی هەموو بەرپرسە حزبی و حکوومییانەی کەمتەرخەم بوون لە مامەڵەکردن لەگەڵ ڕووداوەکەدا، بەکردەوەش بڕیارەکان جێبەجێ کران. بەڕاستی پێشهاتێکی زۆر ناخۆش بوو.

ڕۆژی ١٣ی کانوونی یەکەمی ٢٠٠٥، خەلیلزاد و ئەشرەف قازی بە تەلەفۆن پەیوەندییان پێوە کردم و لە پەیوەندییەکەیاندا ڕایانگەیاند، کێشەی ناوی دوو سەد و هەشتا هەزار ئاوارەی کەرکووک چارەسەر کراوە.

پیلانێکی گەورە و مەترسیدار داڕێژرابوو بۆ فێڵکردن لە کورد، بەڵام باش بوو برادەرانمان زوو، بەر لە هەڵبژاردنەکان هەستیان بە پیلانەکە کرد، ئەگینا لە کەرکووک گورزێکی گەورە لە کورد دەدرا و بابەتەکەیان دەخستە چوارچێوەیەکی یاسایی. دیار بوو پیلانەکە لە کۆمیسیۆنی باڵای هەڵبژاردنەکانەوە داڕێژرابوو و دوور نەبوو کە ژمارەیەک لە وڵاتانیش دەستیان لە بابەتەکەدا هەبووبێت.




لە چاپکراوەکانی بەشی دیراسات و پێگەیاندنی پارتی دیموکراتی کوردستان، پێنج بەرگە کتێب و بە زمانی عەرەبی بە ناونیشانی( استفتاء اقليم كوردستان- العراق ٢٥ ايلول ٢٠١٧ في الصحافة الكويتية) لە ئامادەکردنی (د. خليل مصطفى عثمان) چاپکرا.

هەموو بەرگەکانی ئەم کتێبە بە وتەیەکی سەرۆك مسعود بارزانی بە زمانی عەرەبی ڕازاوەتەوە کە بە کوردییەکەی دەڵێت: (ڕیفراندۆم بە مانای دامەزراندنی دەوڵەتی کوردی نییە، بەڵکو بەو مانایەیە کە ویست و ڕای گەڵ لەبارەی سەربەخۆییەوە بزانین، لەسەر سەرکردایەتیی سیاسیی کوردیش پێویستە ویستی گەل لە کات و هەلومەرجی گونجاودا جێبەجێ بکات).

د. خەلیل لەم پێنج بەرگەی کتێبەکەدا هاتووە هەموو ئەو وتار و بۆچوونانەی خستووەتە ڕوو کە لە ڕۆژنامەکانی کوێتیدا بڵاوکراونەتەوە، یەکێك لە بەرگەکان تایبەتە بە ڕۆژنامەی(جريدة الآن) چەندین وتاری لەخۆگرتووە، هەندێکیان قسەی بەرپرسانی سیاسی و حکومیی دەوڵەتی عێراقن، کە دژی ئەم ڕیفراندۆمە وەستاونەتەوە و بە جیابوونەوە لە عێراق لەقەڵەمیان داوە.

هەروەها بۆچوون و وتارگەلێك کە لە ڕۆژنامەی(جریدە الجريدة)ی کوێتیدا و لە بەرگێکی دیکەدا ئاماژەیان پێکراوە، بە تایبەتیش یەکەم لێدوانی جەنابی سەرۆك بارزانی لەمەڕ ڕووداوەکانی ناوچە کێشە لەسەرەکان و کەرکووك بە تایبەتی دوای ئەوەی لایەنێك بە بڕیارێکی تاکلایەنە ئەو شارەیان جێهێشت، دواتریش بڕیارەکانی حکومەتی عێراق بە قەدەغەکردنی گەشتی ئاسمانی لە فڕۆکەخانەکانی هەرێمی کوردستان وجوولەی بازرگانی لە مەرز و خاڵە سنوورییەکان بە هاوکاریی هەندێ وڵاتی ئیقلیمی.

لە بەرگی تایبەت بە بابەتەکانی ڕۆژنامەی(الصباح)ی کوێتی بە هەمان شێوە هەموو ئەو نووسین و بۆچوونەکانی سەرچاوە سیاسی و حکومییەکانی عێراق و هەندێ لە بەرپرسان و سیاسەتوانانی دەوڵەتانی جیهان بڵاوکراونەتەوە کە زۆربەیان بە نەرێنی لەم پرۆسە چارەنووسسازەیان ڕوانیوە.

ئەو بۆچوون و بابەتانەی لە بەرگی تایبەت بە ڕۆژنامەی(الرأي)ی کوێتی لە بارەی ڕیفراندۆم ئاماژەیان بەوە کردووە کە سەرۆك بارزانی سەرکەوتوو بووە لە ئەنجامدانی ئەو پرۆسە گرنگ و چارونووسسازە، بەڵام هەلومەرج و هەڵوێستی نەرێنیی بەرپرسانی ناوخۆ و هەرێمی و نێودەوڵەتی بوونە ڕێگر لەبەردەم بە ئاکام گەیاندنی پرۆسەکە.

لە دوو ڕۆژنامەی دیکە( القبس و الأنباء ) کە بەرگێکی تایبەتیان بۆ تەرخان کراوە، ئەو کاردانەوە نێوخۆیی و نێودەوڵەتییانە خراونەتە ڕوو کە لە ئاکامی ئەنجامدانی پرۆسەی ڕیفراندۆم لە هەرێمی کوردستان بە کەرکووکیشەوە هاتوونەتە ئاراوە.

دەستخۆشی لە بەشی دیراسات و پێگەیاندنی پارتی دیموکراتی کوردستان و ئامادەکاری ئەم پێنج بەرگە کتێبە دەکەین.




د. جەمیل عەلی ڕەسووڵ سوورچی :



**خۆشەویستیی خاک و نیشتمان و گەل شتێکی خۆڕسکە لە ناخی مرۆڤەکان، ئایینی ئیسلامیش بە چەندین دەقی پیرۆز پاڵپشتی لێ کردووە**

مەزلووم ئورفەیی :



**چەکدارانی پەکەکە بارودۆخی دارایییان زۆر خراپە و سەرانە لە خەڵک وەردەگرن**

پ. د.کامەران ساڵحی




**دیموکراسی و کۆنترۆڵکردنی پەرگیری**

د. عەبدوڵڵا شێرکاوەیی



**فرە فەتوایی لەنێوان تاک مەزهەب و فرە مەزهەبیدا**

پرۆفیسۆرئولریک بروکنەر :



**نە ڕووسیا توانای سەرکەوتنی هەیە و نە ئۆکرانیا توانای شکستپێهێنانی ڕووسیای هەیە**


■ خاوەن ئیمتیاز
**شەوکەت شێخ یەزدین**
Concessioner
Shewket Sh. Yezdeen

■ سەرنووسەر
**فەرهاد محەمەد**
Editor-in-Chief:
Farhad M.hassn
frhd_mhmd@yahoo.co.uk
Mob: 07504030900

■ سکرتێری نووسین
د.هێمن غەنی

■ سیاسەت و ناوخۆ:
سالح عومەر
شەماڵ نوری
د. شێبان فەرهاد
بەهادین جەلال

■ گشتی:
د.عادل حوسێن
تارا عومەر
خەلیل بلەیی
سەنگەر شنۆیی
مەهدی حاجی سالح
کارزان کانەبی
ڕێبین ڕەمزی

■ بەڕێوەبەری کارگێڕی و دارایی:
سلێمان یاسین

■ بەڕێوەبەری هونەری:
شاخەوان جەعفەر

■ بەرگ:
لوقمان ڕەشیدی

■ وێنەگران:
کەمال ئاکرەیی
هاوکار رەحمان

بۆ ڕیکلام کردن پەیوەندی بکە بە:
Mob: 0750 2206537
salih_omer2003@yahoo.com


چاپخانەی ڕۆکسانا - هەولێر

ناوونیشان: هەولێر -ڕووناکی/ شەقامی ٤٠ مەتری

*Web: www.gulanmedia.com*

سوبحی مەندەلاوی :

**مەلا مستەفا بارزانی پارێزەر و داکۆکیکاری ماف و داخوازییەکانی کوردانی فەیلی بوو**



داناس ئاراس :

**پێویستە گرنگی بە ئافرەتانی وەرزشکار بدرێت تا زیاتر بەرەوپێش بچن**





سەنا تەها:

**پێویستە ئافرەت پشت بە تواناکانی خۆی ببەستێت و چاوەڕوان نەبێت یەکێک یارمەتی بدات**



**شەترەنج کردن لەگەڵ ژیری دەستکرد**



**بۆچی نەخۆشیی ڕەبو لە زستاندا سەختتر دەبێت؟**



**کردنەوەی نووسینگەی هەمیشەیی فێستیڤاڵی فیلمی ئاسمان لە شاری مەهاباد**






# بەڕێوەبردنی وەرچەرخانەکان و نەهێشتنی مەترسییەکان



# هەرێمی کوردستان وەک کاراکتەرێکی نادەوڵەتیی کاریگەر

«بۆچی دیمانەکەی تاکەر کارلسۆن لەگەڵ فلادیمێر پوتین بە شتێکی سەرەکی بۆ هەردوولا (ڕۆژئاواو ڕووسیا) دادەنرێت؟ دەمەوێت وەڵامی ئەم پرسیارە بە سادەیی بدەمەوە و دەڵێم: لەم دیمانەیەدا کارلسۆن بووەتە چەقی هەردوو لایەنی هاودژ لە کۆمەڵگەی ڕووسیادا، لایەنێکیان ئایدیۆلۆژیستە نیشتمانپەروەرەکانن، کە پشتگیریی پوتین و شەڕەکەی دەکەن لەگەڵ ئۆکرانیا، لایەنەکەی دیکە دەستەبژێریکن کە بانگەشە بۆ شێوازی ژیان و بەهاکانی ڕۆژئاوا دەکەن. ئایدیۆلۆژیستە نیشتمانپەوەرەکان زۆر بە سادەیی تاکەر کارلسۆن وەک یەکێک لە خۆیان لە قەڵەم دەدەن. کارلسۆن کەسێکی نەریتی و پارێزگار و ڕاستڕەوە و بەرهەڵستکارێکی بەهێزی لیبڕاڵیزمە. پێدەچێت ئەمە نوێنەری سەدەی بیست و یەکەمی ڕاسترەوەکان بێت بۆ قەیسەری ڕووسی، بەڵام هەتا ئێستا پوتین لە زۆر حاڵەتدا تێکەڵاویی نوێنەرە دیارەکانی سەربازگەی پارێزگارانی ڕۆژئاوای نەکردووە. بە ڕاشکاوی، ئێمە لە حاڵەتی شەڕداین لەگەڵ ڕۆژئاوای لیبڕاڵی، خۆ دەبێت لانیکەم پەیوەندییەکی دۆستانەمان لەگەڵ ڕۆژئاوای پارێزگار هەبێت. کارلسۆن کەسایەتییەکی سیمبولییە، لە ئێستا سیمبولێکی سەرەکیی ئەمریکایە کە سەرۆک جۆ بایدن و لیبڕاڵیزم و گلۆبالیزم ڕەت دەکاتەوە و، ئامادەیە دەنگ بە سەرۆکی پێشووی ئەمریکا (دۆناڵد ترەمپ) بدات. کارلسۆن و ئیلۆن ماسک و گریک ئابوت حاکمی تەکساس، کە لە ئاسۆدا وا دیارە، دەم و چاوە دیارەکانی شۆڕشی ئەمریکان بۆ کۆتاییهێنان بە لیبڕاڵیزم».

بەشێک لە وتاری «تاکەر و پوتین و کۆتایی جیهان»ی فەیلەسووفی ڕووسی ئەلکسەندەر دوجین، کە وەک کۆمێنتێک لەسەر دیمانەکەی تاکەر لەگەڵ پوتین نووسیویەتی.



**● تاکەر کاڕلسۆن . ڕۆکێتەکەی پوتین لە بەرەبەیانی هەینی جیهانی هەژاند**

تاکەر کارلسۆن، هەتا چەند مانگێك پێش ئێستا یەکێك بوو لە ڕێپۆرتەرە دیارەکانی تەلەفزیونی فۆکس نیوزی ئەمریکی و یەکێکە لەو ڕۆژنامەنووسانەی کە داکۆکیکاری سەختی ڕەفتارەکانی دۆناڵد ترەمپی سەرۆکی پێشووی ئەمریکا بوون، دوای ترەمپیش هەر لەسەر ڕەوتە توند و ڕاسترەوییەکەی بەردەوام بوو، بۆیە کەناڵی فۆکس نیوز لە کارەکەی دووریان خستەوە، بەڵام کارلسۆن لەسەر کارە ڕۆژنامەوانییەکانی خۆی بەردەوام بوو و ئەو دیمانەی ئەنجامی دەدا بە ڕێگەی تۆڕی «X» تویتەری پێشوو بڵاوی دەکردنەوە و، لەو ماوەیەی کە لە فۆکس نیوز دوور خرایەوە، بەرنامەی داڕشت، بۆ ئەوەی دیمانەیەکی تایبەت لەگەڵ فلادیمیر پوتینی سەرۆکی ڕووسیا ڕێك بخات. ئەمە لە کاتێکدا لە دوای شوباتی ۲۰۲۲ کە سوپای ڕووسیا هێرشی کردە سەر ئۆکرانیا، فلادیمیر پوتین هەموو ئەو دیدارانەی ڕەت کردووەتەوە کە لەلایەن کەناڵەکانی ڕۆژئاواوە داوای لێکراوە، بەڵام ئەمجارەیان داواکەی کاڕلسۆنی پەسەند کرد و لە ڕۆژی ٦ی شوبات لە کۆشکی کرملین دیمانەکەی لەگەڵ فلادیمیر پوتین ئەنجامدا و بەرەبەیانی ٩ی شوباتی ٢٠٢٤ لە پەیجی خۆی لە «X» بڵاوی کردەوە. هەر لە کاتژمێری یەکەمی بڵاوکردنەوەی ئەم دیمانەیە ١٠٠ ملیۆن کەس بینەری بوون و پاشانیش لەسەر ئاستی دەوڵەتی ڕووسیا ماریکتێنگێکی گەورەی بۆ کرا، تەلەفزیۆنی فەرمی ڕووسیا «RT» بە زمانی ئینگلیزی و عەرەبی لە هەمان کاتدا ڕاستەوخۆ بڵاویان کردەوە. ئەم دیمانە ڕۆژنامەوانییە بە ئاستێك کاردانەوە و دەنگدانەوەی لەناو تەواوی میدیاکانی جیهان بەگشتی و میدیاکانی ئەمریکا بەتایبەتی هەبوو، کە ڕەنگە ئەگەر پوتین ڕۆکێتێکی کیشوەربڕی ئاراستەی واشنتۆن، یان لەندەن

**فلادیمێر پوتین دەزانێت، باڵی توندڕەوی ڕاسترەوەکان لە ڕۆژئاوا و ئەمریکا لە هەڵکشاندایە و، ئومێدی گەورەی گەڕانەوەی دۆناڵد ترەمپە بۆ سەرۆکایەتیی ئەمریکا**

بکردایە، هێندە دەنگدانەوەی گەورەی نەدەبوو.

گرینگی و دەنگدانەوەی ئەم دیمانەیە لەوەدا بوو، کە دوای ئەنجامدانی دیمانەکە لە ٦ی ئەم مانگە، کاتەر کارڵسۆن تیوتێکی خۆی لەگەڵ وێنەیەکی پوتین لە تۆڕی «X» دانابوو، ناوەڕۆکی دیمانەکەی بەوە وەسف کردبوو: «ئامانجی سەرەکی لەم دیمانەیە ئەوەیە بۆ ئەوەی ڕۆژئاوا بەگشتی و کۆمەڵگەی ئەمریکا بەتایبەتی بزانن لە ڕووسیا و ئۆکرانیا چی ڕوو دەدات.»

فلادیمێر پوتینیش زۆر بە باشی ئەم دیمانەی قۆستەوە بۆ ئەوەی پەیامەکانی خۆی بۆ کۆمەڵگەکانی ڕۆژئاوا و ئەمریکا بنێرێت، بەتایبەتی کە زۆر بە ڕاشکاوی دەزانێت، باڵی توندڕەوی ڕاستڕەوەکان لە ڕۆژئاوا و ئەمریکا لە هەڵکشاندایە و، ئومێدی گەورەی فلادیمیر پوتینیش گەڕانەوەی دۆناڵد ترەمپە بۆ سەرۆکایەتیی ئەمریکا و بردنەوەی هەڵبژاردنەکانی مانگی تشرینی دووەمی ئەمساڵ (٢٠٢٤).

لەم دیمانەیەدا سەرۆکی ڕووسیا چەندین پەیامی گرینگی ئاراستەی ڕۆژئاوا و ئەمریکا کرد کە ئاماژە بە هەندێکیان دەکەین:

١- ڕۆژئاوا خەریکە دەگاتە ئەو قەناعەتەی شکستی ڕووسیا مەحاڵە.

٢- جیهان گۆڕانکاری بەسەردا دێت، ئەمە بە چاوپۆشین لەوەی تەنگژەی ئۆکرانیا چۆن کۆتایی دێت.

٣- دەبێت جیهان یەکگرتوو بێت و ئاسایش هاوبەش بێت و تەنیا خزمەتی یەك لای بە تەنیا نەکات.

٤- لە ئێستادا یاسا نێودەوڵەتیەکان پێویستیان بە هەمووارکردنەوە هەیە، لەبەر ئەوەی هاوسەنگیی هێز گۆڕانکاری بەسەردا هاتووە.

٥- ئابووریی ڕووسیا سەرباری هەموو سزاکان، ئێستاش ئابووریی یەکەمە لەسەر ئاستی ئەورووپا.

٦- پەیوەندیی نێوان من و دۆناڵد ترەمپ (سەرۆکی پێشووی ئەمریکا) پەیوەندییەکی کەسی بوو.

٧- ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا دەوڵەتێکی ئاڵۆزە ئاسان نییە بزانرێت کێ بڕیار دەدات، یان دروستی دەکات.

٨- بەکارهێنانی دۆلار لە تەنگژە سیاسییەکاندا گەورەترین هەڵەی ستراتیژیی سەرکردەکانی ئەمریکایە.

٩- من تێناگەم بۆچی دەبێت لەسەر سەربازانی ئەمریکی فەرز بکرێت، بێن و لە ئۆکرانیا بجەنگن کە هەزاران کیلۆمەتر لە وڵاتەکەی خۆیانەوە دوورە؟

١٠- زۆر قورسە بەسەر شەڕی پڕوپاگەندە لەسەر ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا سەرکەوتوو بین، لەبەر ئەوەی کۆنترۆڵی هەموو دەزگاکانی ڕاگەیاندنی لە جیهاندا کردووە.

١١- پێشنیارمان کرد، ڕووسیاش ببێتە بەشێك لە هاوپەیمانیی باکووری ئەتڵەسی، بەڵام داواکەیان ڕەت کردینەوە.

١٢- ئۆکرانیا دروستکراوی سەردەمی ستالینە .

١٣- من هیچ شتێکی مێژووییم دانەهێناوە، ئەوەی دەیڵێم دیکۆمێنتە و دەتاندەمێ.

١٤- ناتوانین داهێنانەکانی ئیلۆن ماسك «زیرەکیی دەستکرد» ڕابگرین، بەڵام دەتوانین تێگەیشتنی لەگەڵ دروست بکەین.

١٥- مانای ئۆکرانیا بە زمانی ڕووسی واتە ئەو خەڵکانەی لە دەوروبەری سنوورەکان دەژین.

١٦- ئێمە دانوستاندن ڕەت ناکەینەوە، بەڵام ئۆکرانیا تەنیا ئەوە جێبەجێ دەکات کە ئەمریکا داوای لێدەکات و ئامادە نییە بۆ کۆتاییهێنان بەم شەڕە.

ئەم پەیامانەی فلادمیر پوتین لەم کاتەدا، هاوکاتە لەگەڵ گرێدانی کۆنفرانسی ئاسایشی جیهانی میونشن کە لە ڕۆژانی ١٦-١٨ی ئەم مانگە لە ئەڵمانیا بەڕێوە دەچێت. ئەم کۆنفرانسە ساڵانە بە سەدان سەرۆك و سەرۆك حکومەت و بیرمەندان و بەرپرسانی جیهانی کۆدەکاتەوە و باس لە ئاشتی و ئاسایشی جیهان دەکەن، کە بێگومان شەڕی ڕووسیا و ئۆکرانیا سەرتۆپی هەموو باسەکانی ئەم کۆنفرانسە دەبن، هەموو جیهانیش گەیشتووەتە ئەو قەناعەتەی وەرچەرخانی گەورە بەڕێوەیە و هیچ لایەك ناتوانێت بەر بەو گۆڕانکارییانە بگرێت و پوتین گوتەنی «دەبێت ئەو وەرچەرخانانە بەڕێوەببرێن و هەوڵ بدرێت لێیان تێبگەین».

**بەکارهێنانی دۆلار لە تەنگژە سیاسییەکاندا گەورەترین هەڵەی ستراتیژیی سەرکردەکانی ئەمریکایە**

**زۆر قورسە بەسەر شەڕی پڕوپاگەندە لەسەر ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا سەرکەوتوو بین، لەبەر ئەوەی کۆنترۆڵی هەموو دەزگاکانی ڕاگەیاندنی لە جیهاندا کردووە**

**ناتوانین داهێنانەکانی ئیلۆن ماسك «زیرەکیی دەستکرد» ڕابگرین، بەڵام دەتوانین تێگەیشتنی لەگەڵ دروست بکەین**

**هەموو جیهانی گەیشتووەتە ئەو قەناعەتەی وەرچەرخانی گەورە بەڕێوەیە و هیچ لایەک ناتوانێت بەر بەو گۆڕانکارییانە بگرێت**

● **شەڕەکان دووبارە سیستمی جیوپۆلتیکی جیهان دادەڕێژنەوە**

**چۆن سەقامگیری بۆ ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست دەگەڕێتەوە؟**

فلادمیر پوتین، لە دیمانەکەیدا بە جیهانی ڕاگەیاند، جارێکی دیکە ئەوروپای دوای ٢٠ی شوباتی ٢٠٢٢، ئەوروپای پێش ئەو بەروارە نابێت و هاوسەنگیی هێز گۆڕانکاری بەسەردا هاتووە و، دەبێت یاسا نێودەوڵەتییەکان هەموار بکرێنەوە و هاوپەیمانیی باکووری ئەتڵەسیش بژارەی لەبەر دەستە، ددان بە خاکە تازەکانی ڕووسیادا بنێت و جیهانێکی دیکە بونیاد بنێننەوە.

لەسەر ئاستی شەڕ و تەنگژەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستیش، هەر دوو ئەکادیمیستی پسپۆڕ لەسەر ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، (ماریا فەنتابی کە سەرۆکی پرۆگرامەکانی دەریای ناوەڕاست، ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و پرۆگرامەکانی ئەفریقایە، لە سەنتەری کاروباری نێودەوڵەتی لە ڕۆما، هەروەها ڤەلی نەسر کە پرۆفیسۆری پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکانە لە ئامۆژگای ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست لە زانکۆی جۆن هۆپکینز و لەمەش زیاتر لە ماوەی ساڵانی ٢٠٠٩-٢٠١١ گەورە ڕاوێژکاری نوێنەری تایبەتیی ئیدارەی ئەمریکا بووە بۆ پەیوەندییەکانی پاکستان و ئەفغانستان)، ئەم دوو پسپۆڕە گەورەیە لە دوایین ژمارەی گۆڤاری فۆرین ئەفێرز، توێژینەوەیەکیان بە ناونیشانی «ئەو شەڕەی سەرلەنوێ ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست دروست دەکاتەوە. ئەمریکا چۆن دەتوانێت لەناو ئەم هەرێمە وەرچەرخاوەدا سەقامگیری بکاتەوە؟»

ئەم دوو پسپۆڕە لەم توێژینەوەیەدا زۆر بە تەواوی سکێچە تازەکانی ئەو وەرچەرخانەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستیان کێشاوە و ڕاشکاوانە ئەو ڕاستییانەیان خستووەتە بەردەم ئیدارەی ئێستای ئەمریکا و جەخت لەوە دەکەنەوە «ئەو دید و تێڕوانین و ستراتیژەی ئەمریکا پێش شەڕی ٧ی تشرینی یەکەمی ٢٠٢٣ی نێوان حەماس و ئیسرائیل لە غەززە، بۆ چارەسەرکردنی کێشەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست هەیبوو و، پێی وابوو دەتوانن بە گرێدانی هاوپەیمانیی سەربازی لەگەڵ عەرەبستانی سعودی و گرێدانەوەی ئەم هاوپەیمانییە بە ئاساییکردنەوەی پەیوەندییەکانی سعودیە بە شێوەیەکی فەرمی لەگەڵ ئیسرائیل، پاشانیش دروستکردنی ڕێڕەوی بازرگانی بە گرێدانەوەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بە هیندستانەوە لە ڕێگەی ئیسرائیل و سعودیەوە و، پاشانیش هەوڵەکانی بۆ چارەسەرکردنی کێشەی فەلەستین، ئەوا لە دوای ٧ی تشرینی یەکەمی ٢٠٢٣، هیچ کام لەو کێشە و گرفتانە بەو ستراتیژە کۆنە چارەسەر ناکرێت و دەبێت ئەمریکا خۆی بۆ ئامادەکردنی دیدوتێڕوانین و ستراتیژیەتی تازە ئامادە بکات، بۆ ئەوەی بتوانێت لەگەڵ ئەم ناوچە گڕگرتووەدا مامەڵە بکات».

لایەنێکی دیکە لەناو ئەم وەرچەرخانەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست کە سیاسەت و ستراتیژیەتی ئەمریکای دوای ٧ی تشرینی یەکەمی ٢٠٢٣ پەك خستووە، ئەوەیە کە بۆ یەکەمین جارە لە دوای دامەزراندنی کۆماری ئیسلامیی ئێرانەوە، بەرەیەکی ئیسلامیی سوننە و شیعەی یەکگرتوو لەسەر شەڕی غەززە دروست دەبێت و سیاسەتی ڕەهای ئەمریکا بۆ پشتگیریی ئیسرائیل ڕەت دەکەنەوە، ئەمەش وەك پرۆفیسۆر تۆبی ماتیشن، ئوستادی ئیسلامی گلۆباڵی لە زانکۆی بیرستۆڵ لە وتارێکدا بە ناونیشانی «چۆن شەڕی غەززە یەکگرتنی لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست دروست کردووە؟ . گەورەترین تەحەددی بۆ ئەمریکا ئەو بەرە تازە ئیسلامییەیە کە لە ناوچەکەدا دروست بووە».

پرۆفیسۆر ماتیس دەڵێت: لە ساڵانی حەفتاکانی سەدەی ڕابردوو و لە ڕێگەی ئەو فەلەستینییانەی دوای شەڕی ساڵی ١٩٦٧ بۆ لوبنان ئاوارە بوون، لە ڕێگەی شیعەی لوبنانەوە پەیوەندییەکیان لەگەڵ ئاراستەی ئایەتوڵڵا خومەینی بۆ دامەزراندنی کۆماری ئیسلامی دروست کرد، هەر بۆیە دوای ئەوەی ڕژێمی شا ڕووخا و ئایەتوڵڵا خومەینی گەیشتەوە تاران، زۆر بە گەرمی پێشوازی لە خوالێخۆشبوو یاسر عەرەفات سەرۆکی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی فەلەستین و ئیخوانەکان کرد و، بۆ ڕۆژی پاشتر باڵیۆزخانەی ئیسرائیلی تەسلیمی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی فەلەستین کرد، بۆ ئەوەی باڵیۆزخانەی فەلەستین لە کۆماری ئیسلامیدا

**فلادمیر پوتین، لە دیمانەکەیدا بە جیهانی ڕاگەیاند، جارێکی دیکە ئەوروپای دوای ٢٠ی شوباتی ٢٠٢٢، ئەوروپای پێش ئەو بەروارە نابێت و هاوسەنگیی هێز گۆڕانکاری بەسەردا هاتووە و، دەبێت یاسا نێودەوڵەتییەکان هەموار بکرێنەوە**

**یەکەمین جارە لە دوای دامەزراندنی کۆماری ئیسلامیی ئێرانەوە، بەرەیەکی ئیسلامیی سوننە و شیعەی یەکگرتوو لەسەر شەڕی غەززە دروست دەبێت و سیاسەتی ڕەهای ئەمریکا بۆ پشتگیریی ئیسرائیل ڕەت دەکەنەوە**

**هەتا ئێستا پاپۆڕی «گەلاکسی لیدەر» و هەموو سەرنشینەکانی لەلایەن حوسییەکانەوە لە یەمەن دەستبەسەرن، ئەمەش کاریگەری لەسەر ١٢٪ی بازرگانیی نێودەوڵەتی لە دەریای سوور و کەنداوی سویس کردووە**

دابنێن، بەڵام لەگەڵ هەڵگیرسانی شەڕی عێراق – ئێران، ڕاستەوخۆ یاسر عەرەفات و بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی فەلەستین لایەنگریی خۆیان بۆ عێراق و ئەو دەوڵەتە عەرەبییانە پیشاندا کە لایەنگری عێراق بوون لە شەڕەکەدا و بە ئاشکرا ڕایگەیاند کە پشتگیریکردن لە عێراق لەپێشترە وەك لە لایەنگیرکردنی ئێران لەو شەڕەدا، لەو کاتەوە و تا ئێستا بارودۆخێك نەهاتووەتە پێشەوە کە لەسەر پرسێکی دیاریکراو

لەسەر ئاستی ناوچەکە پیادەی دەکات، زۆر لە سیاسەت و ستراتیژیەتی ئەمریکا سەرکەوتووتر بووە، کۆماری ئیسلامیی ئێران جیا لەوەی زۆر بە سەرکەوتوویی توانی ئەو ئەڵقەی گەمارۆ دیپلۆماتییە بشکێنێت کە ئەمریکا ئامانجی ئەوە بوو لە ڕێگەی دەوڵەتە هاوپەیمانەکانی لە کەنداو و وڵاتانی عەرەبی دروستی بکات، ئێستا کۆماری ئیسلامیی ئێران باڵیۆزخانەی لە ڕیاز هەیە و بەپێچەوانەوەش سعودیە



شیعە و سوننە لەسەر یەك هەڵوێست بن.

لەسەر شێوازی ناپەسەند و هەڵەی سیاسەت و ستراتیژیەتی ئەمریکا لەگەڵ دەوڵەتە هاوپەیمانەکانی لە ناوچەکەدا، پسپۆڕان ئاماژە بەوە دەکەن، ئەمریکا نەیتوانیوە بە باشی مامەڵە لەگەڵ هاوپەیمانەکانی بکات و، وەك پێویست پشتگیرییان بکات و بیانپارێزێت، لەمەش زیاتر پسپۆڕان جەخت لەوە دەکەنەوە، ئەو سیاسەت و ستراتیژەی کۆماری ئیسلامی

باڵیۆزخانەی لە تاران هەیە، لەمەش زیاتر لەسەر بانگهێشتنامەی جێنشینی پادشای سعودیە (محەمەد بن سەلمان)، ئیبراهیم ڕەئیسی سەرۆك کۆماری ئێران سەردانی ڕیاز دەکات و بەشداری لە کۆنگرەی دەوڵەتانی ئیسلامی دەکات، سعودیەش ئێستا مەترسیی هێرشی ڕۆکێتەکانی چەکدارە حوسییەکانی لەسەر نەماوە، کە کێڵگە و دامەزراوەکانی سعودیەی دەکردە ئامانج. هەر لە ڕێگای

**بەرەی مقاوەمەی ئیسلامی هێرشەکانیان چڕتر کرد و بە درۆن پێگەیەکی سەربازیی ئەمریکایان لەسەر هەر سێ سنووری «عێراق و سووریا و ئوردن» کردە ئامانج، بەڵام کاردانەوەی ئەمریکا لەگەڵ ئەوەی چەندین ڕۆژی پێ چوو، بەڵام دیسان ئەو پەیامەی دایەوە بە ئێران، کە ئێمە نامانەوێت ڕاستەوخۆ لەگەڵ ئێران ڕووبەڕوو ببینەوە**

**ئەمریکا تەنیا بە پشتگیریی ڕەهای بۆ ئیسرائیل بارودۆخەکەی بۆ ڕاست ناکرێتەوە، بەڵکو پێویستی بەوەیە هاوپەیمانەکانی هاوبەشی بن بۆ ئەوەی پێکەوە بتوانن ئەو بارە قورسە ڕاست بکەنەوە**

**دەبێت ئەمریکا زۆر بە ڕاشکاوی و ڕوونی دیدوتێڕوانینی تازەی بۆ ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستی دوای کۆتاییهاتنی شەڕی غەززە و ئیسرائیل بۆ جیهان و گەلانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بخاتە ڕوو**

سعودیەشەوە، دەوڵەتی ئیماراتیش پەیوەندییەکانی لەگەڵ ئێران ئاسایی بووەتەوە، لەمەش زیاتر جیا لەوەی ئێران پەیوەندییەکانی لەگەڵ هەموو دەوڵەتانی کەنداو ئاسایی بووەتەوە، خەریکە بە ڕێگەی دیالۆگ جۆرێك لە لێکتێگەیشتن لەگەڵ ئوردون و میسریش دروست بکات و پەیوەندییەکانی لەگەڵ ئەوانیش ئاسایی بکاتەوە و، لەسەر ئاستی هەرێمیش پەیوەندییەکانی لەگەڵ تورکیاش ئاسایی بووەتەوە.

لە بەرانبەردا، سیاسەت و ستراتیژیەتی ئەمریکا لە ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست پاشەکشەی کردووە و، جیا لەوەی هیچ لە ئامانجەکانی خۆی بەدەست نەهێناوە، ئێستا خەریکە لە بەردەم میلیشیا چەکدارەکانی ناوچەکە چۆك دادەدات لەبەر ئەم هۆکارانە:

١- ڕاستە لە شەڕی ٧ی تشرینی یەکەمی ٢٠٢٣ دا، چەکدارانی حەماس دەستپێشخەر بوون و هێرشیان کردووەتە سەر ئیسرائیل و زیاتر لە ١٢٠٠ ئیسرائیلی کوژران و ٤٠٠ کەسیشیان بە بارمتە برد، بەڵام هەڵوێستی ئەمریکا بە پشتگیریی ڕەهای بۆ ئیسرائیل و ڕێگەنەدان بە چوونی خزمەتگوزاریی فریاگوزاری بۆ ئەو خەڵکە سڤیلەی لەم شەڕەدا ئاوارە بوون، هەروەها توندیی هێرشەکانی ئیسرائیل بۆ سەر خەڵکی سڤیلی غەززە، بە تەواوەتی هەڵوێستی دەوڵەتانی عەرەبی بە ئاستێك ئیحراج کردووە، کە نەزانن چۆن مامەڵە لەگەڵ ڕای گشتیی ناوخۆی وڵاتەکەیان بکەن، ئەمەش بووەتە هۆکاری ئەوەی ئەو دەوڵەتانەشی کە پەیوەندیی خۆیان لەگەڵ ئیسرائیل ئاسایی کردووەتەوە، ناچار بن باڵیۆزەکانی خۆیان لە تەلئەبیب بانگهێشت بکەنەوە و باڵیۆزەکانی ئیسرائیلیش بنێرنەوە وەك ئەوەی ئوردن و بەحرێن کردیان.

٢- سیاسەت و ستراتیژیەتی هەڵەی ئەمریکا بۆ مامەڵەکردن لەسەر هەڕەشە و مەترسییەکان، بووەتە هاندەری ئەو چەکدار و میلیشیایانەی کە ئێران پشتگیرییان دەکات و، شێوازی وەڵامدانەوەیان بە شێوەیەك کەمتەرخەمییە کە بووەتە هۆکاری ئەوەی گرووپێکی میلیشیایی وەك حوسییەکان ئاسایشی دەریای سوور بخەنە مەترسییەوە، کە تا ئێستا هێرشیان کردووەتە سەر ٣٠ پاپۆڕی بازرگانی، هەروەها پاپۆڕێکیشیان بە ناوی «گەلاکسی لیدەر» دەست بەسەردا گرتووە، کە ئاڵای دوورگەی ئەلبەهامای لەسەر بووە و هەتا ئێستا پاپۆڕەکە و هەموو سەرنشینەکانی لەلایەن حوسییەکانەوە لەیەمەن دەستبەسەرن، ئەمەش کاریگەری لەسەر ١٢٪ی بازرگانیی نێودەوڵەتی لە دەریای سوور و کەنداوی سویس کردووە، کاردانەوەکانی ئەمریکاش بە ڕادەیەك کەمتەرخەمی پێوە دیارە، کە ناتوانێت دەستبەجێ وەڵام بداتەوە، بۆیە ئەو هێرشانەی کە دەیکاتە سەر حوسییەکان کاریگەریی ئەوتۆیان نەبووە.

٣- لەسەر ئاستی مامەڵەکردنی لەگەڵ ئەو چەکدار و میلیشیانەش کە ناویان لە خۆیان ناوە «بەرەی مقاوەمەی ئیسلامی»، دیسان ئەمریکا سەرکەوتوو نەبووە، لەمەشدا وێڕای ئەوەی چەندین پەیامی فەرمی بۆ ئێران ناردووە، بەوەی ئەگەر هێرشەکانتان زیان بە ئەمریکییەکان نەگەیەنێت، ئەمریکا لەسەر دۆست و هاوپەیمانەکانی شەڕ ناکات، وەك ئەوەی بەرانبەر ڕۆکێتە بالیستیکییەکانی ئێران بۆ سەر هەولێر بینیمان کە لەگەڵ ئەوەی چەندین شەهیدی لێکەوتەوە و لەناو شەهیدەکاندا ئافرەت و منداڵی ساوای تێدا بوو، ئەمریکا بەیانێکی دەرکرد کە هیچ بەرژەوەندییەکی ئەوان زیانی پێ نەکەوتووە، بۆیە بێدەنگ دەبن، بەڵام لە بەرانبەردا بەرەی مقاوەمەی ئیسلامی هێرشەکانیان چڕتر کرد و بە درۆن پێگەیەکی سەربازیی ئەمریکایان لەسەر هەر سێ سنووری «عێراق و سووریا و ئوردن» کردە ئامانج، بەڵام کاردانەوەی ئەمریکا لەگەڵ ئەوەی چەندین ڕۆژی پێ چوو، بەڵام دیسان ئەو پەیامەی دایەوە بە ئێران، کە ئێمە نامانەوێت ڕاستەوخۆ لەگەڵ ئێران ڕووبەڕوو ببینەوە.

ئەم بارودۆخە شڵەژاوەی ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست پێیدا تێدەپەڕێت، ئەمریکا تەنیا بە پشتگیریی ڕەهای بۆ ئیسرائیل بارودۆخەکەی بۆ ڕاست ناکرێتەوە، بەڵکو پێویستی بەوەیە هاوپەیمانەکانی هاوبەشی بن بۆ ئەوەی پێکەوە بتوانن ئەو بارە قورسە ڕاست بکەنەوە، لەم ئاراستەیەدا وەك پسپۆڕان و دیپلۆماتکاران جەختی لەسەر دەکەن، ئەگەر ئەمریکا بەپەلە چەند هەنگاوێکی گرینگ هەڵنەگرێت، ئەوا چۆن لە سەدەی بیستەم ڤێتنامی دۆڕاند، لە

سەدەی بیست و یەکیشدا ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست دەدۆڕێنێت، ئەو هەنگاوانە بریتی دەبن لە:

١- دەبێت ئەمریکا زۆر بە ڕاشکاوی و ڕوونی دیدوتێڕوانینی تازەی بۆ ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستی دوای کۆتاییهاتنی شەڕی غەززە و ئیسرائیل بۆ جیهان و گەلانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بخاتە ڕوو، جەخت بکاتەوە لەسەر ئەوەی دوای تەواوبوونی ئەم شەڕە پرۆسەی ئاشتیی فەلەستین و ئیسرائیل لەسەر بنەمای دوو دەوڵەت دەست پێدەکاتەوە، دەستپێکردنەوەی ئەم پرۆسەیەش بە بەشداریی تەواوی ئەو دەوڵەتە عەرەبییانە دەبێت، کە پەیوەندییان هەیە، یان لە هەوڵی ئەوەدان پەیوەندییەکانیان لەگەڵ ئیسرائیل ئاسایی بکەنەوە، لە سەرووی هەموویانەوە عەرەبستانی سعودی ڕۆڵی گەورە و دیاری هەبێت لە سەرخستنی پرۆسەی ئاشتی لە چوارچێوەی دوو دەوڵەتی ئیسرائیل و فەلەستیندا.

٢- دەبێت هەوڵ بدات بە ڕێگەی دیپلۆماتییەتی نهێنی، عەرەبستانی سعودی کێشەی بەرنامە نیوکلیارییەکەی ئێران لەگەڵ ئەمریکا و ئاژانسی نێودەوڵەتیی وزەی ئەتۆم چارەسەر بکات، بۆ ئەوەی ئێران لەژێر گەمارۆکانی بێتە دەرەوە و مەترسیی بەرنامە نیوکلیارییەکەی ئێرانیش لەغاوگیر بکرێت.

٣- دەبێت دیدوتێڕوانین و سیاسەتێکی تازەی بەرانبەر عێراق هەبێت وەك دەوڵەت، گرینگە گوشار و کارتەکانی خۆی بەکار بهێنێت بۆ ئەوەی عێراقییەکان (کورد و شیعە و سوننە و پێکهاتەکانی دیکە) خۆیان لە چوارچێوەی دەستووری عێراقی ٢٠٠٥ دەوڵەتەکەی خۆیان بونیاد بنێننەوە و دەستوور کلیلی چارەسەری کێشەکانی عێراق بێت. ئەمریکا بە چارەسەرکردنی کێشەی نێوان پێکهاتە جیاوازەکانی عێراق و بونیادنانەوەی دەوڵەتێکی هاوچەرخی فیدراڵی لە عێراقدا، کێشەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست چارەسەر دەکات و ڕێبەرایەتیی ناوچەکە هەر لە دەستی خۆیدا دەمێنێتەوە و، پەیوەندییەکی ئاساییشی لەگەڵ ئێران دەبێت، ئەو کات دەستی کراوە دەبێت، بۆ ئەوەی مامەڵە لەگەڵ کێشەی دەوڵەتانی ئاسیا و مەترسییەکانی چینیش بکات.

● **هەرێمی کوردستان وەك کاراکتەرێکی نادەوڵەتیی گرینگ بۆ گێڕانەوەی سەقامگیری بۆ عێراق و ناوچەکە**

ئەزموونی سەرکەوتووی بەڕێوەبردنی دەوڵەت و پێکەوەژیانی ئاشتییانەی نێوان نەتەوە جیاوازەکان و یەکخستنی جیاوازییە نەتەوەیی و ئایینییەکان بۆ پەرەپێدانی کۆمەڵگە، پەیوەندی بەوەوە نییە ئەو قەوارەیە دەوڵەتێکی گەورەیە، یان بچووك، یان ئەو قەوارەیە دیفاکتۆیە و ئەمری واقیع شەرعییەتی پێ داوە، یان قەوارەیەکە دەوڵەت شەرعییەتی پێ نەداوە، بەڵکو بەو واقیعە پێوانە دەکرێت، کە ئەقڵی دەوڵەتمەداری ئەو ئەزموونە لەو جوگرافیایەدا دروستی دەکات و سەرکەوتوو بووە، کە لە جوگرافیای دراوسێکانیدا ئیمکانیەتی زۆر گەورەتریان لەبەر دەستە و ئەزموونی شکستخواردوویان بەرهەمهێناوە.

لەم چوارچێوەیەدا ئەزموونی سەرکەوتووی بونیادنانی دەوڵەت، یان بونیادنانی نەتەوە، لە زۆر ڕووەوە لە ئەزموونی سەرکەوتووی کیمیاگەرێکی ناو لابۆرێکی بچووك دەچێت، ئەگەر ئەزموونی ناو ئەو لابۆرە بچووکە سەرکەوتوو بوو، ئەوا مرۆڤایەتی هەمووی لێی سوودمەند دەبێت. هەر بۆ نموونە ئەزموونی سەنگافورا کە ڕووبەری ئەو وڵاتە تەنیا ٧١٠ کیلۆمەتر دووجایە و ژمارەی دانیشتووانی تەنیا پێنج ملیۆن کەسن کە (نیوەی زیاتری پەنابەری چینی، مەلاوی، هیندی، ئاسیاوییەکانی قەوقازن)، ئەم ئەزموونە بە ئاستێك سەرکەوتوو بوو، هەموو جیهانی سەرسام کردبوو و گەیشتبووە ئەوەی کە هلمۆت کۆڵ ڕاوێژکاری هەرە سەرکەوتووی ئەڵمانیا کە توانی ئەڵمانیایەك پێبگرێتەوە، بەرانبەر بەو ئەزموونە سەرکەوتووە نووسیویەتی «ئەزموونی سەرکەوتووی سەنگافورا هونەرێکی تازەی دەوڵەتداریی فێرکردین»، یان دیپلۆماتێکی گەورەی وەك هنری کیسنجەر کە بە دیپلۆماتی تەواوی سەدەی بیست و یەکەم پێناسە دەکرێت، نووسیویەتی «گرینگە بتوانرێت ئەم ئەزموونە لە هەموو دەوڵەتانی جیهان دووبارە بکرێتەوە».

ئەگەر لەناو چوارچێوەی تەواوی کێشەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا کە بە پلەی یەکەم نەبوونی گیانی لێبوردەیی و پێکەوە ژیانی

**ئەمریکا بە چارەسەرکردنی کێشەی نێوان پێکهاتە جیاوازەکانی عێراق و بونیادنانەوەی دەوڵەتێکی هاوچەرخی فیدراڵی لە عێراقدا، کێشەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست چارەسەر دەکات و ڕێبەرایەتیی ناوچەکە هەر لە دەستی خۆیدا دەمێنێتەوە**

**ئەزموونی سەرکەوتووی بەڕێوەبردنی دەوڵەت و پێکەوەژیانی ئاشتییانەی نێوان نەتەوە جیاوازەکان و یەکخستنی جیاوازییە نەتەوەیی و ئایینییەکان بۆ پەرەپێدانی کۆمەڵگە، پەیوەندی بەوەوە نییە ئەو قەوارەیە دەوڵەتێکی گەورەیە، یان بچووك**

**ئەزموونی سەرکەوتووی بونیادنانی دەوڵەت، یان بونیادنانی نەتەوە، لە زۆر ڕووەوە لە ئەزموونی سەرکەوتووی کیمیاگەرێکی ناو لابۆرێکی بچووك دەچێت، ئەگەر ئەزموونی ناو ئەو لابۆرە بچووکە سەرکەوتوو بوو، ئەوا مرۆڤایەتی هەمووی لێی سوودمەند دەبێت**

ئاشتییانەی نێوان تێکڕای نەتەوە و ئایینە جیاوازەکانی ئەم جوگرافیایە کە پێی دەڵێن «ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست»، ئەوا ئەقڵی دەوڵەتمەداری کە ئەزموونی هەرێمی کوردستانی سەرخستووە، دەبێتە کلیلی چارەسەری هەموو کێشەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و، لەم ڕووەوە بۆ ئەمریکا و دەوڵەتانی دیکەی ڕۆژئاوا زۆر گرینگە پشتگیری لە مانەوەی قەوارەی هەرێمی کوردستان بکەن و هاوکاری بکەن بۆ ئەوەی کێشەکانی لەگەڵ عێراق چارەسەر بکرێن، بەم هەنگاوەیان هەرێمی کوردستان دەبێتە «کلیلی سەقامگیریی عێراق»، سەرەتا سەرکەوتووەکانی ئەم ئەزموونە لە جوگرافیایەکی فرەیی نەتەوەیی و ئایینی و مەزهەبی جیاوازیی دەوڵەتێك دەردەکەوێت کە ناوی عێراقە و لە ئێستادا بەشێکی گرینگی کێشەکانی ڕۆژهەڵاتە و، ئەگەر عێراق بووە دەوڵەتێکی سەقامگیری هاوبەشی مۆدێرن، ئەوا عێراقیش دەبێت بە کلیلی کردنەوەی کێشەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بە چارەسەرکردنی کێشەی فەلەستین و ئیسرائیلیشەوە.

ئەوەی لەناو گێژاوی ئەم وەرچەرخانە گەورەیە دەکەوێتە سەرشانی سەرۆك بارزانی و دامەزراوەکانی قەوارەی هەرێمی کوردستان وەك قەوارەیەکی دیفاکتۆی دادانپێدانراو لەناو دەستووری عێراقدا، ئەوەیە وەك بەیدەبا فەیلەسوفی بەناوبانگی هیندستانی لە کتێبی «کلیلە و دیمنە» ئاماژەی پێ کردووە، ئەوەیە «لە بەردەمی ڕەشەبادا گرینگە مرۆڤ سرووشتی دارێکی گەورە وەرنەگرێت کە زۆر ڕەقە، بەڵکو سرووشتی گیایەك وەربگرێت، کە زۆر نەرمە، ڕەشەباکە دەتوانێت دارەکە بشکێنێت و لە ڕیشەوە هەڵیبکێشێت، بەڵام نەرمیی گیاکە کاریگەریی ڕەشەباکە تێدەپەڕێنێت». بۆ ئەوەی لە مەبەستەکەی بەیدەبا باش تێبگەن، ئەم پەیامەی ڕاستەخۆ ئاراستەی مرۆڤ نەکردووە، بەڵکو وەك گفتوگۆی نێوان گیانداران دایڕشتووە.

ئەو «نەرمییەی گیا» کە «بەیدەبا» باسی دەکات، مانای تەسلیمبوون و ملکەچکردن نییە بۆ ئیرادەی ڕەشەباکە، بەڵکو هونەرێکە بۆ تێپەڕاندنی کاریگەریی ڕەشەباکە و، بەمەش ڕەشابەکە تەواو دەبێت و گیا نەرمەکەش وەك



خۆی دەمێنێتەوە، بە دیویکی دیکە ئەگەر ئەم نەرمی نواندنە ببینە ناو بەرەکانی شەڕ و ڕووبەڕووبوونەوەش، ئەوا نەرمی نواندن واتە دروستکردنی سەنگەر بۆ ئەوەی بتوانێت درێژە بە شەڕەکە بدەیت و مقاوەمەت بکەیت و کاریگەریی چەکەکانی دوژمن بەتاڵ بکەیتەوە. وەك خوالێخۆشبوو د.ڕۆژ نووری شاوەیش جارێکیان لە کۆبوونەوەیەکدا کە بەرپرسی دەزگاکانی ڕاگەیاندنیش ئامادە بوون، ڕووی کردە فەرماندەیەکی سەربازیی زۆر قارەمان و ڕەخنەی لێگرت و پێی گوت: «دەزانم زۆر ئازایت، بەڵام خۆت بپارێزە با لەدەستمان نەچیت و زۆر پێویستمان پێتە»، ئەم قسەیەی خوالێخۆشبوو د.ڕۆژ، دەقاودەق ئەو نەرمییە پێناسە دەکاتەوە کە بەیدەبا دەیەوێت پێمان بڵێت.

لە دوای ساڵی ٢٠١٤وە هەتا ئێستا کە ١٠ ساڵ تەواو دەکات، هەرێمی کوردستان لەبەردەم ڕەشەبایەکی زۆر بەهێزدا خۆی گرتووە و بەرگەی گەمارۆی ئابووری و بڕینی پشکی هەرێمی کوردستان لە بودجەی عێراق و هێرشی تیرۆریستانی داعش بۆ سەر کوردستان گرتووە. دەستی پێکردووە، ئەم ڕەشەبایە توندە بەردەوام دەرهاویشتەی توندتری بەدوای خۆیدا هێناوە، بەڵام ئەقڵانییەت و واقیعبینی و لۆژیکی سەرۆك بارزانی و شێوازی مامەڵەکردنی لەگەڵ ڕووداو و پێشهاتەکان وای کرد، هەرێمی کوردستان بمێنێتەوە، تەنانەت هەتا تیرۆریستانی داعش هێرشیان نەکردە سەر هەرێمی کوردستان و کۆمەڵکوژیی خوشك و برا ئێزدییەکانیان نەکرد، سەرۆك بارزانی بڕیاری شەڕی نەدا، هەروەها هەتا هێزەکانی سوپا و حەشدی شەعبی لە ١٦ی ئۆکتۆبەری ٢٠١٧ هێرشیان نەکردە سەر کوردستان، سەرۆك بارزانی بڕیاری شەڕی نەدا، ئەوجا بڕیاری ئەم شەڕانە بۆ ڕەتکردنەی زوڵم و بەرگریکردن بوو لە مەزڵووم، مەزڵوومییەت بووە ماف، ماف هێزی دروست کرد، نەك هێز ماف دروست بکات.

لە ناو مێژووی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کوردستاندا، ڕەشەبا توندەکان وەرچەرخانی گەورەی سیاسییان بەدوای خۆیاندا هێناوە، لە هەموو قۆناغەکانی ئەو وەرچەرخانانە، بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کوردستان قۆناغێك چووەتە پێشەوە. هەر بۆ نموونە، لە دوای جەنگی یەکەمی جیهانی شێخ مەحموودی حەفید، مەملەکەتی کوردستانی لە سلێمانی ڕاگەیاند، لەدوای جەنگی دووەمی جیهانی پێشەوا قازی محەمەد لە چوارچرای مەهاباد کۆماری کوردستانی ڕاگەیاند، لە دوای کۆتاییهاتنی شەڕی سارد، بەرەی کوردستانی هەرێمی کوردستانی دامەزراند، لەدوای شەڕی ئازادکردنی عێراق، هەرێمی کوردستان بووە بەشێك لە دەستووری عێراق و کێشەی ناوچە دابڕاوەکانی دەرەوەی هەرێم بووە ماددەیەکی ئەو دەستوورە، کە ماددەی ١٤٠ـە، لە دوای کۆتاییهاتنی شەڕی تیرۆریستانی داعش، پرۆسەی ڕیفراندۆم ئەنجام درا، ڕاستە غەدریان لێکردین و ئیرادەی ئازادی خەڵکی کوردستانیان ڕەت کردەوە، بەڵام بۆ یەکەم جار بوو لە مێژووی عێراقدا بە دەنگی خەڵکی ئازادی کوردستان بە جیاوازی ئایین و نەتەوەکانەوە سنووری ڕاستەقینەی هەرێمی کوردستانیان هەر لە شنگال تا مەندلی دیاری کرد، ئەم ئیرادەیە ئەگەر بە زەبری هێز نەهێڵدرێت، جێبەجێ بکرێت، ئەوا ئەو نەخشەیەی خەڵکی کوردستان بە دەنگدانی ئازادی سەرووی ٩٢٪ دیاری کرد، نەخشەیەکە هەقێکی لە پشتەوەیە کە ئەو هەقە لە سات و کاتی خۆیدا ئیرادەیەك دروست دەکات و ئەو هێزە زاڵمە تێکدەشکێنێت.

لەناو ئەو ڕەشەبا توندەی ئەمجارەش ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستی گرتووەتەوە، وەرچەرخانی گەورە بەدوای خۆیدا دەهێنێت، وەك بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کوردستان و وەك قەوارەی هەرێمی کوردستان لەناو هەموو وەرچەرخانەکاندا پریشکێکمان بەر کەوتووە، بەڵام دوای تەواوبوونی ئەو ڕەشەبا توندە، هیوایەکی تازە بۆ بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کوردستان و قەوارەی سیاسیی هەرێمی کوردستان هاتووەتە پێشەوە، هەر بۆیە لەناو ئەو ڕەشەبا توندە و ئەو هەورە ڕەشەی ئاسمانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستی داپۆشیوە، ئینگلیز وتەنی «هەورەکان چەند ڕەش بن، هێڵی سپیان تێدا دەردەکەوێت» ئەو هێڵە سپیانەی لەناو ئەو هەورە ڕەشەی ئێستای ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست دەردەکەوێت، ئەو هیوا تازەیە دەبێت کە لە لۆژیکی سەرۆك بارزانیدا دەردەکەوێت.

**ئەو «نەرمییەی گیا» کە «بەیدەبا» باسی دەکات، مانای تەسلیمبوون و ملکەچکردن نییە بۆ ئیرادەی ڕەشەباکە، بەڵکو هونەرێکە بۆ تێپەڕاندنی کاریگەریی ڕەشەباکە و، بەمەش ڕەشابەکە تەواو دەبێت و گیا نەرمەکەش وەک خۆی دەمێنێتەوە**

**ئەقڵانییەت و واقیعبینی و لۆژیکی سەرۆک بارزانی و شێوازی مامەڵەکردنی لەگەڵ ڕووداو و پێشهاتەکان وای کرد، هەرێمی کوردستان بمێنێتەوە**

**هەتا تیرۆریستانی داعش هێرشیان نەکردە سەر هەرێمی کوردستان و کۆمەڵکوژیی خوشک و برا ئێزدییەکانیان نەکرد، سەرۆک بارزانی بڕیاری شەڕی نەدا**

**ئەو نەخشەیەی خەڵکی کوردستان بە دەنگدانی ئازادی سەرووی ٩٢٪ دیاری کرد، نەخشەیەکە هەقێکی لە پشتەوەیە کە ئەو هەقە سات و کاتی خۆیدا ئیرادەیەک دروست دەکات و ئەو هێزە زاڵمە تێکدەشکێنێت**



**سیروان محەمەد**

بریکاری وەزارەتی پلاندانانی حکومەتی هەرێمی کوردستان بۆ گوڵان:

# زۆر لایەنی سیاسیی عێراقی بەپێی دەستوور و یاسا مامەڵە لەگەڵ هەرێمدا ناکەن و ئامانجیان کەمکردنەوەی دەسەڵاتەکانی هەرێم و زیانگەیاندنە بە کورد

# کابینەی نوێیەمی حکومەتی هەرێمی کوردستان وێڕای ئالنگارییەکان بەردەوامە لە جێبەجێکردنی ئەو پڕۆژانەی لە ڕیزبەندی پێشەوەی داواکاری و خواستی خەڵکدا دێن

## حکومەت لە فرەچەشنکردنی ئابووری و جێبەجێکردنی پرۆژەکان و ڕاکێشانی وەبەرهێنەرانی بیانی و دۆزینەوەی هەلی کاردا سەرکەوتوو بووە

**ڕووبەڕووبوونەوەی تەحەدییەکانی بەردەم ئابووریی هەرێمی کوردستان و ڕەفتار و هەڵسوکەوتەکانی حکومەتی فیدراڵیی عێراق، بەرانبەر بودجە و مووچەی مووچەخۆران و بابەتی داخستنی هەناردەکردنی نەوت، زیانێکی گەورەی بە ئابووریی هەرێمی کوردستان و عێراق گەیاندووە، لەگەڵ ئەمەشدا حکومەتی هەرێمی کوردستان لە پڕۆژە و کارەکانی بەردەوامە. بۆ قسەکردن لەسەر ئەم پرسە و چەند تەوەری دیکەی پەیوەندیدار، گۆڤاری گوڵان دیدارێکی لەگەڵ سیروان محەمەد بریکاری وەزارەتی پلاندانانی حکومەتی هەرێمی کوردستان ساز دا.**

*** پێش ئەوەی پرسیارەکانی تایبەت بە پلانی حکومەت بۆ جێبەجێکردنی پڕۆژەکان دەست پێ بکەین، دەکرێت بزانین تا چەند فشارەکانی بەغدا لەسەر پشکی بودجە و هەناردەکردنی نەوت و مووچە زیانی بە ئابووری هەرێم و ئابووریی عێراقیش گەیاندووە؟**

- فشاری هەندێك لە لایەنە سیاسییەکان لەسەر حکومەتی فیدراڵیی عێراق بۆ نەناردنی پشکی هەرێمی کوردستان لە بودجەی گشتیی عێراقی فیدراڵ بە پاساو و بیانووی نادەستووری و نایاسایی و تەکنیکی، جۆرێکە لە بڕینی بودجە و سەپاندنی گەمارۆی ئابووری لەسەر کورد و کوردستانییان، بێگومان ئەمەش مێژوویەکی کۆنی هەیە و شان بە شانی کۆمەڵکوژی و وێرانکردنی گوندەکان و سیاسەتی تەرحیل و تەعریب بە درێژایی ئەو مێژووە لە دامەزراندنی دەوڵەتی عێراقەوە لە ساڵی ١٩٢١ بە شێوازی جۆراوجۆر بەردەوامیی هەیە. لە زۆربەی قۆناغ و سەردەمەکانی ئەم دەوڵەتەدا (عێراق) بۆ کورد زەمانەتێك نەبووە، بەوەی کاربەدەستانی دەوڵەتی مەرکەزیی عێراق پابەند بن بە مافەکانی گەلی کوردستان، یان پابەند بن بەو بەڵێن و ڕێککەوتن و بەڵێنانەوە کە داویانە. لە دوای ڕووخانی ڕژێمی بەعس و دامەزراندنی حکومەتی عێراقی فیدراڵ و دەنگدان لەسەر دەستووری هەمیشەیی، قۆناغ بە قۆناغ خۆدزینەوە لەو مادده و بڕگانە هەبووە کە تایبەتن بە ماف و شایستە داراییەکانی گەلی کوردستان و چارەسەرکردنی کێشە هەڵپەسێردراوەکان. خۆی لە خۆیدا هاوبەشی و بەشداریکردنی کورد لە پێگە و دامەزراوەکان و پاراستنی مافەکانی لە ناو چوارچێوەی عێراقدا، لەسەر ئەو بنەما و فاکتەرانە کورد بەشداریی لە دامەزراندنی حکومەتی نوێ کرد،

**ئەو پشکەی کە بەپێی ڕێککەوتنی نێوان هەرێم و بەغدا بە ڕێژەی ١٧٪ دانرابوو، هەرگیز و هیچ کاتێک ئەو ڕێژەیە بۆ هەرێمی کوردستان نەهاتووە و بە فرت و فێڵی هەڵکشانی خەرجیی سیادی و حاکیمە لە ناو بودجەکەدا زۆر کەمتر بووە**

**وەزارەتی نەوتی حکومەتی فیدراڵی و سۆمۆ و لایەنە پەیوەندیدارەکانی دیکە باش دەزانن چ گەندەڵی و بەهەدەردانێک لە سامانی نەوتی عێراقدا هەیە**

**بە دەیان هەزار چەکداری حەشدی شەعبی بە پلەی سەربازیی بەرز دامەزراون، کەچی دەڵێن بۆچی ژمارەی پێشمەرگە ئەوەندەیە؟**

**ئیرادەی سەرۆک وەزیران و پاڵپشتیی گەلەکەی بەسەر هەموو ئەو کێشانە سەرکەوت هەر لە بڕینی بودجە و کۆرۆنا و داشکانی ئەو کاتی بەهای نەوت و وشکەساڵی و فشارەکانی ڕاگرتنی نەوت و نانەوەی کێشە و گرفتی نێوخۆیی و دەیان بابەتی دیکە**

بەڵام لە ساڵی ٢٠١٤ لە سەردەمی نووری مالیکی سەرۆك وەزیرانی ئەو کاتی عێراق، لە ناکاو بە بیانووی فرۆشتنی نەوت (لە کاتێکدا ئەو سەردەمە تەنیا ژێرخانی پیشەسازیی نەوت پەرەی پێ دەدرا) پشکی هەرێمی کوردستانی لە بودجەکەدا بڕی، ئەو پشکەی کە بەپێی ڕێککەوتنی نێوان هەرێم و بەغدا بە ڕێژەی ١٧٪ دانرابوو، هەرگیز و هیچ کاتێك ئەو ڕێژەیە بۆ هەرێمی کوردستان نەهاتووە و بە فرت و فێڵی هەڵکشانی خەرجیی سیادی و حاکیمە لە ناو بودجەکەدا زۆر کەمتر بووە، بەمەش ڕێژەی پشکی هەرێمی کوردستانیان لە ناو بودجەی گشتیی عێراقدا زۆر کەم کردەوە، ئەمە وێڕای ئەوەی هیچ کاتێك لەو خەرجییانەدا ماف و شایستە داراییەکانی هێزی پێشمەرگە و زۆر بڕگەی دیکەی وەکو پشکی هەرێم لە قەرزی دەرەکی و خەرجیی جۆراوجۆری دیکەیان نەدەنارد، لەو بەروارەوە هەر جارەو بە بیانوو و پاساوێك بە پشتبەستن بە زۆرینەی ناو پەرلەمان و دەستڕۆشتوویی لایەنە سیاسییەکان، فشارەکانیان لەسەر هەرێم زیاتر بووە و هەرجارە و مادده و بڕگەیەکی قورستریان سەپاندووە لەسەر هەرێمی کوردستان، وەکو بابەتی خەرجیی کرداری (نفقات فعلية)، مەسەلەی هەناردەکردن و فرۆشتنی نەوتی هەرێمی کوردستان و پەرەپێدانی ژێرخانی پیشەسازیی نەوت لە دوای ئەم فشار و پاڵەپەستۆیانەوە هات و بابەتێکی تەواو دەستووری و یاسایی بووە. ئەو گەورە کۆمپانیا نێودەوڵەتییانەی لە هەرێمی کوردستان لە بواری نەوت و گازدا کار دەکەن، کە کەسانی شارەزا و ڕاوێژکاری یاسایی و دەزگای گەورەی نێودەوڵەتییان لە پشتەوەیە لە بواری ڕاوێژکاری یاسایی و خوێندنەوەیان بۆ دەستوور و یاساکانی عێراق، زۆر باش ئەم ڕاستییەیان دەزانی کە وەبەرهێنان و دەرهێنان و هەناردەکردنی نەوتی هەرێمی کوردستان لە غیابی یاسایەکی فیدراڵیی نەوت و گازی عێراقدا و بەپێی زۆر مادده و بڕگەی ناو دەستوور، بابەتێکی تەواو دەستووری و یاساییە، ئیتر ئەوان بۆ بەرژەوەندی و ئەجیندەی تایبەت بە خۆیان خوێندنەوەی جیاوازیان بۆ دەستوورەکە و ئەو واقیعە هەیە، ئەمە بابەتێکی دیکەیە، لەگەڵ ئەمەشدا لە دوای بڕیارە نادەستووری و سیاسییەکانی دادگای فیدراڵیی عێراق و دادگای ناوبژیوانانی پاریس، حکومەتی هەرێمی کوردستان هەموو ئەرك و پابەندییەکانی خۆی جێبەجێ کردووە، کەچی هێشتا لێرە و لەوێ لە عێراقدا هەر فشار و بیانوو و پاساوی نوێ دروست دەکرێت، بێ ئەوەی گوێ بدرێتە ئەو ڕێککەوتن و لێکتێگەیشتنانەی لە نێوان ڕێزدار مەسرور بارزانی سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان و بەڕێز محەمەد شیاع سوودانی هەیە، کە پاڵپشتە بە ڕێککەوتنەکانی نێوان لایەنە سیاسییەکانی ناو هاوپەیمانێتیی بەڕێوەبردنی دەوڵەت، کە لەسەر ئەو بنەمایە کورد بەشداریی لە حکومەتەکەی محەمەد شیاع سوودانی کردووە.

زۆر لایەنی سیاسی و کەسایەتیی عێراقی هەیە کە بەپێی دەستوور و یاسا مامەڵە لەگەڵ هەرێمدا ناکەن و بە لایانەوە گرنگ نییە هەرێمی کوردستان هەموو ئەرکەکانی سەرشانی جێبەجێ کردووە، ئەوان خوێندنەوەیەکی زۆر جیاوازیان بۆ دەستووری هەمیشەیی عێراق هەیە و ئامانجیان بچووککردنەوەی قەوارەی هەرێم و کەمکردنەوەی دەسەڵاتەکانی و زیانگەیاندنە بە کورد، ئەمە لەکاتێکدا خودی خۆیان باسی ئەو هەموو گەندەڵی و بەهەدەردانی سامانی گشتی و فەرمانبەری فەزایی و بندیوار و ئاودیوکردنی نەوت و دەیان بابەتی دیکە دەکەن، بۆ نموونە وەزارەتی نەوتی حکومەتی فیدراڵی و سۆمۆ و لایەنە پەیوەندیدارەکانی دیکە باش دەزانن چ گەندەڵی و بەهەدەردانێك لە سامانی نەوتی عێراقدا هەیە، هەر وەکو چۆن باش دەزانن چ زیانێك لە ڕاگرتنی هەناردەکردنی نەوتی هەرێمی کوردستان بەر هەرێم و خودی عێراقیش کەوتووە، کە خۆی لە حەوت ملیار دۆلار دەدات، کەچی لە پێناو زیانگەیاندن بە خەڵکی کوردستان لە بەرانبەر ئەو زیانە گەورەیە بێدەنگن و بەلایانەوە گرنگ نییە. بە دەیان هەزار چەکداری حەشدی شەعبی بە پلەی سەربازیی بەرز دامەزراون، کەچی دەڵێن بۆچی ژمارەی پێشمەرگە ئەوەندەیە؟ ئەمە سیاسەتی دووفاقییە و ئامانجەکەیان دیار و ڕوونە کە بڕوایان بە فیدراڵی و هاوبەشیی

کورد نەماوە و نایانەوێت وڵات بەپێی دەستووری هەمیشەیی عێراق و بە ئاقارێکی ڕاست و دروستدا تێپەڕ ببێت، بۆیە بەردەوام کێشە و گرفت دەنێنەوە، بۆ ئەوەی چارەسەری کێشە هەڵپەسێردراوەکانی نێوان بەغدا و هەولێریش نەکەن.

*** ڕاستە ئەم ململانێ و فشارانە زیانی بە هەموو گەلانی عێراق و ئابوورییەکەی گەیاندووە، بەڵام وەکو ئاماژەتان پێ دا، ئەوان بە لایانەوە گرنگ نییە، چونکە ئەوان مەبەستیانە دواجار فشار و پاڵەپەستۆکان زیان بە بودجە و ماف و شایستە داراییەکانی هەرێمی کوردستان و مووچەخۆران بگەیەنێت، لە کاتێکدا ئەرکی حکومەتە پڕۆژە خزمەتگوزارییەکانیش ڕانەوەستێت، ئێوە لە وەزارەتی پلاندانان تا چەند بە هەماهەنگی لەگەڵ وەزارەتەکانی دیکە و پارێزگا و ئیدارە سەربەخۆکان هاوکارن بۆ ئەوەی پڕۆژەکانی خزمەتگوزاری و ستراتیژی ڕانەگیرێن و شوێنەوارەکانی ئەم دژایەتیکردنە کەم بکەنەوە؟**

- هەر لە دەستپێکی کارەکانی کابینەی نۆیەمی حکومەتی هەرێمی کوردستاندا ئالنگاری و تەحەددیی زۆر گەورە ڕووبەڕووی کابینەکە بوونەوە، بەڵام ئیرادەی سەرۆك وەزیران و پاڵپشتیی گەلەکەی بەسەر هەموو ئەو کێشانە سەرکەوت هەر لە بڕینی بودجە و کۆڕۆنا و داشکانی ئەو کاتی بەهای نەوت و وشکەساڵی و فشارەکانی ڕاگرتنی نەوت و نانەوەی کێشە و گرفتی نێوخۆیی و دەیان بابەتی دیکە، خۆشبەختانە توانراوە شوێنەوارەکانیشی کەم بکرێتەوە، ئەوەتا هێرشی درۆن و مووشەکی بالیستیکی و زیانگەیاندن بە وەبەرهێنەکان و ژێرخانی ئابووری هەرێمیشی هاتووەتە سەر، خۆ کاتێك بە مووشەکی بالیستێکی هێرش دەکرێتە سەر شوێنێکی مەدەنی و خێزانێك و بزنێسمان و منداڵی ساوا و ئافرەت شەهید دەکەن، ئەمە هیچ پاساوێکی بۆ نییە، تەنیا مەبەست لێدانی گورزی سەربازییە لە ئابووری و بژێوی ژیانی خەڵك و کاروکاسبی و نانەوەی ناسەقامگیرییە، ئەی ئەوە نییە بەم زستانە هێرش دەکرێتە سەر کێڵگەی غازی کۆرمۆڕ و حەوت ملیۆن هاووڵاتی بێ کارەبا دەکەن؟

لەگەڵ ئەمەشدا من دڵنیام هەرگیز ناتوانرێت ئەو پێشکەوتن و پەرەپێدان و سەقامگیرییەی ژیانی خەڵکی کوردستان ڕابگیرێت و زیان بە پێکەوە ژیان بگەیەنرێت، هەموو ئەم مەرام و کارە قێزەوەنانە کاتییە و خۆڕاگریی خەڵکی کوردستان بەردەوامە و حکومەتەکەی لە دەستێکی دڵسۆز و پاڵپشت بە خەڵکی نیشتمانپەروەر و نەتەوەییدایە، هەرێمی کوردستان و خەڵکەکەی هێزی پێشمەرگەی کوردستانیان هەیە و لە ناوچەکە و جیهانیشدا ئەم هەرێمە بووەتە دەوڵەتێکی دیفاکتۆ، ئیدانەکردن و هەڵوێستەکانی وڵاتانی جیهان و دامەزراوە نێودەوڵەتییەکان لەسەر هێرش و پەلاماردانی درۆنی بۆمبڕێژکراو و مووشەکی بالیستیکی بەڵگەیەکی ڕوون و ئاشکران.

سەبارەت بە تەوەری دووەمی پرسیارەکەشتان، ئێمە لەگەڵ سەرۆکایەتیی ئەنجومەنی وەزیران، بەتایبەتی لە ڕێگەی بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی بودجەی پڕۆژەکانی حکومەتەوە بە چەند ئاراستەیەك کار دەکەین، یەکەم: کار لەسەر تەواوکردنی پڕۆژەکانی ساڵانی ڕابردوو دەکەین. دووەم: ڕیزبەندی بۆ ئەو پڕۆژانە دانراوە کە لە ڕیزبەندی پێشەوەی داواکاری و خواستی خەڵکی دێت. سێیەم: پڕۆژە بەردەوامەکان ڕانەوەستێت. کابینەی نۆیەمی حکومەتی هەرێمی کوردستان وێڕای ئالنگاری و تەحەددییەکان بەردەوامە لە جێبەجێکردنی ئەو پڕۆژانەی لە ڕیزبەندی پێشەوەی داواکاری و خواستی خەڵك دێت، بەپێی ئەو بودجەیەی بەردەستە، ئەوەتا پڕۆژەکانی ئاوی خواردنەوە و کارەبا و ڕێگەوبان و پەروەردە و تەندروستی بەردەوامیی هەیە و لە ڕێگەی کارئاسانی و پاڵپشتییەکانی حکومەتیشەوە بۆ وەبەرهێنەران، بەردەوام کارگە و پڕۆژەی نوێ دادەمەزرێت .

*** بەو پێیەی وێڕای پۆستی بریکار لە وەزارەتی پلاندان تا ئێستاش لە دەستەی ئاماری هەرێمی کوردستان کارەکان بەڕێوە دەبەیت، ئەوەتا گفتوگۆکانی ئەنجامدانی سەرژمێریی گشتی لە عێراقدا چڕتر بوونەتەوە، ئایا زەمانەتی ئەوە هەیە، ئەم سەرژمێرییەش بە دەردی بابەتەکانی دیکە لە دژی هەرێمی کوردستان بەکار نەهێنرێت؟**

**کاتێک بە مووشەکی بالیستێکی هێرش دەکرێتە سەر شوێنێکی مەدەنی و خێزانێک و بزنێسمان و منداڵی ساوا و ئافرەت شەهید دەکەن، ئەمە هیچ پاساوێکی بۆ نییە، تەنیا مەبەست لێدانی گورزی سەربازییە لە ئابووری و بژێوی ژیانی خەڵک و کاروکاسبی و نانەوەی ناسەقامگیرییە**

**لە ناوچەکە و جیهانیشدا ئەم هەرێمە بووەتە دەوڵەتێکی دیفاکتۆ، ئیدانەکردن و هەڵوێستەکانی وڵاتانی جیهان و دامەزراوە نێودەوڵەتییەکان لەسەر هێرش و پەلاماردانی درۆنی بۆمبڕێژکراو و مووشەکی بالیستیکی بەڵگەیەکی ڕوون و ئاشکران**

**بەرپرسانی وەزارەتی پلاندانانی عێراق تا ڕاددەیەکی باش پیشەییانە و تەکنیکییانە مامەڵە دەکەن و وەکو زۆر وەزارەت و دامەزراوەی دیکەی عێراق نین، بۆیە لە کاتی ئێستادا گفتوگۆ و دانوستان لە نێوان هەردوو وەزارەتی پلاندانانی هەرێم و ناوەند بۆ بەڕێوەچوونی پرۆسەی سەرژمێری دەستی پێ کردووە**





**حکومەتی ئەلیکترۆنی و بە دیجیتاڵکردن پرۆسەیەکی زۆر فراوان و بەردەوامە و چەندین ساڵی دەوێت، حکومەتە پێشکەوتووەکانی دونیاش بە چەندین ساڵ گەیشتوونەتە ئەم قۆناغەی ئەمڕۆ و هێشتاش لەم ڕووەوە لە پەرەپێدانی بەردەوامدان**

**پەیڕەوی هاوبەشیی کەرتی گشتی و کەرتی تایبەت (PPP) لە ئەنجومەنی وەزیران پەسەند کراوە و کار لەسەر جێبەجێکردنی دەکرێت**

- وەکو ئاماژەم پێدا، هیچ زەمانەتێك نییە بەوەی ئەو کارانەی لەگەڵ عێراقدا ئەنجامی دەدەین، لە دوارۆژدا بەلاڕێدا نەبرێت، بۆیە لەم بارودۆخەدا من ناتوانم لەبری ئەوان (بەتایبەتی نەیارانی کورد) لە عێراق زەمانی ئەوە بکەم، دەرئەنجامی سەرژمێرییەکەش لە دژی کورد بەکار ناهێنرێت. پرۆسەی سەرژمێریی گشتیی عێراق بابەتێکی زۆر پێویست و هەستیارە، گرفتی قووڵ و هەستیار و گفتوگۆی جددی لەسەری کراوە، بەتایبەتی سەرژمێریی ئەو ناوچە جێناکۆکانەی بە ماددەی ١٤٠ ناو دەبرێت و بە ناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی ئیدارەی هەرێم ناوی دەبەین، چونکە بەپێی دەستوور چارەنووسی ئەم ناوچانە یەکلا نەکراوەتەوە و ماددە و برگەکانی ئاساییکردنەوە و سەرژمێری و یەکلاکردنەوەی چارەنووسی بەوەی لەسەر هەرێمی کوردستانن، یان لەسەر عێراقن. هەموو ئەمانە لەلایەن عێراقەوە جێبەجێ نەکراون، بۆیە نابێت ئەم دوو بابەتە تێکەڵ بکرێت، هەرچەندە دادگای فیدراڵی لەسەر ئەم بابەتە بڕیارێکی دەرکردووە، بەوەی ئەم دوو بابەتە جیاوازە و ئەنجام و لێکەوتەکانی سەرژمێری پەیوەندیی بە جێبەجێکردنی ماددەی ١٤٠ـەوە نییە، لای ئێمەش ئەم بابەتە جێگەی قبووڵ نییە، بەوەی ئەنجامی سەرژمێری لەم ناوچانەدا بۆ جێبەجێکردنی ئەم ماددەیە بەکار بهێنرێتەوە، بۆیە لەم ڕووەوە ئێمە پێشنیار و بۆچوونی خۆمان هەیە و بەشێکی زۆری ئەو پێشنیارانەمان قبووڵ کراوە و ماوە سەرژمێرییەکە جێبەجێی بکرێت، خۆشبەختانە بەرپرسانی وەزارەتی پلاندانانی عێراق تا ڕاددەیەکی باش پیشەییانە و تەکنیکییانە مامەڵە دەکەن و وەکو زۆر وەزارەت و دامەزراوەی دیکەی عێراق نین، بۆیە لە کاتی ئێستادا گفتوگۆ و دانوستان لە نێوان هەردوو وەزارەتی پلاندانانی هەرێم و ناوەند بۆ بەڕێوەچوونی پرۆسەی سەرژمێری دەستی پێ کردووە، بەڵام هەنگاوی پراکتیکی بۆ سەرژمێریی گشتی دەستی پێ نەکردووە، بەتایبەتی کە سەرژمێریی گشتیی عێراق ئەلیکترۆنی دەبێت و ئەم شێوازەش بودجە و بناغەی خۆئامادەکردن و ڕاهێنانی پێویستە.

*** یەکێك لە ئەرکەکانی کابینەی نۆیەمی حکومەتی هەرێمی کوردستان دامەزراندنی حکومەتی ئەلیکترۆنی و دیجیتاڵییە، ئایا هەنگاوەکانی ئەم بابەتە گرنگە بەکوێ گەیشتووە؟**

- دامەزراندنی حکومەتی ئەلیکترۆنی بەشێکی گرنگی کارەکانی وەزارەتی پلاندانانە و لەم هەفتەیەدا دانیشتن و کۆبوونەوەی گرینگمان دەبێت و دواتر لەگەڵ وەزارەت و لایەنە پەیوەندیدارەکان کۆدەبینەوە. بۆ حکومەتی ئەلیکترۆنی و بەدیجیتاڵکردنی خزمەتگوزارییەکان و زۆر بواری گرنگ هەنگاوی باش نراوە، بەتایبەت لە گرێبەستە گشتییەکان و ڤیزای ئەلیکترۆنی و سیستمی خانەنشینی و هەژماری من و چەندین بواری دیکەی ئۆنلاین و دیجیتاڵی، بەڵام حکومەتی ئەلیکترۆنی و بە دیجیتاڵکردن پرۆسەیەکی زۆر فراوان و بەردەوامە و چەندین ساڵی دەوێت،





حکومەتە پێشکەوتووەکانی دونیاش بە چەندین ساڵ گەیشتوونەتە ئەم قۆناغەی ئەمڕۆ و هێشتاش لەم ڕووەوە لە پەرەپێدانی بەردەوامدان.

*** هاوبەشیی کەرتی گشتی و کەرتی تایبەت (PPP) بە کوێ گەیشت، بەتایبەتی کە حکومەت بە قەیرانێکی داراییدا تێپەڕ دەبێت و، ڕەنگە لە توانایاندا نەبێت هەموو پرۆژەیەك جێبەجێ بکات؟**

- هاوبەشیی کەرتی گشتی و کەرتی تایبەت شێوازێکی پێشکەوتووی جێبەجێکردن و بەڕێوەبردنی پرۆژەکانە و چەندین سوودی ئابووریی بۆ حکومەت و کەرتی تایبەت و هاووڵاتیانیش هەیە، تەنانەت هەنگاوێکە بۆ ڕاکێشانی وەبەرهێنەرانی بیانی و دۆزینەوەی کار بۆ وەبەرهێنەرانی نێوخۆ و بەکارخستنی پرۆژە و دابینکردنی هەلی کار بۆ زۆرترین دەرچووانی زانکۆ و گەنجانی ئەم وڵاتە و پێشخستنی خزمەتگوزارییەکانیشە، کە دواجار هاوبەشیی کەرتی گشتی و تایبەت ڕۆڵیان دەبێت لە بونیاتنانی ژێرخانی ئابووریدا و بە دەیان پیشەکار و خەڵکی کاسبکار هەلی کاریان دەست دەکەوێت، ئێستا پەیڕەوی هاوبەشیی کەرتی گشتی و کەرتی تایبەت (PPP) لە ئەنجومەنی وەزیران پەسەند کراوە و کار لەسەر جێبەجێکردنی دەکرێت.

*** هەر سەبارەت بە وەبەرهێنان و فرەچەشنکردنی ئابووری، ئایا تا چەند لە ڕووی فرەچەشنکردنی ئابووری و داهاتەوە لە هەوڵەکاندا سەرکەوتوو بوون؟ ئایا دەتوانین بڵێین کەرتەکانی کشتوکاڵ و پیشەسازی و گەشتیاری هەنگاوی باشیان ناوە و لەسەر نەخشەڕێگەیەکی ڕاست و دروست دەڕۆن؟**

- خۆشبەختانە لە تەمەنی ئەم کابینەیەدا توانراوە پەرەپێدانێکی گەورە لە کەرتی کشتوکاڵ و دۆزینەوەی بازاڕ و پیشەسازیی خۆراك و گەشتیاریدا بکرێت، سەرۆك وەزیرانی حکومەتی هەرێمی کوردستان سەرکەوتووانە دەیان کێشە و گرفتی بەردەم ساغکردنەوەی بەروبوومی جووتیاران و گەڕانەوەی شایستە داراییەکانی گەنمی جووتیاران و دامەزراندنی کارگەکانی پیشەسازیی خۆراك و دابینکردنی کەش و ژینگەیەکی لەباری بۆ گەشتیاری چارەسەر کردووە، ئەمەش هەنگاوی یەکەمە بۆ فرەچەشنکردنی ئابووری و کەمتر پشتبەستن بە داهاتی نەوت و بایەخدان بە جووتیاران و پیشەسازیکاران و کاسبکاران و دۆزینەوەی هەلی کار بۆ زۆرترین خەڵك، لەم پێناوەشدا لە وەزارەتمان کار لەسەر چارەسەرکردنی کێشەی هاتنی ئەو هەموو کرێکارە بیانییانە دەکرێت، کە پێویستە ڕەچاوی دەستی کاری نێوخۆ و بازاڕی کار بکرێت، لەلایەن جەنابی وەزیری پلاندانانەوە لە هەوڵی ئەوەداین، دەستی کار بەپێی ستانداردی نێودەوڵەتی بێت و هاوسەنگییەك لە نێوان دەستی کاری نێوخۆ و بیانیدا هەبێت و هاتنی دەستی کاری بیانی لەسەر حیسابی دەستی کاری نێوخۆ نەبێت و، دەرفەتی کار بۆ خەڵکی نێوخۆ دابین بکرێت و سیستمێکی ڕێکوپێك بۆ پاراستنی کۆمەڵایەتی دابمەزرێت.


**سەرۆک وەزیرانی حکومەتی هەرێمی کوردستان سەرکەوتووانە دەیان کێشە و گرفتی بەردەم ساغکردنەوەی بەروبوومی جووتیاران و گەڕانەوەی شایستە داراییەکانی گەنمی جووتیاران و دامەزراندنی کارگەکانی پیشەسازیی خۆراک و دابینکردنی کەش و ژینگەیەکی لەباری بۆ گەشتیاری چارەسەر کردووە**

**لەلایەن جەنابی وەزیری پلاندانانەوە لە هەوڵی ئەوەداین، دەستی کار بەپێی ستانداردی نێودەوڵەتی بێت و هاوسەنگییەک لە نێوان دەستی کاری نێوخۆ و بیانیدا هەبێت و هاتنی دەستی کاری بیانی لەسەر حیسابی دەستی کاری نێوخۆ نەبێت**



# دیموکراسی و
# کۆنترۆڵکردنی پەڕگیری





**پ. د.کامەران ساڵحی**

شرۆڤەکاری سیاسیی سەربەخۆ

بۆ گوڵانی نووسیوە

دەسەڵاتی سیاسی و ئۆپۆزسیۆنی نیشتمانی مافی ئەوەیان نییە سیستەمی مەدەنی تێك بدەن، بە پاساوی هەڵکشان و خراپیی کێشە و گرفتە ئابووری، یان کۆمەڵایەتییەکان، بەڵکو پێویستە دەسەڵاتی سیاسی بە بەشداریی هێزە ئۆپۆزسیۆنە نیشتمانییەکان و ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی، ڕیزەکان یەکبخەن و ڕێکاری کردەنی بگرنە بەر بۆ کەمکردنەوەی گرژییەکان و، کارکردن بۆ فەراهەمکردنی سەقامگیریی سیاسی و ئاسایشی کۆمەڵایەتی و بەلاوەنانی ململانێیەکان، هەروەها وشککردنی سەرچاوەکانی گەندەڵی، لەگەڵ کۆنترۆڵکردنی ئەو ژینگەیەی کە دەبنە هۆکاری هەڵگەڕانەوە و یاخیبوون لەلایەن دەمارگرەکانی تایفەگەری، یان عەشیرەتگەری، یان بەرەیی، کە ئامانجیان هەرەسهێنانی سیستەمی سیاسی و کۆمەڵایەتییە، هاوکات بڵاوکردنەوەی بێسەروبەری و ئاشووب و تیرۆر، دواجار مەبەستیان تێکدانی دامەزراوە یاساییەکانە.

ئەگەر دیموکراسی لە بەدیهێنانی گەشەپێدانی کۆمەڵایەتی و ئابووری و ڕۆشنبیری شکست بهێنێت، ئەوا مانای وایە دیموکراسی لە ناوەڕۆکە ڕاستەقینەکەی دادەماڵرێت، واتا ئەگەر لە چارەسەرکردنی کاروبارە بنەڕەتییەکانی پەیوەست بە گوزەرانی ڕۆژانەی تاکەکانی کۆمەڵگە سەرکەوتوو نەبێت، کەواتە تەنیا دەبێتە دروشمێکی سیاسی، چینی حوکمڕان خۆی پێ هەڵدەکێشێت، بۆ سەپاندنی کۆنترۆڵی خۆی و قۆستنەوەی دەسەڵات، هەروەها بۆ فەرامۆشکردنی دەستاودەستکردنی حوکمڕانی و سەپاندنی تیۆری حزبی سەرکردە، یان تاکە پێشەوا بەکاری دەهێنێت.

ئامانجی دیموکراسی ڕێزگرتنی کەرامەتی مرۆڤە، هاوکات بۆ ئەوەی ئەو مرۆڤە بتوانێت ماف و ئازادییەکانی پیادە بکات، هەروەها بەکارهێنانی وزە و توانای کۆمەڵگە و هێنانە ئارای هاریکاری لەنێوان تاکەکان، ئەم ڕێکارەش بەوە دەکرێت کە ئینتیمای نەتەوەیی و نیشتمانی بەهێز بکرێت و کۆمەڵگەیەکی دادپەروەر و یەکسان و دژ بە گەندەڵی بێتە کایەوە.

**دەسەڵاتی سیاسی دەبێت لە هۆکار و پاڵنەرەکانی پەرگیری بکۆڵێتەوە و بەدواداچوون بکات، بەدوای چارەسەری لۆژیکیدا بگەڕێت، تاکو بتوانێت ژینگەی پەڕگیری و سەرچاوەکانی داهاتی وشک بکات**

**ئەگەر دیموکراسی لە بەدیهێنانی گەشەپێدانی کۆمەڵایەتی و ئابووری و ڕۆشنبیری شکست بهێنێت، ئەوا مانای وایە دیموکراسی لە ناوەڕۆکە ڕاستەقینەکەی دادەماڵرێت**

**ئەزموونەکان ئەوەیان سەلماندووە کە پەراوێزخستنی هەندێ توێژی سیاسی، یان کۆمەڵایەتی دەبێتە هۆی سەرهەڵدانی چەند بزاڤێکی دژ بە حوکمڕانی، کە توندڕەوی پەیڕەو دەکەن**

**زۆربەی پراکتیزەکانی پەڕگیریی توندڕەو پەیوەندیی دیالیکتییانەیان هەیە لەگەڵ هەڵکشانی قەیرانەکانی ئابووری و کۆمەڵایەتی و سیاسیدا**

لە حاڵەتی شکستی دەسەڵاتی حوکمڕان لە بەرجەستەکردنی دیموکراسی و بەشداریکردنی سیاسی و قبووڵکردنی ڕای جیاواز و بەلاوەنانی دادپەروەری و یەکسانی، ئەوا بە واتای پەرتەوازەکردنی کۆمەڵگەیە، هەروەها پەیداکردنی جیاوازییە لەنێوان چینی حکومڕانی دەسەڵاتدار، کە بڕوای بە حوکمی تۆتالیتاری هەیە. لەگەڵ چینی حوکمکراو کە بە دەست زەلیلی و چەوسانەوەی سیاسی و کۆمەڵایەتی و ئابوورییەوە دەناڵێنێت، کە ئەمەش دەبێتە هۆی سەرهەڵدانی یاخیبوون لە شێوەی بزاڤی توندڕەوی ئایینی، یان ناسیۆنالیستی، یان تایفەگەری. بۆیە ئەزموونەکان ئەوەیان سەلماندووە کە پەراوێزخستنی هەندێ توێژی سیاسی، یان کۆمەڵایەتی دەبێتە هۆی سەرهەڵدانی چەند بزاڤێکی دژ بە حوکمڕانی، کە توندڕەوی پەیڕەو دەکەن و هەوڵ دەدەن پەلاماری سیستەمی سیاسی بدەن، سەرەنجام توندوتیژی بەدوادا دێت و دواجار هۆکارە بۆ تێکدانی سەقامگیری و ئاسایشی کۆمەڵگە.

زۆرجار پەڕگیری لەوەدا بەرجەستە دەبێت کە خۆی لە پابەندبوون بە بیروباوەڕێکی توندڕەوی نەگۆڕی ئایینی، یان تائیفی، یان سیاسیدا دەبینێتەوە، بۆیە پەڕگیری بریتییە لە حەز و خولیایەك و هەندێك لە نائومێدی و دژایەتیی دەروونی و هەستکردن بە گۆشەگیری و پەراوێزکردن، کە بەرەبەرە لە تۆمەتبارکردنی خودی مرۆڤ و ئازاردانی ویژدان و دارووخانەوە دەگۆڕێت بۆ بزاڤێکی کردەنی، دواتر بەدوای ئەوەدا دەگەڕێت، کە خۆی لە دارشتنی بیروباوەڕێکی توندڕەودا بەرجەستە بێت. پەڕگیر (توندڕەو) لەمەدا هەوڵ دەدات، خۆی ڕێکبخاتەوە و دژایەتیی عەقڵییەت و هەست وسۆزی هەموو ئەوانە بکات، کە دژە ڕا و بۆچوونی ئەون، چونکە ئەو لەو باوەڕەدایە کە خاوەن ڕاستیی ڕەوایە و خۆی جیادەکاتەوە، بەم جۆرە هەستی مرۆڤی پەڕگیری ئایینی، یان تایفەگەری، یان ناسیۆنالیستی لە مەیلی دوژمنکارییەوە دژی خود دەگۆڕێت، بۆ مەیلێکی ڕووخێنەر کە ئامانجی لەناوبردنی بەهاکانی کۆمەڵگەیە، تاکو بە شێوەیەك ڕێکی بخاتەوە و بخرێتە خزمەت بەدیهێنانی ئامانجەکانی پڕۆژەیەکی توندڕەوی سیاسی، یان ئایینییەوە، لەسەر بنەمای ئەو بیروباوەڕە توندڕەوەی کە پەیڕەوی دەکات.

زۆربەی پراکتیزەکانی پەڕگیریی توندڕەو پەیوەندیی دیالیکتییانەیان هەیە لەگەڵ هەڵکشانی قەیرانەکانی ئابووری و کۆمەڵایەتی و سیاسیدا، کە لە ئەنجامی پراکتیزەکردنی سیاسی هاتوونەتە ئاراوە، ئەو پراکتیزەیەش لەلایەن چینی سیاسیی حوکمڕان پیادەی دەکەن دژ بە خەڵك، ئەو خەڵکەی بەدەست هەژاری و نەخۆشی و بێکاری و نەزانین و گەندەڵیی بەربڵاوی ئیداری و دارایی و نەبوونی دادپەروەری و یەکسانی دەناڵێنێت.

ئەگەر بێتوو تەنیا دەسەڵاتی حوکمڕان کە هۆکاریشە بۆ سەرهەڵدانی بزاڤەکانی پەڕگیری، توندوتیژی دژ بەو بزاڤانە بەکاربهێنێت، ئەوا ناتوانێت واقیعی ئەم گرووپانە بگۆڕێت، بەڵکو بەپێچەوانەوە توندوتیژتر دەبن، دواجار بە توندوتیژی ڕووبەڕووی توندوتیژیی بەرانبەر دەبنەوە، تا وایان لێ دێت، دەبنە دڕندەیەك کە هەموو شتێك لەناو دەبەن!

ڕووبەڕووبوونەوەی پەڕگیری لە هەر کۆمەڵگەیەکدا، پێش هەموو شتێك پێویستی بە چاکسازیی سیستەمی سیاسی هەیە، هەروەها بنیادنانەوەی پەیوەندیی نێوان حوکمڕان و خەڵکەکە، لەسەر بنەمای پێداویستییەکانیان و جێبەجێکردنی یاسا بۆ دەستەبەرکردنی ماف و ئازادییەکانیان و بڵاوکردنەوەی دادپەروەری و یەکسانی و نەهێشتنی جیاوازیی گوزەرانی نێوان هەموو چین و توێژەکانی کۆمەڵگە و چاککردنی بەردەوامی خزمەتگوزارییە بنەڕەتییەکان.

بەکارهێنانی توندوتیژی و توندوتیژیی بەرانبەر ڕێکاری سەرنەکەوتوو و نەزۆکن لە بەرەوڕووبوونەوەی بزاڤە پەڕگیرەکان، بەڵکو هۆکارن بۆ ئەوەی زیاتر گەشە بکەن و ژینگە خۆشتر بکەن تاکو پاساویان هەبێت بۆ تێکدانی شیرازەی کۆمەڵگە، لەبەرئەوە ئەرکی دەسەڵاتی سیاسی نییە وەك تیمێکی پەڕگیر وەڵامی توندوتیژی بە توندوتیژییەکی بەهێزتر بداتەوە، پێویستە نەبێتە لایەنێك لە خۆشکردنی ئاگری دووبەرەکی، بەڵکو دەبێت لە هۆکار و پاڵنەرەکانی پەرگیری بکۆڵێتەوە و بەدواداچوون بکات، بەدوای چارەسەری

لۆژیکیدا بگەڕێت، تاکو بتوانێت ژینگەی پەڕگیری و سەرچاوەکانی داهاتی وشك بکات. هەروەها لەسەر دەسەڵاتی سیاسی پێویستە جیاوازی بکات لەنێوان ئۆپۆزسیۆن و ئەوانەی مەبەستیانە چاکسازیی لە سیستەمی سیاسیدا بکەن و لەنێوان هێزە پەڕگیرەکان کە هەوڵ دەدەن بنەماکانی سیستەمی سیاسی هەڵتەکێنن، بۆیە مامەڵەکردن لەگەڵ هەموو ئەو لایەنانە بێ جیاوازی و هەوڵدان بۆ لەناوبردنیان ئەنجامی کارەساتباری لێ دەکەوێتەوە، کە ڕەنگە ئەو بزاڤە پەڕگیرانە بتوانن کۆنترۆڵی هێزەکانی ئۆپۆزسیۆن بکەن، کە دواجار دەبێتە مەترسی بۆ ئاشتیی کۆمەڵایەتی و پەرەسەندنی کاری تیرۆریستی.

گرووپەکانی ئۆپۆزسیۆن و نیشتمانپەروەر بریتین لە هێزگەلێکی سیاسی لە چوارچێوەی ڕەوایەتیدا کاردەکەن، ماف و ئەرکی خۆیان هەیە، دەیانەوێت چاکسازی بێننە ئاراوە و بەرنامەی ئابووری و سیاسیی خۆیان هەیە، بۆیە لەسەر دەسەڵاتی سیاسی پێویستە بەپێی یاسا مامەڵەیان لەگەڵدا بکات، بڕوای بە دەستاودەستکردنی ئاشتییانەی دەسەڵات هەبێت، لە ڕێی هەڵبژاردنی پاك و بێگەردەوە. لەبەرئەوە هەوڵی بێبەشکردنی ئۆپۆزسیۆنی سیاسیی نیشتمانی سەردەکێشێت بۆ نەمانی سەقامگیریی سیاسی و ئاسایش و ئاشتیی کۆمەڵایەتی و لاوازکردنی گیانی ئینتیما، کە هاندەرە بۆ سەرهەڵدانی بزاڤە پەڕگیرەکان.

چارەسەری ئەمە لەوەدایە کە پرەنسیپ و بەهاکانی دیموکراسیی لیبراڵی جێبەجێ بکرێن، بۆ دۆزینەوەی کەشێکی لەبار لەپێناو گەشەسەندنێکی بەردەوام و وەدیهێنانی هاریکاری لەنێوان هێزەکانی کۆمەڵگە و بەشداریکردنی لە هەڵگرتنی بەرپرسیارێتیدا، چونکە بە بێ ئۆپۆزسیۆنێکی نیشتمانیی دڵسۆز بۆ بەرژەوەندیی کۆمەڵگە، مەحاڵە دیموکراسی بێتە کایەوە.

دەسەڵاتی سیاسی و ئۆپۆزسیۆنی نیشتمانی مافی ئەوەیان نییە سیستەمی مەدەنی تێك بدەن بە پاساوی هەڵکشان و خراپیی کێشە و گرفتە ئابووری، یان کۆمەڵایەتییەکان، بەڵکو پێویستە دەسەڵاتی سیاسی بە بەشداریی هێزە ئۆپۆزسیۆنە نیشتمانییەکان و ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی، ڕیزەکان یەکبخەن و ڕێکاری کردەنی بگرنە بەر بۆ کەمکردنەوەی گرژییەکان و، کارکردن بۆ فەراهەمکردنی سەقامگیریی سیاسی و ئاسایشی کۆمەڵایەتی و بەلاوەنانی ململانێیەکان، هەروەها وشککردنی سەرچاوەکانی گەندەڵی، لەگەڵ کۆنترۆڵکردنی ئەو ژینگەیەی کە دەبنە هۆکاری هەڵگەڕانەوە و یاخیبوون لەلایەن دەمارگرەکانی تایفەگەری، یان عەشیرەتگەری، یان بەرەیی، کە ئامانجیان هەرەسهێنانی سیستەمی سیاسی و کۆمەڵایەتییە، هاوکات بڵاوکردنەوەی بێسەروبەری و ئاشووب و تیرۆر، دواجار مەبەستیان تێکدانی دامەزراوە یاساییەکانە.

دیموکراسیی لیبراڵی لەسەر بنەمای سیاسەتی عەقڵانی دادەمەزرێت بۆ بنیادنانی دەسەڵاتێکی نیشتمانی کە بڕوای بە ماف و ئازادییەکان و دەستاودەستکردنی دەسەڵات هەبێت، هەروەها ڕێز لە ڕۆڵی ئۆپۆزسیۆنی نیشتمانی بگرێت، ستایشی ڕۆڵی ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی بکات لە بەشداریکردنیان لە بڕیارە چارەنووسسازەکاندا، بەم شێوەیە دەتوانێت دیموکراسی پەیڕەو بکات، دواجار سەرچاوەکانی پەڕگیری لەناوبەرێت و پاساو بۆ گرووپە پەڕگیرەکان نەهێڵێتەوە کە مەبەستیان لەناوبردنی سیستەمی سیاسییە، لە کۆتاییشدا دەتوانێت ئەو گرووپانە ڕیشەکێش بکات.

لەناوبردنی پەڕگیری پەیوەستە بە توانای دەستەبژێری سیاسیی حوکمڕان، یان ئۆپۆزسیۆن لە ڕووی پەرەپێدانی گیانی نیشتمانی و بەلاوەنانی ئەو بیروباوەڕە توندڕەوە کە پێی وایە نیشتمان و حکومەت تەنیا میراتی توێژێکی دیاریکراوە.

ئەوە دیموکراسییە کە هەستی بەرپرسیارێتی دەورووژێنێت، گەشە بە توانای قوربانیدان و بەخشش دەدات لەپێناو گەل و نیشمان، هەر ئەویشە کە بزاڤەکانی پەڕگیری گۆشەگیر دەکات، بەمەش تاکەکانی کۆمەڵگە مامەڵەیان لەگەڵدا دەکەن، بەو پێیەی کە دوژمنی یەکەمی دیموکراسین، دواجار ئەم هەنگاوە دەبێتە هۆی وردە وردەی شکست و نەمانی ئەو بزاڤە پەڕگیرانە.

**گرووپەکانی ئۆپۆزسیۆن و نیشتمانپەروەر بریتین لە هێزگەلێکی سیاسی لە چوارچێوەی ڕەوایەتیدا کاردەکەن، ماف و ئەرکی خۆیان هەیە، دەیانەوێت چاکسازی بێننە ئاراوە و بەرنامەی ئابووری و سیاسیی خۆیان هەیە**

**هەوڵی بێبەشکردنی ئۆپۆزسیۆنی سیاسیی نیشتمانی سەردەکێشێت بۆ نەمانی سەقامگیریی سیاسی و ئاسایش و ئاشتیی کۆمەڵایەتی و لاوازکردنی گیانی ئینتیما، کە هاندەرە بۆ سەرهەڵدانی بزاڤە پەڕگیرەکان**

**لەناوبردنی پەڕگیری پەیوەستە بە توانای دەستەبژێری سیاسیی حوکمڕان، یان ئۆپۆزسیۆن لە ڕووی پەرەپێدانی گیانی نیشتمانی و بەلاوەنانی ئەو بیروباوەڕە توندڕەوە کە پێی وایە نیشتمان و حکومەت تەنیا میراتی توێژێکی دیاریکراوە**

دیمانەی تایبەت



پڕۆفیسۆرئولریک بروکنەر بۆ گوڵان:

# نە ڕووسیا توانای سەرکەوتنی هەیە و نە ئۆکرانیا توانای شکستپێهێنانی ڕووسیای هەیە

**ئولریك بروكنەر، پرۆفیسۆری دیراساتی ئەورووپییە لە زانكۆی ستانفۆرد لە بەرلین، پێشتر مامۆستا بووە لە بەشی زانستە سیاسییەكان لە زانكۆی بەرلینی ئازاد و وانەبێژ بووە لە زانكۆی فودان لە شانگهای، زانكۆی سابانجی لە ئەستەنبوڵ و زانكۆی لیوبلیانا لە سلۆڤینیا. گوڵان لە میانەی دیمانەیەكدا چەند پرسێكی لەگەڵدا تاوتوێ كرد، كە پتر پەیوەست بوون بە درێژەكێشانی شەڕی ڕووسیا و ئۆكرانیا و ئەگەری پەرەسەندن و پێشهات و هەڵكشانەكانی ئەم شەڕە و چەند پرسێكی دیكەی پەیوەندیدار.**

*** وەك ئاشكرایە لە ئێستادا هیچ ئاسۆیەك بۆ یەكلابوونەوەی شەڕی ڕووسیا و ئۆكرانیا بەدی ناكرێت، نە لە ڕووی سەربازی و نە لە ڕێی گەیشتن بە چارەسەرێكی ئاشتییانە بە گرتنەبەری ڕێگەچارەی گفتوگۆ، تەنانەت لە ئێستادا ڕووسیا هێرشەكانی چڕتر كردووەتەوە و پتر لەسەر درێژەپێدانی ئەم شەڕە پێداگری دەكات، ئەمە سەرەڕای ئەوەی تووشی چەندین شكست بووە، لە ئێستاشدا ئەگەری ئەوە لە ئارادا نییە كە سەركەوتنێكی گەورە و یەكلاكەرەوە بەدەست بهێنێت، دیدوتێڕوانینی ئێوە لەم ڕووەوە چییە؟**

- لە ڕاستیدا ئەوەی ئێوە ئاماژەی پێ دەكەن، وەك شكستێك كە ڕووبەڕووی ڕووسیا بووبێتەوە، ئەوا لە دید و ڕوانگەی ڕووسیاوە ئەم شكستانە وەك كێشەیەكی كاتی لێیان دەڕوانرێت، واتە سەرۆكی ڕووسیا ڤلادمیر پوتین پێی وایە ئەمە شەڕێكی درێژخایەنە، بەڵام لە كۆتاییدا چارەنووسی ڕووسیا تێیدا سەركەوتن دەبێت، ئیدی ئەو سەركەوتنە پێناسەكەی هەر چییەك بێت. هەر چۆنێك بێت، ئەوەی تا ئێستا بەدی كراوە، ئەنجامدانی گۆڕانكارییە لە ستراتیژیەت و لەو ئامانجانەی لە سەرەتاوە دیاری و دەستیشان كران، چونكە لە شوباتی ساڵی ٢٠٢٢دا ئەوە ڕاگەیەندرا كە ئەمە ئۆپەراسیۆنێكی سەربازیی كورتخایەن دەبێت، ئەویش لەسەر بنەمای ئەو گریمانەیەی كە ئۆكرانیا لە بارێكی لاوازدایە و لە ماوەی چەند ڕۆژێكدا چۆك دادەدات و ئاڵای سپی هەڵدەكات، ئەوە بوو ڕووسیا ژمارەیەكی زۆری لە سەربازەكانی كۆكردەوە و چاوەڕێی ئەوە بوو كە لە ماوەی چەند ڕۆژێكدا نمایشێكی سەربازیی گەورە بە بۆنەی سەركەوتنەوە لە نێو مەیداندا ئەنجام بدات، واتە بەنیاز بوون هەمان سیناریۆی هەنگاریای ساڵی ١٩٥٦، و چیكسلۆڤاكیای ساڵی ١٩٦٠ دووبارە بكەنەوە. بە واتایەكی دیكە ئەوان- مەبەستم ڕووسیایە- چاوەڕێی ئەوە بوون كە بە ناردنی تانكەكانیان بۆ نێو ئۆكرانیا هەمووان بخەنە باری دەستەوەستانییەوە و هەر بەرگری و بەرهەڵستییەكیش هەبێت، بە زەبری هێز سەركوتی بكەن، بەڵام ڕوونە كە ئەمە ڕووی نەدا و ئەم ئامانجە بەدی نەهات. هەروەها لەو كاتەدا ئەو پەیامانە بڵاو دەكرانەوە، كە ئەم شەڕە پەیوەستە بە گەڕاندنەوەی شكۆ و شەهامەتی یەكێتیی سۆڤییەت، چونكە تێڕوانینەكە لە نێو ڕووسیادا ئەوە بوو، كە داڕووخانی یەكێتیی سۆڤیەت گەورەترین كارەساتی جیۆپۆلەتیكی بووە لە سەدەی بیستدا، هەروەها تووڕەیی و ناڕەزاییەتی هەبوو لە ئاست لێدوانەكەی سەرۆكی ئەو كاتەی ویلایەتە یەكگرتووەكانی ئەمریكا (باراك ئۆباما) كە ڕایگەیاند «ڕووسیا بچووك بووەتەوە و چووەتە قاوغی هێزێكی هەرێمایەتییەوە»، چونكە ڕووسیا وەك هێز و كاراكتەرێكی نێودەوڵەتی لە خۆی دەڕوانی. كەواتە هەموو ئەمانە بوونە هۆی ئەوەی ڕووسیا بە چەشنێك بیر لە خۆی بكاتەوە كە بووەتە هەڵگری ئەركێك و دەبێت بەدی بهێنێت، بە بێ گوێدانە دۆڕانە كاتی و كورتخایەنەكان، یان دەرئەنجام و دەرهاویشتە ئابوورییەكان.

چاوەڕێی ئەوە بوون كە بە ناردنی تانكەكانیان بۆ نێو ئۆكرانیا هەمووان بخەنە باری دەستەوەستانییەوە و هەر بەرگری و بەرهەڵستییەكیش هەبێت، بە زەبری هێز سەركوتی بكەن، بەڵام ئەم ئامانجە بەدی نەهات

*** كەواتە لە ڕوانگەی هەموو ئەوانەی ئاماژەتان پێكرد، ئایا لە ئێستادا شەڕەكە بە چ ئاقار و ئاراستەیەكدا دەڕوات و ئەگەری ئەوە هەیە چ پەرەسەندنێك بە خۆیەوە ببینێت؟**

- ئەوەی لە ئێستادا بەدی دەكرێت، دەكرێت بەم شێوەیە گوزارشتی لێ بكەین، ئەویش ئەوەیە كە نە ڕووسیا دەتوانێت سەركەوتن لە نێو ئۆكرانیادا بەدەست بهێنێت و نە ئۆكرانیاش لە بار و پێگەیەكدایە بتوانێت هێزەكانی ڕووسیا لە خاكی

ڕووسیا تەكنەلۆژیا و كاڵای بەكاربردن لەدەست دەدات، بە تایبەتی چین و توێژی باڵا لە نێو ڕووسیادا كە بەهرەمەند بوون لە خۆشگوزەرانی و كاڵا بەرهەمهاتووەكانی ڕۆژئاوا

وڵاتەکەی بکاتە دەرەوە. کەواتە ئەوەی لە ئێستادا هەیە گەمەی چاوەڕوانییە، چاوەڕوانی ئەوەی ئایا ئابووریی ڕووسیا تووشی داڕووخان دەبێتەوە لە ئەنجامی دابڕینی لە ئابووریی وڵاتانی ڕۆژئاوا، کە ئەوەندەی ڕۆژئاوا و لە نێو وڵاتانی ئەوروپاشدا، بە دیاریکراوی ئەڵمانیا پشتبەستوو بوون بە هاوردەکردنی وزە لە ڕووسیاوە، ئەوا ڕووسیاش هێندە پشتبەستوو بوو بە هاوردەکردنەوە لە وڵاتانی ڕۆژئاوا، کەواتە لە ئایندەی نزیکدا ئەم دابڕانە مایەی کێشە دەبێت بۆ وڵاتانی ڕۆژئاوا، چونکە کاریگەرییە نەرێنییەکانی دەبینین لە سەر ئابووریی جیهانی، بەڵام لە هەمان کاتدا دەتوانین بڵێین کە ئازاربەخشیش دەبن بۆ ڕووسیا لە مەودای کورتدا، کە ڕووسیا تەکنەلۆژیا و کاڵای بەکاربردن لەدەست دەدات، بە تایبەتی چین و توێژی باڵا لە نێو ڕووسیادا کە بەهرەمەند بوون لە خۆشگوزەرانی و کاڵا بەرهەمهاتووەکانی ڕۆژئاوا، بەڵام ڕووسیا لە مەودای دووریشدا زیانی پێ دەگات، چونکە ئەم دابڕانە دەبێتە هۆی بێبەشکردنی لە تەکنەلۆژیای هاوچەرخ کە گرنگ و پێویستن بۆ بەرەوپێشبردنی کۆمەڵگە، کە ئێمە دەزانین تا ئێستا شێوازی ئابووریی ڕووسیا ئەوە بووە کە کەرەستەی خاو بە وڵاتانی دەرەوە و وڵاتانی ڕۆژئاوا بفرۆشێت، خۆ ئەگەر ئامانجی ڕۆژئاواش ئەوە بێت، کە لە مەودای کورتدا چیتر پشت نەبەستێت بە وزەی سەرچاوەگرتوو لە نەوت و غازەوە (بە لەبەرچاوگرتنی ئەوەی کاریگەریی خراپیان هەیە لە سەر ژینگە و لەسەر گەرمبوونی زەوی) ئەوا ڕووسیا پلانی (b) نییە کە چۆن وڵاتەکەی (کە خاکێکی پان و بەرینی لە بەردەستدایە) بەرەو ئایندەیەکی گەش و ڕووناك ببات. ئەگەر جیهان دەست هەڵبگرێت لە بەکارهێنانی نەوت و غازی ڕووسیا، ئەو کاتە لەبری ئەوەی ڕووسیا پەرە بە کۆمەڵگەکەی بدات و ئاوێتەی ئابوورییەکی گەورەتریان بکات، لە تەکنەلۆژیای هاوچەرخ بێبەش دەبێت، چونکە کۆمپانیاکانی ڕۆژئاوا ئامادە نین و ڕێپێدراو نین کە ئەم تەکنەلۆژیایە بۆ ڕووسیا دەستەبەر بکەن، ئەمەش سەردەکێشێت بۆ ئەوەی ڕووسیا بێبەش ببێت لە تەکنەلۆژیاییەك کە بە خێراییەکی گەورە پێش دەکەوێت. کەواتە لە ڕوانگەی هەموو ئەوانەی ئاماژەم پێ کرد، ئەوا دەتوانم بڵێم: ئەمە وێنە گەورەکەیە. خاڵێکی دیکە کە دەمەوێت ئاماژەی پێ بکەم، ئەوەیە کە ئەوەی لە ئێستادا ڕووسیا گرتوویەتەبەر و پیادەی دەکات، ڕێچکە و ڕێبازێکی ئایدیۆلۆژییە و بەلایەوە گرنگ نییە کە ئابووریی وڵاتەکە تووشی چ کێشە و گرفت و زیانێك دەبێتەوە، چونکە پێی وایە ئەرکێکی لە ئەستۆدایە و پێویستە جێبەجێی بکات، لەم ڕووەوە ئامادەیە کە پەنا بۆ بەکارهێنانی هێز و زەبروزەنگ بەرێت و گوێ بە ڕێساکانی یاسای نێودەوڵەتی نەدات.

*** کەواتە هەروەك ئێوە لە وەڵامەکانتانەوە ئاماژەی پێ دەکەن، بارودۆخی شەڕەکە بە چەشنێك بێت، کە ڕووسیا نە بتوانێت ئامانجەکانی خۆی بەدی بهێنێت بۆ زاڵبوون و باڵادەستبوون بەسەر ئۆکرانیا و نە ئۆکرانیاش توانای ئەوەی هەبێت سوپای ڕووسیا لە وڵاتەکەی بکاتە دەرەوە، ئایا بۆچی هەردوولا، بە تایبەتی ڕووسیا بیر لە گرتنەبەری ڕێگەچارەی گفتوگۆ ناکەنەوە بۆ کۆتایهێنان بەم شەڕە؟**

- لە ڕاستیدا دەبێت ئێمە ئەوە لەبەرچاو بگرین کە لە سەرەتای هەڵگیرسانی شەڕەکەوە سەرۆکی ڕووسیا (ڤلادمیر پوتین) چەند بانگەشە و لێدوانێکی سەیری دا، وەك ڕیشەکێشکردنی نازییەت لە نێو ئۆکرانیا، کە ئەمە بانگەشەیەکی زۆر سەیر بوو، بەتایبەتی ئەگەر ئەوەمان لە یاد بێت، کە خودی سەرۆکی ئۆکرانیا خۆی کەسێکی جوولەکەیە، کە ئەمە کرایە بیانوو و پاساوێك بۆ پاککردنەوەی ئۆکرانیا لە نازییەت، ئەمەش لەو ڕوانگەیەوە بوو، کە هەر کەسێکی نێو ڕووسیا بە ترس و سڵەمینەوە و نیگەرانییەوە لە نازییەت دەڕوانێت، بەتایبەتی ئەگەر ئەوەمان لەبەرچاو بێت، کە ڕووسیا تووشی تراژیدیایەکی نەتەوەیی بووەوە، کاتێك ئەڵمانیای سەردەم و ڕۆژگاری نازییەت دەستی دایە داگیرکاریی یەکێتیی سۆڤیەت، کە ئەوە ئەزموونێکی بەکۆمەڵی پڕ لە ئازار و کارەسات بوو. لێرەدا مەبەستم ئەوەیە کە دەسەڵاتدارانی ڕووسیا بە وروووژاندنی پرسی نازییەت دەستیان بۆ مەسەلەیەك برد، کە دەبێتە هۆی ئەوەی هەر کەسێکی نێو ڕووسیا پشتیوانی لە هەر هەوڵێك بکات کە لە پێناو نەهێشتن و لەناوبردنی نازییەتدا بێت. کەواتە ئەو گوتارە بوو کە ڕووسیا جەختی لێ کردەوە و کاری لەسەر کرد، دواتر پرسیارەکە ئەوەیە، بۆچی ڕووسیا پەنا دەباتەبەر داگیرکردن و دەستەبەسەرداگرتنی خاکی وڵاتێك کە خۆی خاکێکی گەورە و پان و بەرینی لەبەردەستدا بێت.

**ئەوەی لە ئێستادا ڕووسیا گرتوویەتەبەر و پیادەی دەکات، ڕێچکە و ڕێبازێکی ئایدیۆلۆژییە و بەلایەوە گرنگ نییە کە ئابووریی وڵاتەکە تووشی چ کێشە و گرفت و زیانێک دەبێتەوە، چونکە پێی وایە ئەرکێکی لە ئەستۆدایە و پێویستە جێبەجێی بکات**

**دەسەڵاتدارانی ڕووسیا بە وروووژاندنی پرسی نازییەت دەستیان بۆ مەسەلەیەک برد، کە دەبێتە هۆی ئەوەی هەر کەسێکی نێو ڕووسیا پشتیوانی لە هەر هەوڵێک بکات کە لە پێناو نەهێشتن و لەناوبردنی نازییەتدا بێت**

**ئەگەر جیهان دەست هەڵبگرێت لە بەکارهێنانی نەوت و غازی ڕووسیا، ئەو کاتە لەبری ئەوەی ڕووسیا پەرە بە کۆمەڵگەکەی بدات و ئاوێتەی ئابوورییەکی گەورەتریان بکات، لە تەکنەلۆژیای هاوچەرخ بێبەش دەبێت**




پڕۆفیسۆر گلێن ئەریک ئەندرێ دیزەن بۆ گوڵان:

# پێویستە سیستمێکی جیهانی بێتەئاراوە کە واقیعی فرەجەمسەری لەخۆ بگرێت

**پرۆفیسۆر گلێن ئەریك ئەندرێ دیزەن، زانایەکی سیاسیی نەرویجییە و بڕوانامەی دکتۆرای لە بواری دامەزراوە و تەنگژە ئەمنییەکان لە زانکۆی ئازاد لە ئەمستردام بەدەست هێناوە، پێشتر نیشتەجێی ڕووسیا بووە و لە سکووڵی باڵای ئابووری لە مۆسکۆ کاری کردووە، شارەزا و تایبەتمەندی سیاسەتی دەرەوەی ڕووسیا و ئاوێتەبوونی ئەوروپایە، لە ئێستادا پرۆفیسۆرە لە بەشی مێژوو و زانستە کۆمەڵایەتییەکان لە زانکۆی باشووری ڕۆژهەڵاتی نەرویج. گوڵان دیمانەیەکی لەگەڵدا ئەنجام دا، کە تەوەرە سەرەکییەکانی پەیوەست بوون بە شەڕی ڕووسیا و ئۆکرانیا و دووبارە داڕشتنەوەی پایەکانی سیستەمە نێودەوڵەتییەکە و کاریگەریی شەڕی غەززە لەسەر شەڕی ڕووسیا و ئۆکرانیا.**

*** زۆر جار ئەو شرۆڤە و لێکدانەوەیە دەکرێت، کە شەڕی ڕووسیا و ئۆکرانیا و پێشهاتەکانی دیکە دەرئەنجام و دەرهاویشتەی بێتوانایی و ناکاراییی سیستەمە جیهانییەکەیە، کە دەگوترێت ڕووسیا دەیەوێت، یان هەوڵی ئەوە دەدات، سیستمێکی دیکەی جیهانی بێتە ئاراوە. بە تێڕوانینی ئێوە ئایا پێویستە ئەو سیستەمە جیهانییە لەسەر پرەنسیپ و بەهای جیاوازتر دابڕێژرێنەوە؟ ئەگەر وابێت ئایا پێویستە پێکهاتە سەرەکییەکانی ئەو سیستەمە چی و چۆن بن؟**

- بەڵێ، من پێم وایە ئەگەر بمانەوێت سیستمێکی جیهانیی سەقامگیرمان هەبێت، بە چەشنێك بێت کە بتوانێت دەستەبەری ئاشتی و ئاسایش بکات، دەبێت سیستەمەکە ڕەنگدانەوەی ئەو واقیعە بێت، کە لە ئێستادا و لەسەر ئاستی جیهان لەئارادایە، دواتر ئێمە دەزانین کە سیستەمە جیهانییەکە لە دوای کۆتاییهاتنی جەنگی سارد، پێداچوونەوەی پێدا کرا و دووبارە داڕێژرایەوە، ئەوە بوو بە «هەژموونگەرایی لیبراڵی» وەسف کرا، کە لە سایەی ئەم سیستەمەدا تەنیا یەك ناوەند و چەقی هێزی لەخۆ دەگرت و، تێکڕای هێزەکانی ڕۆژئاوا بانگەشەی ئەوەیان کرد، کە مافی ئەوەیان هەیە دەستتێوەردان لە کاروبارە ناوخۆییەکانی دەوڵەتانی دیکەدا بکەن، تەنانەت ئەو مافەشیان بە خۆیان دا، کە هێزی سەربازی بەکار بهێنن بۆ برەودان و بەرگریکردن لە بەها دیموکراتییە لیبراڵییەکان. لە ئێستادا جیهان فرە جەمسەرە و دەبێت ئاماژە بەوەش بکەین کە زۆرینەی جیهان ئەو سیستەمە نێودەوڵەتییە ڕەت دەکەنەوە کە لەسەر بنەمای سەروەرییەکی نایەکسانیی دەوڵەتان بنیاد نراوە، کە تێیدا وڵاتانی ڕۆژئاوا خۆیان لە ڕێساکانی یاسای نێودەوڵەتی دەرباز دەکەن، لەژێر بیانوو و پاساوی ئەوەی پێی دەگوترێت سیستەمی نێودەوڵەتیی بنیادنراو لەسەر ڕێساکان.

*** کەواتە وەڵامەکەی ئێوە ئەوە لەخۆ دەگرێت کە ئەم سیستەمە جێی نارەزایی زۆرێك لە وڵاتانی جیهانە و سیستمێکە نایەکسانی و نادادی لەخۆ دەگرێت و پێویست بەوە دەکات کە سیستمێکی تەواو جیاواز بێتەوە ئاراوە و، ئەو کەموکوڕییانە چارەسەر بکات، کە ئێوە ئاماژەتان پێ کردووە؟**

- ئێمە پێویستمان بە هێنانەئارای سیستمێکی جیهانییە کە بتوانێت ئەو واقیعی فرەجەمسەرییەی کە لەئارادایە، لەخۆی بگرێت و بەرجەستەی بکات، هەروەها پێم وایە دەبێت ئێمە بگەڕێینەوە بۆ یاسای نێودەوڵەتی کە تێیدا ڕێساکانی بە شێوەیەکی یەکسان بەسەر هەمووانـدا جێبەجێ بکرێن. لێرەدا دەبێت ئاماژە بەوە بکەین، کە گرنگترین بنەمای ئەوەی پێی دەگوترێت «سیستمی نوێی ویستفالیا»، ئەوەیە کە پرسی ئاسایش قابیلی دابەشبوون نییە، ئەویش بەو واتایەی کە ناکرێت، دەوڵەتێك لەسەر حیسابی ئاسایشی دەوڵەتانی دیکە برەو بە ئاسایشی خۆی بدات. ئەو نموونەیەی دەکرێت لێرەدا باسی بکەین و بەرجەستەی ئەم حاڵەتە دەکات، ئەوەیە کە هیچ کاتێك ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا دروستبوون و پێکهێنانی هاوپەیمانێتییەکی سەربازیی لە نێوان چین و ڕووسیا لە ئەمریکای ناوەندی قبووڵ ناکات، چونکە ئەمە پەرەسەندنێکە کە مەترسی و هەڕەشە لەسەر ئاسایشی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا دروست دەکات. لەم ڕوانگەیەوە دەبێت ئەمریکاش ئەو ڕاستییە قبووڵ بکات کە ناتوانێت هاوپەیمانێتییەکی سەربازیی لەسەر سنووری دەوڵەتە

**ئەگەر بمانەوێت سیستمێکی جیهانیی سەقامگیرمان هەبێت، بە چەشنێک بێت کە بتوانێت دەستەبەری ئاشتی و ئاسایش بکات، دەبێت سیستەمەکە ڕەنگدانەوەی ئەو واقیعە بێت، کە لە ئێستادا و لەسەر ئاستی جیهان لەئارادایە**

**زۆرینەی جیهان ئەو سیستەمە نێودەوڵەتییە ڕەت دەکەنەوە کە لەسەر بنەمای سەروەرییەکی نایەکسانیی دەوڵەتان بنیاد نراوە، کە تێیدا وڵاتانی ڕۆژئاوا خۆیان لە ڕێساکانی یاسای نێودەوڵەتی دەرباز دەکەن، لە ژێر بیانوو و پاساوی ئەوەی پێی دەگوترێت سیستەمی نێودەوڵەتیی بنیادنراو لەسەر ڕێساکان**

ڕکابەرەکانی دروست بکات، نابێت ئەمە پرسێك بێت کە مشتومڕی لەبارەوە بکرێت و پابەندبوون بە پرەنسیپی ئاسایشی لە دابەشبوون لە بەرژەوەندیی تێکڕای جیهاندایە.

*** با پرسیار لە ڕەهەندێکی شەڕی ڕووسیا و ئۆکرانیا بکەین، کە لە ساڵی دووەمی نزیك دەبێتەوە، بارودۆخەکە لە ئێستادا بە چەشنێکە کە پێناچێت هیچ لایەك بتوانن لە گۆڕەپانی شەڕەکەدا سەرکەوتنی گەورەی سەربازیی تۆمار بکەن، زۆر جاریش باس لەوە دەکرێت کە هەرچەندە ڕووسیا نەیتوانیوە شەڕەکە بباتەوە، بەڵام بەرگەی ئەوەش ناگرێت شەڕەکە بدۆڕێنێت، بە چەشنێك کە ئەگەر تووشی دۆڕان ببێتەوە، ئەوا پەنا بۆ چەکی ناوکی دەبات، تێڕوانینی ئێوە لەم ڕووەوە چییە؟**

- بە تێڕوانینی من هەڵگیرسانی شەڕێکی ناوکی ئەگەرێکی ڕاستەقینەیە و لەم ڕووەوە دوو سیناریۆ بەدی دەکەم، یەکەمیان ئەوەیە کە ئەگەر ڕووسیا تووشی شکست بێت، کە لە نێو ناتۆدا هەوڵی شکستهێنان بە ڕووسیا دەدرێت، بەڵام هیچ کاتێك باس لەوە نەکراوە کە ئایا شکستهێنان بە گەورەترین هێزی ناوکی لە جیهاندا بە چ شێوەیەك دەبێت، دەبێت ئەوەمان لەبەرچاو بێت کە ڕووسیا درێژبوونەوەی دەستڕۆیشتوویی ناتۆ بۆ نێو ئۆکرانیا بە هەڕەشەیەك بۆ سەر بوون و مانەوەی خۆی دەزانێت و، بە ماوەیەکی زۆر پێش ئەوەی ناتۆ بگاتە نێو کریمیا، ئەوا ڕووسیا چەکی ناوکی بەکار هێناوە، بە هەمان شێوە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکاش چەکی ناوکی بەکار دەهێنێت، لەبری ئەوەی ڕێگە بدات سوپای ڕووسیا، یان سوپای چین لە مەکسیکدا جێگیر ببن. سیناریۆی دووەمی بەکارهێنانی چەکی ناوکی ئەو کاتە دێتەئاراوە کە ناتۆ ڕاستەوخۆ بێتە نێو شەڕەکەوە و بەشداری بکات. لە ئێستادا پێدەچێت ئۆکرانیا بەرەو داڕووخان بچێت، لەم حاڵەتەدا ناتۆ ڕووبەڕووی تەنگژەیەك دەبێتەوە کە ئایا ئەم هاوپەیمانێتییە سەربازییە ئەو ڕاستییە قبووڵ دەکات کە شەڕەکەی دۆڕاندووە، یان بارودۆخەکە بە چەشنێکی بەرچاو بەرەو هەڵکشان دەبات و دێتە نێو شەڕەکەوە و دەبێتە بەشداربوویەکی ڕاستەوخۆ؟ لێرەدا مەبەستم ئەوەیە بڵێم: ئەگەر ئەم شەڕی بەوەکالەتە هەڵکشێت و بەرەو شەڕ و پێکدادانێکی ڕاستەوخۆی نێوان ناتۆ و ڕووسیا بچێت، ئەوا لەو کاتەدا زۆر زەحمەتە بەر بە هەڵگیرسانی شەڕێکی ناوکی بگیرێت.

*** ئەگەر پرسیار لە پێشهاتێکی دیکە بکەین، کە پەیوەستە بە ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستەوە، ئەویش شەڕی غەززەیە، کە ئاشکرایە ئەم شەڕە تەنیا لە نێو کەرتی غەززەدا کورت نەبووەتەوە و لە چەندین شوێنی دیکە بارگرژی و ناکۆکی و هێرشەکان بەرەو هەڵکشان دەچن، بە شێوەیەکی گشتی پێت وایە ئەم شەڕە و پێشهاتە پەیوەندیدارەکانی چ کاریگەرییەکیان لەسەر شەڕی ڕووسیا و ئۆکرانیا هەیە؟**

- بە تێڕوانینی من شەڕی غەززە و پێشهاتەکانی کاریگەریی گەورە و گرینگیان هەبووە لەسەر شەڕی ڕووسیا و ئۆکرانیا، چونکە ئاشکرایە کە ئەو سەرچاوانەی لە بەردەستی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکادان سنووردارن، ئەمەش دەبێتە هۆی ئەوەی کە نەتوانێت وەك پێویست هەم بۆ ئۆکرانیا و هەم بۆ ئیسرائیل، هاوکاریی دارایی و پاڵپشتیی سەربازی و چەك دابین بکات، ئەمە لە کاتێکدا کە سەرقاڵی ئامادەکاری بێت بۆ بەرپابوونی شەڕ لەگەڵ وڵاتی چیندا. دواتر ئەوە ڕوونە کە تەنانەت پێش ڕووداو و هەڵگیرسانی شەڕی غەززە لە نێوان ئیسرائیل و فەلەستینییەکانیشدا، پشتیوانی و پاڵپشتییە سەربازی و سیاسییەکان بۆ ئۆکرانیا بەرەو کەمبوونەوە و داکشان دەچوون، کەواتە ئەم شەڕەی غەززە دەبێتە هۆی کەمبوونەوەی زیاتری ئەو پشتیوانییەی بۆ وڵاتی ئۆکرانیا دابین دەکرێت. هەموو ئەمانەش دەبنە هۆی ئەوەی کە زیاتر ئەگەری ئەوە بێتەوە ئاراوە کە ئۆکرانیا تووشی دۆڕان و شکست بێت لەم شەڕەدا، کە پێم وایە لەم ڕووەوە نیگەرانیی سەرەکیی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا ئەوەیە کە زیان بە ناوبانگی بگات، ئەگەر بێتوو شەڕەکە بدۆڕێنێت، باشترین شتێك کە ئەمریکا لەم بارەیەوە بیکات، ئەوەیە کە چیتر باسی نەکات، هەروەك ئەوەی ئەمریکا ئەم کارەی کرد لە دوای شکستەکەی لە ئەفغانستاندا. کەواتە ئەو شەڕەی لە نێوان ئیسرائیل و فەلەستیندا هاتووەتە ئاراوە دەبێتە هۆی ئەوەی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا کەمتر جەخت لەسەر شەڕی ڕووسیا و ئۆکرانیا بکاتەوە.

**گرنگترین بنەمای ئەوەی پێی دەگوترێت «سیستمی نوێی ویستفالیا»، ئەوەیە کە پرسی ئاسایش قابیلی دابەشبوون نییە، ئەویش بەو واتایەی کە ناکرێت، دەوڵەتێک لەسەر حیسابی ئاسایشی دەوڵەتانی دیکە برەو بە ئاسایشی خۆی بدات**

**ڕووسیا درێژبوونەوەی دەستڕۆیشتوویی ناتۆ بۆ نێو ئۆکرانیا بە هەڕەشەیەک بۆ سەر بوون و مانەوەی خۆی دەزانێت**

**ئەگەر ئەم شەڕی بەوەکالەتە هەڵکشێت و بەرەو شەڕ و پێکدادانێکی ڕاستەوخۆی نێوان ناتۆ و ڕووسیا بچێت، ئەوا لەو کاتەدا زۆر زەحمەتە بەر بە هەڵگیرسانی شەڕێکی ناوکی بگیرێت**

**ئەو سەرچاوانەی لە بەردەستی ئەمریکادان سنووردارن، ئەمەش دەبێتە هۆی ئەوەی کە نەتوانێت وەک پێویست هەم بۆ ئۆکرانیا و هەم بۆ ئیسرائیل، هاوکاریی دارایی و پاڵپشتیی سەربازی و چەک دابین بکات**




**سوبحی مەندەلاوی**

**کەسایەتیی ناسراوی کوردی فەیلی بۆ گوڵان:**

# مەلا مستەفا بارزانی پارێزەر و داکۆکیکاری ماف و داخوازییەکانی کوردانی فەیلی بوو

# ئومێدمان زۆره سەرۆک مسعود بارزانی بە هەمان ڕێچکەی مەلا مستەفا بارزانی بۆ کۆکردنەوە و گەڕاندنەوەی پێگەی کوردانی فەیلی ڕۆڵی خۆی بگێڕێت

**مێژووی عێراق پڕیەتی لە تاوانی شاردراوەی کۆمەڵکوژی و ئەشکەنجەدانی گەلی کورد، ئەمەش هەمووی لە پێناو سڕینەوەی ناسنامە و قڕکردنی گەلی کوردا جێبەجێ کراوە، بەداخەوە لە مێژوودا وەکو خۆی گرینگی بەم جینۆسایدانە نەدراوە و نەخراونەتە چوارچێوەیەکی نێودەوڵەتییەوە. جینۆسایدی کوردانی فەیلی یەکێکە لەو زنجیرە تاوانە ڕەشانەی دەرهەق بە پێکهاتەیەکی کورد ئەنجام دراون، تەنیا لەبەر ئەوەی کوردانی فەیلی بەرگرییان لە شۆڕشی ئەیلول بە ڕابەرایەتیی مەلا مستەفا بارزانی کردووە. لەسەر ئەم پرسە چەندین پرسیارمان ئاراستەی سوبحی مەندەلاوی کەسایەتیی ناسراوی ناو کوردانی فەیلی کرد، کە نووسەر و ڕۆشنبیر و چاودێرێکی سیاسییە و بەم جۆرە وەڵامی پرسیارەکانی گوڵانی دایەوە.**

*** جینۆسایدی کوردانی فەیلی لە قۆناغێکی هەستیاردا ئەنجام درا، هەرچەندە پێش ساڵی ١٩٨١ی سەردەمی بەعسییەکانیش قۆناغ بە قۆناغ ئەشکەنجەدان و کوشتن و دەستگیرکردن و دوورخستنەوەی کوردانی فەیلی لە عێراقدا هەر ڕووی داوە، بەڵام لەم قۆناغە بە دواوە کۆمەڵکوژییەکە زۆر دڕندە و فراوان بووە. خوێندنەوەتان بۆ جینۆسایدەکە و هۆکارەکانی چییە؟**

- کۆمەڵکوژیی کوردانی فەیلی لە عێراقدا بە هۆکاری باری نەتەوەیی و پاڵپشتیکردنیان بووە لە بارزانی و شۆڕشی ئەیلول، بە بەڵگەی ئەوەی لە عێراقدا پێکهاتەی شیعەی عەرەبی و دەیان هۆزی دیکەی شیعە هەن، بەڵام لەبەر ئەوەی کوردانی فەیلی بە نەتەوە کوردن و بە مەزهەب شیعەن، وەکو کۆمەڵکوژییەکانی دیکەی بەعس تاوانی گەورەیان بەرانبەر ئەنجام درا، وەکو کۆمەڵکوژیی (ئەنفالەکانی بارزانییەکان، گەرمیانییەکان، جینۆسایدی کوردانی ئێزدی و کیمیابارانکردنی هەڵەبجە و وێرانکردنی گوندەکان و تەعریب و تەرحیلی کەرکووکییەکان و گەرمیانییەکان و گۆڕینی دیمۆگرافیای ناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی ئیدارەی هەرێم تا دەگاتە گەمارۆ و برسیکردن و دەستبردن بۆ ماف و شایستە داراییەکانی خەڵکی کوردستان، هەر هەموو ئەم تاوانانە لەبەر کوردبوونمان بووە. جینۆسایدی کوردانی فەیلی تەنیا جەستەیی و تاڵانکردنی ماڵ و حاڵیان نەبووە، بەڵکو بەزۆرەملێ دەرکردن و ڕاپێچکردنیان بووە بۆ دەرەوەی سەر خاکی باوک و باپیرانیان، بە مەبەست و مەرامی داگیرکردنی خاک و نیشتمانیان، بۆیە ئەم تاوانە دەچێتە قاڵبی تاوانی دژ بە مرۆڤایەتی و تاوانی نێودەوڵەتییەوە. پێویست بوو وەکو جینۆسایدێکی نێودەوڵەتی مامەڵەی لەگەڵدا بکرایە، نەوەکو لەناو چوارچێوەی عێراقدا قەتیس بکرێت.

**جینۆسایدی کوردانی فەیلی تەنیا جەستەیی و تاڵانکردنی ماڵ و حاڵیان نەبووە، بەڵکو کۆچپێکردنیان بە زۆرەملێ بوو بۆ داگیرکردنی خاک و نیشتمانەکەیان**

**لە عێراقدا پێکهاتەی شیعەی عەرەبی و دەیان هۆزی دیکەی شیعە هەن، بەڵام لەبەر ئەوەی کوردانی فەیلی بە نەتەوە کوردن و بە مەزهەب شیعەن، وەکو کۆمەڵکوژییەکانی دیکەی بەعس تاوانی گەورەیان بەرانبەر ئەنجام درا**

**مێژووی پڕ لە سەروەریی کوردانی فەیلی لە پاڵپشتیی مەلا مستەفا بارزانی و شۆڕشی ئەیلوول نکۆڵیی لێ ناکرێت کە ترس و دڵەڕاوکێی گەورەی لای پیاوانی ڕژێمی بەعس دروست کردبوو**

**مەلا مستەفا بارزانی سەرۆکی گەورەی کورد و کوردستان بوو، بەبێ جیاوازی. ئەم زەعیمەی کورد باشی دەزانی کوردانی فەیلی وەکو پێکهاتەکانی دیکەی کورد و کوردستانی چۆن پەراوێزخراون و کۆمەڵکوژ دەکرێن، بۆیە بەردەوام پارێزەر و داکۆکیکاری ماف و داخوازییەکانیان بووە**

**بەعسییەکان دەستیان بۆ پیرۆزییەکانی خێزانی کوردانی فەیلی برد و هاوسەرەکانیان لە یەکتر جیا کردنەوە**

*** باسی ئەوەت کرد، کوردانی فەیلی ڕۆڵێکی گەورەیان لە شۆڕشی ئەیلوول و پاڵپشتیکردنی مەلا مستەفا بارزانی هەبووە، ئایا ئەم پاڵپشتییە بۆچی دەگەڕایەوە و چۆن بوو؟**

- بەعسییەکان لە ساڵی ١٩٦٣ کە بە حەرەس قەومی ناویان دەهات، کۆمەڵکوژییەکی زۆریان ئەنجام دا بەرانبەر شیوعی و پارتییەکان، دواتریش دوای گەڕانەوەی مەلا مستەفا بارزانی لە یەکێتیی سۆڤیەتی ئەو کات و ڕێککەوتننامەی ١١ی ئاداری مێژوویی و ڕێپێوانەکەی پاڵپشتیکردنی ڕێککەوتنەکە، کە لەناو جەرگەی بەغدا زیاتر هێز و نفووزی کوردانی فەیلی دەرکەوت، ئیتر ئەوەندەی دیکە بەعسییەکان و شۆڤێنییەکان ترسیان لە کورد دەرکەوت، مێژووی پڕ لە سەروەریی کوردانی فەیلی لە پاڵپشتیی مەلا مستەفا بارزانی و شۆڕشی ئەیلوول نکۆڵیی لێ ناکرێت کە ترس و دڵەڕاوکێی گەورەی لای پیاوانی ڕژێمی بەعس دروست کردبوو، بەتایبەتی کە زۆربەی بازرگان و کاسبکارەکانی ناو جەرگەی بەغدا لە کوردی فەیلی بوون و، هاوکاریی و کۆمەکی شۆڕشەکەی مەلا مستەفا بارزانییان دەکرد، تەنانەت لە ناو ڕێکخستنەکانی بەغدای پارتی دیموکراتی کوردستاندا، کوردی فەیلی پۆست و مەکانەتی قیادی و گەورەی پێ درابوو. جەعفەر محەمەد کەریم و حەبیب محەمەد و عادل موراد و زەکییە ئیسماعیل و یەدوڵڵا کەریم و دەیان کوردی فەیلی هەر لە پۆستی ئەندامی دامەزرێنەری پارتی و سکرتێری پارتی و سەرۆکی یەکێتیی لاوان و قوتابیان و ئافرەتان و چەندین پێگەی دیکەی جەماوەریدا بوون و شەهیدیان هەبووە. مەلا مستەفا بارزانی ئەم هاوکاری و کۆمەکەی کوردانی فەیلی لە چەندین بۆنەدا بە شانازییە باس کردووە. ڕەنگە خوێنەر ئەو پرسیارەی لا دروست ببێت، کە بۆچی کوردانی فەیلی ئەوەندە مەلا مستەفا بارزانییان خۆش دەویست و، لە ناو ماڵەکانیاندا وێنەی مەلا مستەفا هەبوو. مەلا مستەفا بارزانی سەرۆکی گەورەی کورد و کوردستان بوو، بەبێ جیاوازی. ئەم زەعیمەی کورد باشی دەزانی کوردانی فەیلی وەکو پێکهاتەکانی دیکەی کورد و کوردستانی چۆن پەراوێزخراون و کۆمەڵکوژ دەکرێن، بۆیە بەردەوام پارێزەر و داکۆکیکاری ماف و داخوازییەکانیان بووە، بەعسییەکان بە بڕیاری («مجلس قیادة الثورة» گەنجەکانی کوردی فەیلییان ڕاپێچی زیندانەکان کرد و لێپرسینەوە و تۆمەتباریان دەکردن بە هاوکاری و پاڵپشتیکردنی مەلا مستەفا بارزانی، لە دوای ساڵی ٢٠٠٣ و ڕووخانی ڕژێمی بەعس، ئەو بەڵگەنامانەی موخابەراتی عێراقی کە دەستیان بەسەردا گیرا، بە ڕوونی لە ناو لیستەکانیاندا ناو و تۆمەتبارکردنی ئەو بازرگان و کاسبکارانەی تێدا بوو، کە هاوکاری و کۆمەکی ماددیی شۆڕشی ئەیلوول و گوڵانیان کردووە، تەنانەت سەدام حوسێن لە ساڵی ١٩٨١ بە ئاشکرا ڕایگەیاندبوو «دەبێت کوردانی فەیلی ڕیشەکێش بکرێن..». ئەم وتانەی لە ڕۆژنامەی ئەلسەورەی زمانحاڵی خۆیشیاندا بڵاو کرابووەوە، تەنانەت بەعسییەکان دەستیان بۆ پیرۆزییەکانی خێزانی کوردانی فەیلی برد و هاوسەرەکانیان لە یەکتر جیا کردنەوە. من براکەم لە ناو سوپای عێراقدا بوو، ویستیان لە خێزانەکەی جیای بکەنەوە، کە ڕازی نەبوو، پیاوانی ڕژێم دەستیان بە سەر ماڵ وحاڵیدا گرت و ڕاپێچی ئێرانیان کردن. تەقینەوەکەی زانکۆی موستەنسرییەیان کردە بیانوویەك بۆ دەستکردن بە هەڵمەتی ڕەشبگیری و دەستگیرکردن و کوشتن و داگیرکردنی ماڵ و حاڵی کوردە فەیلییەکان. بەعسییەکان زۆر لە شۆڕش و ڕاپەڕینەکانی بارزان دەترسان، چونکە مەلا مستەفا بارزانی کەسایەتییەکی نیشتمانپەروەر و نەتەوەیی و دڵسۆز بوو، بیروباوەڕی کوردایەتی و بەرگریکردن لە مەزڵووم و چەوساوە وای لە هەموو پێکهاتەکانی گەلی کورد کردبوو لە دەوری کۆببنەوە، بە جیاوازیی چین و توێژەکانەوە، ئێستاشی لەگەڵدا بێت، ئەو خانەوادە و خێزانانەی ناو کوردانی فەیلی کە سەرقاڵی کار و کاسبین و دەستبەرداری ئەندامێتیی حزبەکان بوون، هەر دەڵێن ئێمە مەلایین، ئەم وتەیەش بۆ خۆشەویستی و ڕێزگرتنە لە مەلا مستەفا بارزانی کە گوزارشت لە بیروباوەڕێکی قووڵی کوردایەتی دەکات. بەداخەوە لە ئێستادا ئەم

مێژووە درێژەی پێ نادرێت، کە ڕێژەیەکی زۆری کوردی فەیلی لەناو جەرگەی بەغدا هەن و پێگە و نفووزی خۆیان هەیە و دەبێت جارێکی دیکە لە ناو ڕێبازی کوردایەتیدا پێگەیان بۆ بگەڕێتەوە و لە دەوری ڕێبازە پیرۆزەکەی بارزانی و کوردایەتی کۆ بکرێنەوە.

*** مەبەستت چییە بەوەی ڕۆڵ و پێگەیان لە ناو ڕێبازی کوردایەتیدا پێ بدرێتەوە، لە کاتێکدا لە دوای ڕووخانی ڕژێمی بەعس، نە دۆسیێ جینۆسایدەکە و نە قەرەبووکردنەوەی قوربانییەکان وەکو پێویست بایەخی پێ نەدراوە؟**

- هەرچی بەزۆرەملێ ڕاپێچکردنی خێزانەکانی کوردانی فەیلی بۆ ئێران و کۆچێکردن و نەفیکردنێکی دیکە بۆ شارەکانی خوارووی عێراق و دەستگیرکردنی زیاتر لە ٢٠ هەزار گەنجی کوردی فەیلی و کوشتنی ژمارەیەکی زۆریان و تاڵانکردنی ماڵ و حاڵیان و لێسەندنەوەی ڕەگەزنامە و بەڵگەنامەکانیان و دوورخستنەوەیان بوو لە پێناو لاوازکردنی پێگەیان لەناو جەرگەی بەغدا و شارەکانی دیالە و کەرکووك تا بەسرا، بەڵگەنامەکان ئەوەیان سەلماندووە، بە زۆرملێ کۆچکردنی کوردانی فەیلی زیاتر لە ٣٨٠ هەزار کەس بووە، بەداخیشەوە لە دوای ڕاپەڕین و ڕووخانی ڕژێمی بەعسیش سەرکردایەتیی سیاسیی کوردستان بە هەمان ڕێچکەی مەلا مستەفا بارزانی گرینگییان بە کوردانی فەیلی نەدا، تا وای لێهات زۆر لە حزبە شیعەکانی عێراق وایان کرد کوردانی فەیلی پەرش و بڵاو ببنەوە و پێگە و هێزیان لاواز بکرێت. ئێمە ئومێدمان زۆرە سەرۆك مسعود بارزانی بە هەمان ڕێچکەی مەلا مستەفا بارزانی ڕۆڵی خۆی بگێڕێت بۆ کۆکردنەوە و گەڕانەوەی پێگە و هێزی کوردانی فەیلی، سازدانی کۆنگرەی بەجینۆسایدناساندنی کوردانی فەیلی لە هەولێر ئەو ئومێدەی بۆ زیندوو کردینەوە.

*** هەڵبەتە لە دەرەوەی بەغداش هەڵمەتێکی دڕندانەی دیکە بەڕێوە دەچوو، بۆ دەرکردن و تەعریبکردنی ماڵ و موڵکی کوردانی فەیلی، ئەگەر باسی کوردانی مەندەلی بکەین، لەوێ دۆخەکە چۆن بوو؟**

- لە شۆڕشی ئەیلوول ٥٠٠ گەنجی شاری مەندەلی لە کوردانی فەیلی پەیوەندییان بە ڕیزەکانی پێشمەرگەوە کرد و شەهید و قوربانیمان لەو شۆڕشەدا بەخشی. خێزانە کوردەکانی مەندەلی ئەوەندە مەلا مستەفا بارزانییان خۆش دەویست، وێنەی مەلا مستەفا بارزانی لە ماڵەکانیاندا هەڵدەواسی، پیاوانی ڕژێم زۆر ترسیان لەم پەیوەندییە کرد و چاریان نەما جگە لە کۆچێکردن و وێرانکردنی گوندەکانمان، هەر بۆیە شوێنەوارەکانی تەعریب و تەرحیل لە ڕۆژهەڵاتی دیجلە تاکو ئەمڕۆش دیار و بەرچاوە.

*** وەکو ڕۆشنبیر و کەسایەتییەکی ناو کوردی فەیلی، پێشنیارت چییە بۆ دووبارە زیندووکردنەوە و کۆکردنەوەی کوردانی فەیلی و گەڕانەوەی پێگەیان لە ناو بەغدا و شارە کوردستانییەکانی دەرەوەی ئیدارەی هەرێم؟**

- کوردی فەیلی شەرم و ترسی لە کوردبوونی خۆی نییە، شانازی بە کوردایەتی و نەتەوەی خۆیەوە دەکات، ئەوەی دەمێنێتەوە کۆکردنەوەی ئەو پەرشوبڵاوی و لاوازبوونەی پێگەی کوردانی فەیلییە لە بەغدا و ناوچەکانیان، بۆ ئێمە جێگای شانازییە کاتێك سەرۆك بارزانی باسی کورد دەکات، لە پێش قوربانیی بارزانییەکانەوە باسی کوردانی فەیلی دەکات، بەداخەوە پێشنیارەکەی بۆ دامەزراندنی سەنتەرێك و دامەزراوەیەك بۆ بەڕێوەچوونی کاروباری کوردانی فەیلی دیار و ڕوون نییە، کە من زۆر بە پێویستی دەزانم، ئەم دامەزراوەیە لەناو چوارچێوەی حکومەتی هەرێمی کوردستاندا بێت، تاوەکو ئەو مەکتەبە ڕاستەوخۆ پەیوەندیی بە سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستانەوە هەبێت و بەرگری و پارێزەری مافەکانی کوردانی فەیلی بێت، چونکە لە دوای ڕووخانی ڕژێمی بەعسەوە وەکو پێویست گرینگی بە کوردانی فەیلی نەدراوە، بەتایبەتی لەلایەن پارتی و یەکێتی، هەر بۆیە حزب و لایەنی سیاسیی دیکە لە عێراقدا ئەم پەراوێزخستنە کە لەناو جەرگەی بەغدا، ٣٠٠ تا ٤٠٠ هەزار کوردی فەیلی هەن تاوەکو دیالە و ناسرییە و دیوانییە و نەجەف و کەربەلا و بەسرا، ئەو حزبانە دۆخەکەیان قۆستووەتەوە و کوردانی فەیلیان بۆ خۆیان ڕاکێشاوە.

**مەلا مستەفا بارزانی کەسایەتییەکی نیشتمانپەروەر و نەتەوەیی و دڵسۆز بوو، بیروباوەڕی کوردایەتی و بەرگریکردن لە مەزڵووم و چەوساوە وای لە هەموو پێکهاتەکانی گەلی کورد کردبوو لە دەوری کۆببنەوە**

**براکەم لە ناو سوپای عێراقدا بوو، ویستیان لە خێزانەکەی جیای بکەنەوە، کە ڕازی نەبوو، پیاوانی ڕژێم دەستیان بە سەر ماڵ وحاڵیدا گرت و ڕاپێچی ئێرانیان کردن**

**لە دوای ڕاپەڕین و ڕووخانی ڕژێمی بەعسیش سەرکردایەتیی سیاسیی کوردستان بە هەمان ڕێچکەی مەلا مستەفا بارزانی گرینگییان بە کوردانی فەیلی نەدا، تا وای لێهات زۆر لە حزبە شیعەکانی عێراق وایان کرد کوردانی فەیلی پەرش و بڵاو ببنەوە و پێگە و هێزیان لاواز بکرێت**

**بۆ ئێمە جێگای شانازییە کاتێک سەرۆک بارزانی باسی کورد دەکات، لە پێش قوربانیی بارزانییەکانەوە باسی کوردانی فەیلی دەکات**




**د. جەمیل عەلی ڕەسووڵ سوورچی**

**پسپۆڕ لە فیقهی بەراورد، ڕاگری کۆلیژی زانستە ئیسلامییەکان لە زانکۆی سەلاحەدین بۆ گوڵان:**

# خۆشەویستیی خاک و نیشتمان و گەل شتێکی خۆڕسکە لە ناخی مرۆڤەکان، ئایینی ئیسلامیش بە چەندین دەقی پیرۆز پاڵپشتی لێ کردووە

# لەم دواییانەدا چەندین گرووپ و ڕەوتی توندڕەو دروست بوون، ئەگەر دەستیان بڕوات، خەڵکیتر تەکفیر دەکەن و سەر و ماڵیان حەڵاڵ دەکەن

**گەلی کورد لە دێرزەمانەوە پابەندی ئایینی ئیسلامە و بە پاکی و هەستی بەرز خزمەتی ئیسلامی کردووە، بەڵام لە دوای ڕووخانی خەلافەتی ئیسلامی لە ئەستەنبوڵ، فۆرمێکی تازە لە جیهانی ئیسلامی دروست بوو، کە بەمەش موسڵمانان تووشی دابەشبوون هاتن و گرووپ و کەسانێ پەیدا بوون کە دەیانەوێت جارێکی دیکە گەلی کوردستان وەك ئەوەی موسڵمان نەبێت، موسڵمانی بکەنەوە. هەروەها لایەن و کەسانێك هەن، ڕێز لە نەتەوە و خاك و پیرۆزییەکانی نیشتمان ناگرن. بۆ تاوتوێکردنی ئەو پرسە و چەندین پرسی دیکەی پەیوەندیدار، گۆڤاری گوڵان دیمانەیەکی لەگەڵ پرۆفیسۆر دکتۆر جەمیل عەلی ڕەسووڵ سوورچی ڕاگری کۆلیژی زانستە ئیسلامییەکان لە زانکۆی سەلاحەدین ئەنجام دا.**

* گەلی کورد لە دێرزەمانەوە پابەندی ئیسلام بووە و هەمیشە بە پاکی هەستی بەرزی دینداری خزمەتی ئیسلامی کردووە و، قەت ئایینی بۆ مەرامی سیاسی بەکار نەهێناوە، بەڵام لە دوای ڕووخانی خەلافەتی ئیسلامی لە ئەستەنبوڵ، فۆرمێکی تازە لە جیهانی ئیسلامی دروست بوو، موسڵمانان تووشی دابەشبوون بوون. ئایا تاچەند ئەم دابەشبوونە خزمەتی بە ئیسلام کردووە؟

- بە دڵنیاییەوە گەلی کورد هەر لەو کاتەی کە ئایینی ئیسلامی قبووڵ کردووە بە شێوەیەکی ڕاست و دروست پابەندی ئیسلام بووە، خزمەتی زۆریشی پێشکەش کردووە. مێژوو و پەرتووکخانەی ئیسلامیش گەواهیدەری ئەم ڕاستییەن. لەلایەکی دیکەوە تا ڕووخانی خەلافەتی ئیسلامی فۆرمێکی تایبەت هەبوو لە جیهانی ئیسلامی، دواتریش فۆرمێکی جیاواز دروست بوو، کە بە تەئکید پەرتەوازەیی و دابەشبوونی موسڵمانان بە سەر گرووپ و ئایدیای جیاوازدا، زیانی زۆری لە موسڵمانان داوە لە نێویشیاندا گەلی کوردی موسڵمان. پێموایە پێشتر دوور لە مەرامی سیاسی هەموویان کاریان دەکرد بۆ خزمەتی ئیسلام، ڕەنگە دواتر دەستی دەرەکی و تێکدەر زۆر جار چەندین گرووپیان بەکار هێنابێت بۆ ئەجێندا و بەرژەوەندیی خۆیان، کە دابەشبوون بەسەر چەندین بەرەو و ئاراستەی جیاواز بووە، ئەمەش دابەشبوونی کۆمەڵگەی بەدوای خۆیدا هێنا و زیانی زۆری لە هەمووان دا، تا ئێستاش ئەم شێوازە بەردەوامی هەیە.

* ئێمەی کورد وەك گەلێکی موسڵمان، خاوەنی مێژوویەکی پاکی موسڵمانێتی و کوردایەتین و چەندین زانای گەورەی ئیسلامیمان هەیە، هەر لە ئەحمەدی خانی تا دەگاتە مەولەوی و نالی، ئایا تا چەند گرینگە ئەم مێژووە فەرامۆش نەکرێت و نەشێوێندرێت؟

- گەلی کورد خاوەن مێژوویەکی دەوڵەمەندە، بەتایبەت لە پاش موسڵمانبوونی، سەلمێنەری ئەم ڕاستییە، بریتییە لە بوونی نووسەری گەورە کە بەشداربوون لە دروستکردنی شارستانیی ئیسلامی و خزمەتی گەورەیان پێشکەش کردووە بە زانستە ئیسلامییەکان، وەك ئیبنولئەسیر، ئیبنولخەلەکان، ئیبنولحاجیب و ئیبنولسەلاحی شەهرەزووری و دەیان سەرکردەی عەسکەریشیان هەبووە کە خزمەتی دەوڵەتی ئیسلامییان کردووە، کە دیارترینیان سەلاحەدینی ئەیوبی

**سەرکردە و شۆڕشگێڕەکانمان دەرچووی مزگەوت و حوجرەکان بوون، وەک شێخ سەعیدی پیران، قازی محەمەد، شێخ مەحموودی حەفید، شێخ عەبدولسەلامی بارزانی و مەلا مستەفای بارزانی**

**پێویستە مێژووی پرشنگداری خۆمان لە بیر نەکەین و پابەند بین بەم کەسە مەزن و خاوەن شکۆیانە و ڕۆڵەکانمان ئاشنا بکەین بە ڕابردووی پاکی خۆمان**

**پێویستە ڕۆڵەکانمان ڕابێنین لەسەر خۆشەویستییان بۆ نیشتیمان و بوونی ئینتیما بۆ خاکیان بۆ ئەوەی خزمەتی بکەن و لە کاتی پێویست بەرگری لێ بکەن**

**ئەو برایەتییەی کە ئیسلام دایناوە لە نێو گەلانی موسڵمان و سەرکردە و سیاسییانی گەلانی دیکە کە دراوسێی کوردن، لە ڕابردوو و ئێستاشدا وەک پێویست ڕەچاوی ناکەن**

**زۆر جار ئایینیان وەک چەک بەرانبەر بە گەلی ئێمەی موسڵمان بە کارهێناوە و لەژێر ئایەتە پیرۆزەکانی قورئانی پیرۆز بڕیاری کوشتن و ئەنفالکردنیان بۆ دەرکردووین**

**ئیسلام ئایینێکی جیهانییە و قەتیس کراو نییە تەنیا لەسەر نەتەوەیەک، یان گرووپێک، یان ڕەوتێک، تا تەنیا خۆیان بە خاوەنی بزانن و چۆنیان بوێت بەو شێوازە بۆ بەرژەوەندیی خۆیان تەفسیری بکەن**

بووە. لە مێژووی کۆن و هاوچەرخیش دیوان و شیعری ئەدیب و شاعیرەکانمان وەك ئەحمەدی خانی، مەلای جەزیری، مەولەوی، مەحوی، نالی و بێخود، گەواهیدەری ئەم ڕاستییەن، هەروەك سەرکردە و شۆڕشگێڕەکانمان دەرچووی مزگەوت و حوجرەکان بوون، وەك شێخ سەعیدی پیران، قازی محەمەد، شێخ مەحموودی حەفید، شێخ عەبدولسەلامی بارزانی و مەلا مستەفای بارزانی. هەموو ئەمانە پێمان دەڵێن، پێویستە مێژووی پرشنگداری خۆمان لە بیر نەکەین و پابەند بین بەم کەسە مەزن و خاوەن شکۆیانە و ڕۆڵەکانمان ئاشنا بکەین بە ڕابردووی پاکی خۆمان، بۆ ئەوەی کەسانی قین لە دڵ نەتوانن مێژوومان بشێوێنن و ڕۆڵەکانمان تەفرە بدەن، ئەمەش ئەرکی ئێستای دەسەڵاتدارانی کوردە بۆ ئەوەی گەلەکەمان بەرانبەر نەیار و دوژمنانی بە سەربەرزی بمێنێتەوە.

*** بەپێی ئەو بیروباوڕانەی دروست بوون، دەرکەوتووە کە بەشێك لەوانەی هەڵگری ناسنامەی ئایینن، بایەخ بە پرسی خاك و نەتەوە نادەن، ئایا سڕینەوەی ئینتیما، یان پەراوێزخستنی پیرۆزییەکانی نیشتمان کارێکی ڕەوایە؟**

- خۆشەویستیی خاك و نیشتیمان و گەل شتێکی خۆڕسکە لە ناخی مرۆڤەکان، ئایینی ئیسلامیش بە چەندین دەقی پیرۆز پاڵپشتی لێ کردووە. لە بەر ئەوە ناکرێت مرۆڤ حاشا لەو ڕاستییە بکات، هەر کاتێکیش هەر گرووپ و حزبێك لەژێر هەر ناوێك کەمتەرخەمی بەرانبەر ئەم ئەرکە پیرۆزە بکات، ئەوە زیان بەو کەسانە دەگەیەنێت کە گوێڕایەڵی دەبن، چونکە دووریان دەخاتەوە لە فیترەتی ڕاستەقینەی خۆیان و کارەساتی گەورەی لێ دروست دەبێت بۆ دوارۆژ، لەبەر ئەوە پێویستە ڕۆڵەکانمان ڕابێنین لەسەر خۆشەویستییان بۆ نیشتیمان و بوونی ئینتیما بۆ خاکیان بۆ ئەوەی خزمەتی بکەن و لە کاتی پێویست بەرگری لێ بکەن، بۆ ئەوەی گەلەکەمان بە زیندوویی بمێنێتەوە و دوژمنان نەتوانن لەم ڕێگەوە لەناومان ببەن.

*** هەندێ جار زیانی گەورە لە گەلی کورد دراوە و ویستوویانە پێگەکەشی لەکەدار بکەن و نیشانەی پرسیار لەسەر موسڵمانێتیی کورد دابنێن. ئایا ئیسلام تەنیا ئەوەیە لە دەلاقەی گرووپێکەوە پێناسە بکرێت، یان مەبەست و ئەجێندای دی لەپشت ئەو جۆرە دەست و هەوڵانە هەیە بۆ شکاندنی کورد و دروستکردنی لەمپەر لە بەردەم گەیشتن بە مافەکانی؟**

- بەداخەوە ئەو برایەتییەی کە ئیسلام دایناوە لە نێو گەلانی موسڵمان و سەرکردە و سیاسییانی گەلانی دیکە کە دراوسێی کوردن، لە ڕابردوو و ئێستاشدا وەك پێویست ڕەچاوی ناکەن، بەڵکو بەردەوامن لە چەوساندنەوەی گەلەکەمان و داگیرکردنی خاك و نیشتمانی و ڕێگە نادەن بە گەلەکەمان بۆ ئەوەی بە ئازادی لە سەر خاکی خۆی بژی و وەك گەلانی دیکەی موسڵمان خۆی حوکمی خۆی بکات، لەگەل ئەوەشدا زۆر جار ئایینیان وەك چەك بەرانبەر بە گەلی ئێمەی موسڵمان بە کارهێناوە و لەژێر ئایەتە پیرۆزەکانی قورئانی پیرۆز بڕیاری کوشتن و ئەنفالکردنیان بۆ دەرکردووین، ئەمەش بەڕاستی تیرۆرێکی سیاسییە کە دەوڵەتانی دراوسێ بەرانبەرمان بەکاری دێنن، کە لە هیچ شوێنێکی ئایینی پیرۆزی ئیسلام جێگای نابێتەوە. ئایین خۆی دوورە لەم کارە ناشیرین و ستەمکارەی ئەوان. بەڵام دیار و ڕوونە کە ئیسلام ئایینێکی جیهانییە و قەتیس کراو نییە تەنیا لەسەر نەتەوەیەك، یان گرووپێك، یان ڕەوتێك، تا تەنیا خۆیان بە خاوەنی بزانن و چۆنیان بوێت بەو شێوازە بۆ بەرژەوەندیی خۆیان تەفسیری بکەن و فەتوای بەناوەو بدەن، بۆ ئەوەی نەتەوەیەك ناشیرین بکەن و مێژووەکەی بشێوێنن.

*** باس لە بەرهەمهێنانی توندوتیژی و تیرۆر دەکرێت، هەندێ گرووپی توندڕەو پەیدا بوون، هەوڵی چاندنی تۆوی توندوتیژی و ئیرهاب لە کۆمەڵگە دەدەن، ئەم توندوتیژییە تاچەند کۆمەڵگە بەرەو ناسەقامگیری و کاولبوون دەبات؟**

- کۆمەڵگەی ئێمە لە کۆنەوە ئایینی ئیسلامی بە فۆڕمێکی دروست وەرگرتووە، لەبەر ئەوە لە ڕابردوو لە کوردستان هیچ توندوتیژییەك بە ناوی ئایینەوە لەنێو پێکهاتەکان دروست نەبووە و، کەس تۆمەتی تەکفیری بەرانبەر کەسێکیتر بەکار نەهێناوە بۆ

ئەوەی خوێن و ماڵی حەڵاڵ بکات. بەداخەوە لەم دواییانەدا چەندین گرووپ و ڕەوتی توندڕەو دروست بوون کە ئەگەر دەستیان بڕوات خەڵکیتر تەکفیر دەکەن وسەر و ماڵیان حەڵاڵ دەکەن و هەرێمەکەمان بەرەو تونێلێکی تاریك دەبەن، ئەمەش نامۆیە بە ڕابردووی گەلی کوردستان و خودی ئایینی پیرۆزی ئیسلام، لە بەر ئەوە لێرەدا گرینگیی بوونی قوتابخانە و پەیمانگا و زانکۆ و کۆلێژ و ناوەندە زانستیەکانی فەرمی پەیوەست بە ئایین بە دیار دەکەوێت بۆ دروستکردنی مامۆستایانی ئایینی و بانگخوازان بە شێوازێکی ئەکادیمی و میانڕەو

پەیوەست بە بنەماکانی فیقهی ئیسلامی وەك بابەتێکی سەرەکی و هەستیار باسی لێوە دەکرێت، بەڵکو هەندێك پەرتووکی تایبەت بەم بابەتە نووسراون، کەسی موفتی چەندین مەرج و ئادابی زۆر قورسی بۆ دانراوە بۆ ئەوەی مەرامی شەخسیی خۆی تێکەڵ بە فەتوا نەکات و لە ڕوانگەی دەقە پیرۆزەکانەوە فەتوا بدات، لە بەر ئەوە بە هیچ شێوازێك فەتوا نابێت بە سیاسی بکرێت. هەر فەتوایەك کە مەرامی سیاسی لە دواوە بێت، فەتوایەکی دوورە لە ڕۆح و مەبەستەکانی دەقە پیرۆزەکانی ئیسلام، لە بەر ئەوە پێویستە دامودەزگاکانی

**هەر فەتوایەک کە مەرامی سیاسی لە دواوە بێت، فەتوایەکی دوورە لە ڕۆح و مەبەستەکانی دەقە پیرۆزەکانی ئیسلام**



و دوور لە هزری توندڕەوی لە کوردستان.

*** خاڵێکی دیکەی مەترسیدار لە گرووپە توندڕەوەکان مەسەلەی دووبارە تەفسیرکردنەوەی «فەتوا»دانە، فەتوادانی بێ بنەما و بۆ چەواشەکاریی خەڵك، ئایا ئەمە بێماناکردنی فەتوا و دروستکردنی ئاژاوەوە نییە لە کۆمەڵگە؟**

- فەتوا لە ڕوانگەی ئیسلام بریتییە لە خستنەڕووی بۆچوونی شەرعناسان سەبارەت بە پرسێکی دیاریکراو لە دیدگای شەریعەت و فیقهی ئیسلامییەوە، بۆیە زانایانمان لە کۆن و ئێستادا زۆر بە گرینگی دەڕواننە فەتوا، زۆر بە هەستیاریشەوە هەڵسوکەوتی لەگەڵ دەکەن، چونکە فەتوا پەیوەستە بە مافەکانی خەڵك، لە بەر ئەوە دەبینین لە هەموو کتێبەکانی

پەیوەست بە بەڕێوەبردنی کاروباری ئایینی کەسانی بژاردە و شیاو لە ڕووی زانستییەوە ڕابسپێرن بۆ ئەم ئەرکە قورسە، هەروەها هەموو ئەو کەس و لایەنانە قەدەغە بکەن لە فەتوادان کە مەرج و پێویستییەکانی فەتوادانیان تێدا نییە، چونکە هەر کاتێك کەسانی نەشیاو لە ڕووی زانست و داناییەوە دەستیان بۆ فەتوا برد، ئەوە لە گرینگی و پێگەی فەتوا کەم دەکەنەوە و ڕووی جوانی ئایین لە پێش چاوی خەڵك ناشیرین دەکەن، وەك زۆر جار کەس و گرووپە توندڕەوەکان لە ڕێگەی فەتواوە سەر و ماڵی خەڵکیان حەڵاڵ کرد و کێشە و ئاژاوەی زۆریان دروست کرد بۆ کۆمەڵگە و، ئەمن و ئەمانیان تێکدا بە ناوی ئایینەوە کە ئایین خۆی دوورە لەم جۆرە فەتوایانە.

**کەسی موفتی چەندین مەرج و ئادابی زۆر قورسی بۆ دانراوە بۆ ئەوەی مەرامی شەخسیی خۆی تێکەڵ بە فەتوا نەکات و لە ڕوانگەی دەقە پیرۆزەکانەوە فەتوا بدات**



**مەزڵووم ئورفەیی**
ئەندامی پێشووی پەکەکە بۆ گوڵان:

# چەکدارانی پەکەکە بارودۆخی داراییان زۆر خراپە و سەرانە لە خەڵک وەردەگرن

# چەکدارانی پەکەکە سوپای تورکیایان بۆ باشووری کوردستان پەلکێش کرد

شوێنی ڕاستەقینەی پەکەکە باکووری کوردستانە، بەڵام قەندیلی لە باشووری کوردستان داگیر کردووە و بووەتە سەرئێشە بۆ هەرێمی کوردستان و چەندین جار پەلاماری هێزی پێشمەرگەی داوە، ماوەیەکیشە بە شێوەی گرووپ لە چەندین شوێنی کوردستان دەردەکەون، کە بوونەتە هۆکاری ئەوەی درۆنەکانی تورکیا بۆردومانی ئەو شوێنانە بکەن. لەسەر ئەم پرسە گۆڤاری گوڵان دیدارێکی لەگەڵ مەزڵووم ئورفەیی ئەندامی پێشووی پەکەکە ئەنجام دا و بەمجۆرە وەڵامی پرسیارەکانی دایەوە.

* ئایا پەکەکە لایەنێکی نەتەوەیی کوردستانییە، یان لەو بەرنامە و پەیڕەوە دوورە؟ بۆچی باکووری کوردستان کە شوێنی ڕاستەقینەی ئەوانە و چیاکانی باکووری کوردستانیش لە چیاکانی هەرێمی کوردستان سەختترن، کەچی هاتوونەتە باشووری کوردستان و بەم هۆیەوە سوپای تورکیایان ڕاکێشاوەتە هەرێمی کوردستان؟

- چەکدارانی پەکەکە بە هیچ شێوەیەك بیری نەتەوەیی و سەربەخۆییان بۆ کوردستان نەبووە، بەڵکو لەسەر بیر و پرۆگرامی چەپ دروست بوون، ئەو لایەن و پارتە کوردستانییانەشیان خۆش ناوێت کە بۆ ئازادی و سەربەخۆیی کوردستان هەوڵ دەدەن، هەر ئەمەشە وای کرد، پەلاماری هەرێمی کوردستان بدەن و قەندیل و چەند ناوچەیەکی سنووری داگیربکەن، بەم هۆیەشەوە بوونەتە هۆکاری پەلکێشکردنی سوپای تورکیا بۆ ناو هەرێمی کوردستان. چەکدارانی پەکەکە زیاتر لە دە ساڵ دەبێت بە فەرمانی هەڵە و ڕەفتاری خراپی سەرکردەکانیان دەجووڵێنەوە و توانایی شەڕی سوپای تورکیاشیان نییە، بەڵکو مەبەستیان تەنیا نانەوەی کێشە و گرفتە بۆ هەرێمی کوردستان. بەو ڕەفتار و کارە خراپانەی کە دوورە لە هزری نەتەوەیی و کوردستانی پەکەکە سەلماندوویانە کە نایانەوێت هێمنی و سەقامگیرییەیی لە هەرێمی کوردستان بەرقەرار بێت، چونکە هەرێمی کوردستان لە دوای ساڵی ١٩٩١ کە لە ڕژێمی بەعس ڕزگاری بوو، بووەتە پەناگە وماڵێکی گەورە و ئاسوودە بۆ هەموو کوردێکی هەر چوار پارچەی کوردستان، لەلایەکی دیکەوە پەکەکە شوێنی ڕاستەقینەی خۆیان کە باکووری کوردستانە، لەوێش چیا و شاخی زۆر سەختتر و بەهێزتری هەیە لەوەی لە باشووری کوردستان هەیە، بەڵام چەکدارانی پەکەکە بەتایبەت سەرکردەکانیان لەپێناو مانەوە و بەرژەوەندیی کەسێتی خۆیان، چەندین کەسیی هەژار و نەتەوەییان هەڵخەڵەتاندووە، بە شێوەی گرووپی چەکداری لێرە و لەوێ لە باشووری کوردستان لە چەند دەڤەر و شوێنێك جموجووڵی بێمانایان پێ ئەنجام دەدەن. چەکدارانی پەکەکە هۆکاری ئەوەن سوپای تورکیا پەلکێش بکەنە ناو سنووری هەرێمی

**چەکدارانی پەکەکە بە هیچ شێوەیەک بیری نەتەوەیی و سەربەخۆییان بۆ کوردستان نەبووە، بەڵکو لەسەر بیر و پرۆگرامی چەپ دروست بوون**

**چەکدارانی پەکەکە زیاتر لە دە ساڵ دەبێت بە فەرمانی هەڵە و ڕەفتاری خراپی سەرکردەکانیان دەجووڵێنەوە و توانایی شەڕی سوپای تورکیاشیان نییە**

**هەموو ئەم کردارانەی پەکەکە تەنیا بۆ ئەوەیە بەپێی ویست و خواستی ئاغاکانیان و حەشدی شەعبی هەڵسوکەوت بکەن کە چاویان بە هەرێمی کوردستان هەڵنایەت**

**جەنابی سەرۆک بارزانی وەک مەرجەعی نەتەوەیی دەستپێشخەری کرد و هەوڵێکی زۆری دا، کێشەی باکووری کوردستان لەگەڵ تورکیا بە ئاشتی و دیالۆگ چارەسەر بکات**

**پەکەکە و سەرکردەکانیان لە دامەزراندنیانەوە دژایەتیی خۆیان بۆ پارتی دیموکراتی کوردستان و ئەو ڕێبازە شۆڕشگێڕی و نەتەوەییەی ماڵباتی بارزانی دەربڕیوە**

**چەندین جار چەکدارانی پەکەکە کێشە و گرفتیان بە مەبەستی شەڕکردن لەگەڵ هێزی پێشمەرگەی کوردستان ناوەتەوە، بەڵام سەرکردایەتی سیاسی پارتی و کوردستان وایان کردووە، بەریەککەوتن لە نێوانیان دروست نەبێت**

کوردستانەوە، بەمەش زیاتر لە (٦٠٠) گوند چۆڵ کراوە، لە ناوچەکانی سلێمانی نائارامی و پشێوییان دروست کردووە و لە چەند ساڵی ڕابردوودا درۆنەکانی تورکیا ناحیەی تەکیە و ئیدارەی ڕاپەڕین و گەرمیانیان بۆردمان کردووە، لە هەفتەی ڕابردوو چەند گوندێکی سنووری قەزای ماوەتیشیان بۆردمان کرد. هەموو ئەم کردارانەی پەکەکە تەنیا بۆ ئەوەیە بەپێی ویست و خواستی ئاغاکانیان و حەشدی شەعبی هەڵسوکەوت بکەن کە چاویان بە هەرێمی کوردستان هەڵنایەت.

*** بۆچی پەکەکە پرۆسەی ئاشتی کە جەنابی سەرۆک بارزانی دەستپێشخەری بۆ کرد و ویستی کێشەی چەکدارانی پەکەکە لەگەڵ تورکیا بە دیالۆگ چارەسەر بکات، لەباریان برد؟**

- لە مەنهەج و بەرنامە و پرۆگرامی پەکەکە بە هیچ شێوەیەك دیالۆگ و گفتوگۆ جێگای نابێتەوە، چونکە باوەڕیان وایە کە ئاشتی هەموو مەرام و مەبەستەکانیان لەناو دەبات. ئەگەرچی دەزانین ئێستا سەردەمی دیالۆگە و هیچ شتێك بە شەڕ نایەتەدی، بۆ ئەوەی میللەتی کوردی باکووری کوردستان چیتر تووشی نەهامەتی و شەڕ و کوشتن نەبێتەوە، جەنابی سەرۆك بارزانی وەك مەرجەعی نەتەوەیی دەستپێشخەری کرد و هەوڵێکی زۆری دا، کێشەی باکووری کوردستان لەگەڵ تورکیا بە ئاشتی و دیالۆگ چارەسەر بکات، کەچی چەکدارانی پەکەکە بەتایبەتی سەرکردەکانیان زانییان بەو ڕێگایە بەرژەوەندییەکانیان نامێنێت، بۆیە چارەسەری ئاشتییانەی کێشەی کوردیان ڕەت کردەوە. لەلایەکی دیکە پەکەکە و سەرکردەکانیان لە دامەزراندنیانەوە دژایەتیی خۆیان بۆ پارتی دیموکراتی کوردستان و ئەو ڕێبازە شۆڕشگێڕی و نەتەوەییەی ماڵباتی بارزانی دەربڕیوە، بۆیە زیاتر دژایەتیی ئەو پرۆسەی ئاشتییەیان کرد کە جەنابی سەرۆك مەسعود بارزانی هەنگاوی گەورە و پراکتیکی بۆ نابوو، سەرەڕای ئەمەش بە فیتی سەرکردەکانی پەکەکە شەڕێکی ماڵوێرانی بە ناوی شەڕی خەندەقیان لەگەڵ سوپای تورکیا لە ناو گوند و شارەکانی باکووری کوردستان نایەوە، کە بووە هۆی ئەوەی بە دەیان و سەدان خەڵکی باکووری کوردستان بکوژرێن و لەسەر ماڵ و گوند و شوێنی خۆیان کۆچ بکەن، کە ئەم شەڕە لە مێژووی باکووری کوردستان کەم وێنە بووە لە خوێناویبوون و ماڵ کاوڵبوون بۆ کوردانی باکووری کوردستان، لە ئەنجامیشدا پرۆسەی ئاشتییەکە سەری نەگرت.

*** هۆکار چییە پەکەکە ماوەی زیاتر لە دوو ساڵە خۆی لەچەند گرووپێکی چەکدار دەبینێتەوە، بەتایبەت لە هەندێ ناوچە و دەڤەری باشووری کوردستان؟**

- چەکدارانی پەکەکە توانایی سەربازی و شەڕیان نەماوە، بەتایبەتی شەڕی ڕووبەڕوو لەگەڵ سوپای تورکیا کە سوپایەکی پڕ چەك و بەهێزە، هەروەها لەو پیلان و ڕەفتارانەیان دەرهەق بە هەرێمی کوردستان سەرکەوتوو نەبوون، لە سایەی حیکمەتی جەنابی سەرۆك بارزانی کە فەرمووی شەڕی کورد و کورد حەرامە و بە هیچ جۆرێك نابێت ئەمە ڕوو بدات. هەر چەندە چەندین جار چەکدارانی پەکەکە کێشە و گرفتیان بە مەبەستی شەڕکردن لەگەڵ هێزی پێشمەرگەی کوردستان ناوەتەوە، بەڵام سەرکردایەتی سیاسی پارتی و کوردستان وایان کردووە، بەریەککەوتن لە نێوانیان دروست نەبێت، بەڵام چەکدارانی پەکەکە هەستاون بە دانانی بازگە و نانەوەی کێشە لە بەردەمی هێزی پێشمەرگە کە شەهید و برینداریش لە هێزی پێشمەرگە بووە. هەموو ئەوانە و بەرژەوەندییە کەسییەکانی سەرکردەکانی پەکەکە وای کردووە، لە چەندین ناوچە و دەڤەر بەتایبەتی لە سنووری پارێزگای سلێمانی بە شێوەی گرووپی بچووك دەربکەون، ئەم ڕەفتار و کردەوانەشیان تەنیا بۆ ئەوەیە کە هێمنی و سەقامگیریی هەرێمی کوردستان بشێوێنن و کێشە و گرفتی بۆ دروست بکەن. ئەو ڕەفتارە خراپانەی چەکدارانی پەکەکە لە باشووری کوردستان ئەنجامی دەدەن، بە پاڵپشتیی داگیرکەرانی کوردستانە، بەتایبەتی بە فیت و پیلانی ئێران و میلیشیاکانی حەشدی شەعبی و وڵاتانی دیکەی هەرێمایەتییە.

*** ئایا بارودۆخی دارایی و لۆجستیکی پەکەکە لە ئێستادا چۆنە؟**

- ئێستا بارودۆخی دارایی چەکدارانی پەکەکە زۆر خراپ و سەختە و لە ڕووی ئازووقە و چەك و تەقەمەنیش بەو جۆرە نییە کە شایانی باسکردن بێت. پەکەکە لە سەرەتای دامەزراندنی تا چەند ساڵێك پێش ئێستا، پەناهەندەکانی کووردی باکوور، بەتایبەتی ئەوانەی لە وڵاتانی ئەورووپا و ئەسکندەناڤی نیشتەجێن، مانگانە یارمەتی و هاوکارییان کۆدەکردەوە و بۆیان ڕەوانە دەکردن، ئێستا ئەو هاوکاری و یارمەتییەی کوردانی ئەورووپا زۆر کەم بووەتەوە، چونکە ڕێکخستن و پەناهەندەکانیش بۆیان دەرکەوت کە پەکەکە ئەو لایەن و پارتە نییە، کار بۆ ڕزگاری و سەربەخۆیی کوردستان بکات. هاوکات پەکەکە هەندێك بازرگانی لەگەڵ وڵاتانی وەك چین و ڕووسیا ئەنجام دەدا، ئێستا ئەوەش نەماوە، هەر بۆیە چەکدارانی پەکەکە لە ڕێگای ئەو گرووپانەیان بە چەندین شێوە پارە و پێداویستی کۆدەکەنەوە، بەتایبەتی بە وەرگرتنی سەرانە لەناو خاکی هەرێمی کوردستان، لەو شوێن و بازگانەی کە کاسبکاران بەکاری دەهێنن کە بازگەی فەرمی نین.

پەکەکە لە ئێستادا وەك تاقم و گرووپێکی چەکداری لە ناوچەکەدا لە ئامادەباشیدایە بە فیت و پیلانی وڵاتانی داگیرکەری کوردستان وەك ئێران و ڕژێمی سووریا و حەشدی شەعبی و وڵاتی دیکەش لە هەر شوێنێك پێویست بکات، یان فەرمانیان پێ بکەن، شەڕ و کێشە و پشێوی بۆ حکومەت و دامودەزگا شەرعییەکانی هەرێمی کوردستان بنێنەوە، کە ئەمەش تەنیا مەبەستیان چاوهەڵنەهاتنە بەو پێشکەوتن و ئاوەدانییەی لەو هەرێمە فیدراڵ و سەقامگیرەی کوردستان هەیە. نموونەیەك لەو کارە قێزەونانەی پەکەکە لەوبارەوە دەخەمەڕوو. چەکدارانی پەکەکە هیچ کار و ئیشێکیان لە شنگال نییە و ڕێککەوتنێك بۆ ئاوەدانکردنەوە و ئاساییکردنەوەیی سنوورەکە لە نێوان حکومەتی کوردستان و بەغدا هەیە، تا ئێستا جێبەجێ نەکراوە، ئەمەش بە هۆی مانەوە و چۆڵنەکردنی ناوچەکەیە لەلایەن چەکدارانی پەکەکەوە، لەو پیلانەشدا بە هاوکاری و پشتگیریی حەشدی شەعبییە هەر بەو هۆیەشەوە زیاتر لە هەزار چەکداری پەکەکە لەلایەن حەشدی شەعبییەوە مووچەو هاوکاری و یارمەتی لۆجستێکی وەردەگرن.

*** ئایا پەکەکە پابەندە بە بنەماو مەرجەکانی ماڤی مرۆڤ، چونکە لەوەتەی هەندێ شوێن و ناوچەیان لە باشووری کوردستان داگیر کردووە، هەوڵی بەردەوام بۆ هەڵخەڵەتاندن و چەکدارکردنی کچ و کوڕانی خوار تەمەنی ١٨ساڵانە لە باشووری کوردستان دەدەن؟**

- چەکدارانی پەکەکە هەر لە سەرەتای دامەزراندنیان پابەندی بنەماکانی ماڤی مرۆڤ و میساق و بڕیارەکانی نەتەوە یەکگرتووەکان نەبوون. چونکە کار و ڕەفتاری زۆر دیاریان بەتایبەتی لەناو ڕێکخستنەکانیان هەڵخەڵەتاندنی کوڕ و کچانی خوار تەمەنی هەژدە ساڵان بووە و چەکداریان کردوون، ئەو ڕەفتاریان تا ئێستاکەش بەردەوامە، بەتایبەتی لەناو باشووری کوردستاندا کە ئەو کوڕ و کچانە لەپاشان چەکدار دەکەن و ناهێڵن دایك و باوك و خانەوادەکانیان سەردانیشیان بکەن. هەروەها هەر کەسێك یان چەکدارێکی پەکەکە بیەوێت ڕیزەکانیان بەجێبهێڵێت، ڕێگری لێدەکەن، زۆرجار بووەتە هۆی ئەوەش ئەو کەسانەی دیانەوێت وازبێنن، دەیانکوژن و ئەو کەسانەی لە دەرفەتێك لەناو پەکەکە هەڵاتوون، لەهەر شوێنێك بۆیان بگونجێت، دەیانکوژن.

*** بۆچی پەکەکە کێشە بۆ کەمپی مەخموور دروست دەکات؟**

- ماوەی چەندین ساڵە لە سایەی حکومەتی کوردستان و چاودێری و هاوکارییەکانیان، کەمپی مەخموور بووەتە شوێنێکی ئارام بۆ حەوانەوەی کوردانی باکوور، هەر لەوێشەوە کوڕ و کچانی ئێمەی کوردی باکوور توانیویانە درێژە بە خوێندن و کار و کاسبی بدەن و چەندین کەسمان لە کوڕ و کچان توانیویانە قۆناغەکانی خوێندن تا زانکۆش تەواو بکەن، چەکدارانی پەکەکە ئەو ڕاستییە دەزانن کە ئەوانەی لەو کەمپە دەژین، جارێکی دیکە مەیل و سۆزیان بۆیان نابێت، بۆیە ماوەیەکە بە فیتی حەشدی شەعبی و گرووپە چەکدارەکانی سەر بە ئێران دەیانەوێت کێشە و گرفت و پشێوی بۆ کەمپی مەخموور دروست بکەن، بە مەبەستی ئەوەی بیخەنە بەردەستی میلیشیاکانی عێراقی کە سەر بە ئێرانن.


**ئێستا ئەو هاوکاری و یارمەتییەی کوردانی ئەورووپا زۆر کەم بووەتەوە، چونکە ڕێکخستن و پەناهەندەکانیش بۆیان دەرکەوت کە پەکەکە ئەو لایەن و پارتە نییە، کار بۆ ڕزگاری و سەربەخۆیی کوردستان بکات**

**پەکەکە هەندێک بازرگانی لەگەڵ وڵاتانی وەک چین و ڕووسیا ئەنجام دەدا، ئێستا ئەوەش نەماوە**

**زیاتر لە هەزار چەکداری پەکەکە لەلایەن حەشدی شەعبییەوە مووچەو هاوکاری و یارمەتی لۆجستێکی وەردەگرن**

**چەکدارانی پەکەکە دەیانەوێت کێشە و گرفت بۆ کەمپی مەخموور دروست بکەن، بە مەبەستی ئەوەی بیخەنە بەردەستی میلیشیاکانی عێراقی کە سەر بە ئێرانن**

# کاریگەرییەکانی گۆڕانی کەشوهەوا لەسەر سێکتەری سەربازی



عەبدولڕەحمان سدیق

بۆ گوڵانی نووسیوە

گۆڕانی کەشوهەوا لە ساکارترین پێناسەیدا بریتییە لەو گۆڕانە درێژخانەیەی کە لە پلەکانی گەرمی و شێوازەکانی کەشدا ڕوودەدات، جا چ سرووشتی بێت، یان بە هۆی چالاکییە مرۆییەکانەوە بێت لە ڕێگەی بەکارهێنانی وزەی بەردینی وەك نەوت و غاز و خەڵووز، کە لەئەنجامی سووتاندنیان گازە گەرمکارەکان پەیدا دەبن و، وەك پەرژینێك دەورەی گۆی زەوی دەدەن و گەرما گل دەدەنەوە و پلەی گەرمییش بەرز دەکەنەوە.

دیارترین دەرکەوتەکانی گۆڕانی کەشوهەوا بریتین لە:

گەرمیی توند: کە دەبێتە هۆی ماندووکردنی مرۆڤ و لەهۆشخۆچوونی و هەندێك جاریش گیان لەدەستدانی، هەروەها کار دەکاتە سەر پەکخستنی زۆرێك لە ئامراز و ئامێرەکان.

خۆڵبارین: زیانی تەندروستیی هەیە، زیان بە چەك و ئامێرە میکانییەکان دەگەیەنێت و لەکاریان دەخات، مەودای بینین کەم دەکاتەوە، چالاکییە ئاسمانییەکان ڕادەگرێت.

بارانی بەخوڕ و لافاو: هەڕەشەن لەسەر ئامادەکارییەکان بۆ جەنگ و گۆڕینی پلانە سەربازییەکان، بەرزبوونەوەی ئاستی ئاو، زیانگەیاندن بە خانووبەرە و ماڵەکان، ئاوارەبوونی دانیشتووان، پەنابردنە بەر هێزی سەربازی بۆ هاوکاریکردن و ڕێگرتن لە دەرهاویشتە نەخوازراوەکان.

وشکەساڵی و بەبیابانبوون: زیانگەیاندن بە بەروبوومی کشتوکاڵی و ئاسایشی خۆراك، دابەزینی ئاستی ئاو، پەیدابوونی هەژاری، دروستبوونی ئاژاوە و ململانێ، ناچاربوونی هێزی سەربازیی بۆ بەشداربوون لە کۆنترۆڵکردن و کۆتاییهێنان بە بارگرژییەکان.

هەموو ئەم دەرهاویشتانەی کاریگەرییەکانی گۆڕانی کەشوهەوا، وا لە حکومەتەکان دەکات، کە ئەرکی زیادە و ماندووبوون و بارگرانییەکی دیکە و کاری نوێ بخەنە ئەستۆی سوپا و هێزە سەربازییەکان، بە مەبەستی دانانی سنوورێك بۆ ئەو شەڕ و ململانێ و ئاژاوە و بارگرژییانەی دێنە ئاراوە.

ئاسایشی نیشتمانی کە بریتییە لە توانای دەوڵەت بۆ پاراستنی خاك و دەرامەت و بەرژەوەندییەکانی لە هەر هەڕەشەیەکی دەرەکی و ناوخۆیی.

ئاسایشی کەشوهەوا کە بریتییە لە کۆی ئەو هەوڵانەی کە دەدرێن لە نێوان لایەنە ژینگەییەکان و لایەنە سیاسی و سەربازی و ئەمنییەکاندا بۆ زاڵبوون بەسەر کاریگەرییەکانی گۆڕانی کەشوهەوا و دۆزینەوەی چارەسەر بۆ کەمکردنەوەی مەترسییەکانی سەر ئاسایشی نیشتمانی لە ڕێگەی بایەخدان بە چەمکی ئاسایشی کەشوهەوا.

کاتێك کە ئەو مەترسی و هەڕەشە جۆراوجۆرانەی بە هۆی گۆڕانی کەشوهەواوە ڕووبەڕووی وڵاتانی جیهان بوونەتەوە، لە دواجاردا کاریگەرییان لەسەر سوپا و هێزە سەربازییەکان و ئاسایشی نیشتمانی هەیە، بۆیە ئەمڕۆ ئاسایشی کەشوهەوا بووەتە بەشێك لە ئاسایشی نیشتمانی لە هەر وڵاتێك.

بە مەبەستی نەهێشتن، یان کەمکردنەوەی کاریگەرییەکانی گۆڕانی کەشوهەوا لەسەر سوپا و هێزە سەربازییەکان ئەم هەنگاوانەی لای خوارەوە و هاوشێوەکانی پێویستن:

١- جێبەجێکردنی ئەو خاڵانەی کە لەنێو ڕێککەوتننامەی پاریسدا هاتوون و، بوونەتە بەشێك لە بەڵگەنامەی پشکداریی نیشتمانیی تایبەت بە گۆڕانی کەشوهەوا، وەك پابەندبوونێکی ئارەزوومەندانەی هەر وڵاتێك بەو هەنگاوانەی بۆ ماوەی چەندین ساڵ بۆ خۆی دیاری کردوون.

٢- بایەخدان بە دیپلۆماسییەتی کەشوهەوا بۆ دۆزینەوەی ڕێگەچارەی ئاشتییانە.

٣- بەدەستهێنانی هاوکاریی دارایی و تەکنۆلۆژیای دۆستی ژینگە و پێداویستییە زانستییەکان.

٤- بڵاوکردنەوەی هۆشیاریی ژینگەیی لە ڕێگەی ڕێکخراوەکان و میدیا و ناوەندەکانی خوێندنەوە.

٥- سیستمی وریاکردنەوەی پێشوەخت، وەك ئامادەکارییەك بۆ ئەگەرە جیاجیاکان.



# فره فەتوایی لەنێوان تاک مەزهەب و فره مەزهەبیدا



**د. عەبدوڵڵا شێرکاوەیی**
ئەندامی مەکتەبی تەنفیزی و بەرپرسی ڕاگەیاندنی یەکێتی زانایانی ئایینی ئیسلامی کوردستان

بۆ گوڵانی نووسیوە

**فرە فەتوایی بە ڕەهایی لە بەرژەوەندیی ئیسلام و موسڵمانان نییە، هەر لەبەر ئەوەشە ئیسلام هۆشداری دەداتە موسڵمانان، شوێن فەتوای کەسانی نازانا نەکەون، چونکە فەتوای ئەو جۆرە کەسانە لەجیاتی خزمەت، خەڵك بەرەو چەقبەستوویی و گومڕایی و ئاریشەی زۆر دەبات، هەروەك چۆن لە ڕووی دونیایی هەر وڵاتەو دەستوور و یاسای تایبەت بەخۆی هەیە و ناکرێ فرە دەستووری و فرە یاسایی پەیڕەو بکات، چونکە وڵات ناڕوا بەڕێوە و تووشی گرفت و فەوزای زۆر دێت.**

زۆربەی کورد لە پارچەکانی کوردستان بە درێژایی پتر لە هەزار ساڵ لە ڕووی ڕێبازی فیقهییەوە پەیڕەوی مەزهەبی (ئیمام شافیعی) یان کردووە، ئەمەش بووەتە بنەمای ئەوەی زۆرینەی زانایانی کورد و مەدرەسە زانستییەکان و ڕێڕەوی فەتوا لە چوارچێوەی ئەو مەزهەبە ڕەسەن و ئەسیلە بێت، کە مایەی فەزیڵەت و ئیفتیخار و سەرچاوە و فاکتەری سەرەکیی یەکڕیزیی موسڵمانان بووە لە ناو کورددا.

پابەندیی میللەتی کورد بە مەزهەبێك لەناو چوار مەزهەبە سەرەکییە فیقهییەکان کە مەزهەبی ئیمامی شافیعییە، زادەی تێگەیشتنی زانستی گەورە زانایانی کوردە، کە پێکان و هەڵبژاردنێکی فرە ڕەهەند و بەجێیە،



بۆ ئەوەی ڕێڕەوێکی دروست بۆ ئاراستەکردن بدۆزنەوە و خەڵکی تووشی سەرگەردانی و ئاژاوە و دووبەرەکی و فەوزا نەبن و، سەقامگیریی کۆمەڵایەتی تێك نەچێت و، دین و ژین سەلامەت و پارێزراو بن. بۆیە زیاتر لە هەزار ساڵە کورد لە ڕووی پابەندی بە دین و پیادەکردنی دروشمەکانی، گرفتی ئایینی و تێگەیشتن بۆ ئایینی نەبووە.

هاوشان زانایانی کورد کە پابەندی ئەو مەزهەبە فیقهییە بوون، وەنەبێ دەرگایان بە ڕووی مەزهەبەکانی دیکە داخستبێت، یان بابەتەکەیان کردبێتە لەمپەر لەبەردەم خواست و پێشهاتە ئایینییەکان و قۆناغەکەیان تووشی چەقبەستوویی کردبێت، بەڵکو بەوپەڕی ئەدەب و لە ئاست تێگەیشتن و هۆشیاریی زانستییەوە هەڵسوکەوتیان بەرانبەر جیاوازی و ڕای مەزهەبەکانی دی نواندووە، بە شێوەیەك مافپارێزی و ڕەچاوکردنی چوارچێوەی زانستی و ڕێزگرتن لە فەرایی و لێکتێگەیشتن لە چڵەپۆپە بووە، تا ڕادەیەك هەر کات زەمینە و زەروورەت بۆ پیادەکردنی ڕای یەکێك لە مەزهەبەکانی دیکە هاتبێتە پێش، لەپێناو بەجێهێنانی خواستی کۆمەڵگە و ڕەچاوکردنی مەبەستی باڵای شەریعەت و تەبایی نێو موسڵمانان پەیڕەویان کردووە.

ڕاستە ڕاجیایی فیقهی ڕەحمەتە، وەك ئیمامی شاتیبی دەفەرموێ: «الخلاف في مسائل الفقه محض الرحمة»، هەروەها سەرهەڵدان و دروستبوونی مەزهەب بۆ خزمەتی دین و بەجێهێنانی خواست و پێویستیی خەڵك و ڕۆژگار لەپێناو تێگەیشتن لە ئەحکامی شەرعی، بۆشاییەکی گەورەی پڕکردووەتەوە و کارئاسانی زۆر و قازانجی گەورەی لە بواری دینداری لە دونیا و قیامەت تێدایە، وەك ئیمامی قەرافی لە کتێبی (الذخیرة) دەفەرموێ: «المذاهبُ كلها مسالكٌ إلى الجنة، وطُرقٌ إلى السعادة، فمن سَلَكَ منها طريقًا وصَلَه».

بەڵام دەبێ ئەوەش بزانین کە هەڵبژاردن و دیاریکردنی یەك مەزهەب لە بابەتە فەرعییە فیقهییەکاندا لە ناو وڵاتدا بۆ ڕاییکردن و بەڕێوەچوونی کاروبارەکانی ڕۆژانە و پەیوەست بە پەرستش و دروشمە ئایینییەکان، هەنگاوێکی باش و پێویست و گرنگە، کە لە چوارچێوەی دانایی و ڕەچاوکردنی بەرژەوەندیی موسڵمانان، زانایانی کورد پەسەندیان کردووە، نەك لە ڕوانگەی دەمارگیریی مەزهەبی و بێئاگایی و پەراوێزخستنی مەزهەب و بۆچوونەکانی دیکە سەیریان کردبێت.

لەلایەکی دیکەوە کردنەوەی دەرگا بە تەواوی بەرانبەر وەرگرتنی هەموو ڕا و مەزهەبەکان، کار دەکاتە سەر ئاشتیی کۆمەڵایەتی و یەکڕیزی موسڵمانان و گوێڕایەڵی بۆ مەرامی کەسی و ئارەزوو ئاسان دەکات و پەیوەندیی نێوان زانا و نازانا ئاڵۆزی تێدەکەوێت و دەبێتە دەروازەی دەرکەوتنی کۆمەڵێ کەس، کە بە ناوی زانا خۆیان دەکەنە پێشەنگ و لە ڕێگەی هەڵبژاردنی ڕوخسەتەکانی نێو مەزهەبەکان، خۆیان دەبەنە پێشەوە و ئاشنایەتی زیاتر بەدەست دەهێنن لەگەڵ زۆرینە، کە ئەمەش لەسەر حیسابی دین کارێکی شیاو نابێت و داهاتووی باش ناکەوێتەوە و میللەتیش تووشی ئاژاوە و سەرلێشێوان و هەندێ جار فیتنەش دەبێت.

لەو سۆنگەوە تێدەگەین کە فرە فەتوایی بە ڕەهایی لە بەرژەوەندی ئیسلام و موسڵمانان نییە، هەر لەبەر ئەوەشە ئیسلام هۆشداری دەداتە موسڵمانان شوێن فەتوای کەسانی نازانا نەکەون، چونکە فەتوای ئەو جۆرە کەسانە لە جیاتی خزمەت؛ خەڵك بەرەو چەقبەستوویی و گومڕایی و ئاریشەی زۆر دەبات، هەروەك چۆن لە ڕووی دونیایی هەر وڵاتە و دەستوورو یاسای تایبەت بەخۆی هەیە و ناکرێ فرە دەستووری و فرە یاسایی پەیڕەو بکات، چونکە وڵات ناڕوا بەڕێوە و تووشی گرفت و فەوزای زۆر دێت.

ئەمە بۆ ڕێکخستنی کاروباری ئایینیش هەر ڕاستە و پێویستە جیهانبینی و چوارچێوەی گشتی بۆ سەرپەرشتیکردن و ئیدارەدانی ڕەوشی ئایینی و مەنهەج و ستراتیژیی زانایان لە پرسی فەتوا و ئاراستەکردنی گوتاری ئایینی لەناو وڵات ڕوون و دیار بێت، ناکرێ هەر مزگەوتەو لەسەر مەزهەبێك بێت، یان هەموو مەزهەبەکان لەناو شارێك جێبەجێ بکرێن، چونکە ئەمە کارێکی قورسە و زەمینە خۆشکەرە بۆ فەوزا و سەرلێشێواندنی خەڵك و تێکگیران و سەرهەڵدانی ناتەبایی و شتی نەخوازراو.

**پابەندیی میللەتی کورد بە مەزهەبێک لەناو چوار مەزهەبە سەرەکییە فیقهییەکان کە مەزهەبی ئیمامی شافیعییە، زادەی تێگەیشتنی زانستی گەورە زانایانی کوردە**

**زیاتر لە هەزار ساڵە کورد لە ڕووی پابەندی بە دین و پیادەکردنی دروشمەکانی، گرفتی ئایینی و تێگەیشتن بۆ ئایینی نەبووە**

**پێویستە جیهانبینی و چوارچێوەی گشتی بۆ سەرپەرشتیکردن و ئیدارەدانی ڕەوشی ئایینی و مەنهەج و ستراتیژیی زانایان لە پرسی فەتوا و ئاراستەکردنی گوتاری ئایینی لەناو وڵات ڕوون و دیار بێت**

**دروستکردنی ئاڵۆزی و بیری توندڕەوی و سەرهەڵدانی گرووپی توندئاژۆ و فکری هاوردە و خەتەرناکە لەناو کۆمەڵگە**

لەبەر ئەوە زانایان لە ڕابردوو زۆر بە وریایی مامەڵەیان لەگەڵ ئەم پرسە کردووە و بە ئاسانی ئەم دەرگەیان نەکردووەتەوە. هەر بە نموونە؛ ئەبو یەعلای حەنبەلی کاتێك فەقێیەك دێتە لای و پێی دەڵێ: ئەی ئیمام هاتووم لای جەنابتان بخوێنم و فێری فیقهی مەزهەبی حەنبەلیم بکەیت. ئەویش لێی دەپرسێ: بەڕێزت خەڵکی کوێی و لەکوێوە هاتووی؟ دەڵێ: لە شیرازەوە هاتووم. ئەبو یەعلا پێی دەڵێت: باشە شیراز هەمووی شافیعی مەزهەبە! چۆن دەبێ تۆ فیقهی حەنبەلی بخوێنیت و بگەڕێیتەوە شارێك هەموو شافیعییە؟ من نامەیەکت بۆ دەنووسم، بڕۆ لای ئەبو ئیسحاقی شیرازی شافیعی لە خزمەت ئەودا فیقهی شافیعی بخوێنە، چونکە ئەگەر لێرە فیقهی حەنبەلی بخوێنی و بگەڕێیتەوە شیراز دەبێتە مایەی فیتنە بۆ ئەوان!

تەنانەت هەڵسوکەوت و ڕەفتاری هاوەڵانیش لەم بارەوە بە حیکمەت و لێزانانە بووە، لە ڕێزگرتن بەرانبەر پێشەوایانی سەردەمی خۆیان و داخستنی دەرگای فرە فەتوایی و پشێوی و دروستکردنی خیلاف، وەك لە سوننی ئەبوداود هاتووە: ئیمامی عوسمان لە کاتی حەجدا لە (مینا) پێشنوێژی بۆ موسڵمانان کرد و چوار ڕکاتی بۆ کردن، عەبدوڵلای کوڕی مەسعود لەوێ ئامادە بوو فەرمووی: لە دوای پێغەمبەر (دروودی خوای لێ بێت)و ئەبوبەکر و عومەر (خوا لێیان ڕازی بێت) نوێژم کردووە، هەر دوو ڕکاتیان دەکرد لەو کاتانەدا، ئینجا لە عەبدوڵلایان پرسی تۆ ڕەخنەت لە ئیمامی عوسمان گرت، بۆچی خۆیشت وەکو ئەو چوار ڕکاتت کرد؟ لە وەڵامدا فەرمووی: (الخلاف شرّ) واتە: لەبەر ئەوەی خیلاف و ناکۆکی شتێکی خراپە، هەرچەندە ڕای خۆی پێچەوانەی ڕای ئیمامی عوسمان بوو، بەڵگەشی بەدەستەوە بوو، بەڵام لەپێناو یەکریزیی موسڵمانان پەیڕەوی لە ئیمامەکەی کرد و خۆی جیا نەکردەوە.

پابەندبوون و پەیڕەوکردنی ڕێڕەوی مەزهەبێك نەك هەموو مەزهەبەکان لەناو وڵاتدا، وێڕای ئەوەی سەواب و هەنگاوێکی پەسند و پێویستە، لەهەمان کات هۆکاری یەکریزی و دیاربوونی مەرجەع و یەکخستنی سەرچاوەی مەعریفی و ڕێکخستنی کاروباری ژیان و پاراستنی بەرژەوەندی و پارێزراویی مافە لەلایەك و، ڕێگریکردنە لە پەرتەوازەیی و ناکۆکی و دووبەرەکی و ململانێ و ناسەقامگیریی کۆمەڵایەتی و شڵەژانی کۆمەڵگە و پشێوی و فیتنە و ڕەتکردنەوەی یەکترە لەلایەکی دیکەوە، سەرەڕای ئەمەش دروستکردنی ئاڵۆزی و بیری توندڕەوی و سەرهەڵدانی گرووپی توندئاژۆ و فکری هاوردە و خەتەرناکە لەناو کۆمەڵگە. چونکە بە دانانی چوارچێوەی گشتی و دیاریکردنی مەزهەبێکی دیاریکراو هەموان لەدەوری یەك سەرچاوە ڕۆشنایی وەردەگرن و دروشم و خواپەرستی و مامەڵە و نەریتەکانیان ڕێکدەخەن، کە دواجار ئەو جۆرە لە پەیڕەوکردن دەبێتە بەشێکی گرنگی پرۆسەی هۆشیاری و ڕۆشنبیریی ئایینی لەناو کۆمەڵگەدا.

میللەتی کورد کە پابەندی مەزهەبی ئیمامی شافیعی بووە و لەسەری ڕاهاتووە و زۆرینەی ڕەهای زانایانی کورد لەسەر ئەم مەزهەبە ڕۆیشتوون و کۆمەڵگەیان ئاراستە کردووە و گرفتی ئایینی نەبووە، چ عەجەب ئێستا ئەم ڕێبازە ڕەسەنە زانستی و میراتی و توراسیە نەپارێزین! چ ئیجابە کوردستان بکەینە مەیدان و بازاڕی ساغکردنەوەی فەتوای هاوردەو نەگونجاو بە واقعی میللەتی خۆمان!؟ چ عەجەب هەموو دەرگایەك بەسەر خەڵکی ئاسایی بکەینەوە و تووشی قەیرانی ناحاڵیبوون لە دۆخەکە و دابەشبوون و تێکدانی کەشی ئارامی خواپەرستی ناو مزگەوتیان بکەین!

زانایان لە ڕابردوو و ئێستادا بە حوکمی ئەوەی پسپۆڕی ئەم بوارەن؛ دەزانن چۆن مامەڵە و هەڵسوکەوتیان کردووە و دەکەن، بەڵام خەڵکی ئاسایی و کەمزان و نائەهل ئەو مافەی نییە لەخۆڕا دەست بۆ پرسێکی وا هەستیار ببات و بە ئارەزووی خۆی هەر جارەو بە شێوازێك جۆرە فەتوایەك بڵاو بکاتەوە، کە هیچ وڵاتێك ڕێ بە فەوزا و بێسەروبەری و شتی لەم شێوە لە بواری فەتوا نادات. بۆیە باشتر وایە و پێویستە کلیلی دەرگای فرە مەزهەبی و فرە فەتوایی لای ئەهلی خۆی بێت و بە کەسی نەشیاو نەکرێتەوە، وەك ئەوەی ئێستا بەشێکی زۆری خەڵکیش سەری لێ شێواوە و نازانێ بە کام دوعایە بڵێ ئامین!!

**بە دانانی چوارچێوەی گشتی و دیاریکردنی مەزهەبێکی دیاریکراو هەموان لەدەوری یەک سەرچاوە ڕۆشنایی وەردەگرن و دروشم و خواپەرستی و مامەڵە و نەریتەکانیان ڕێکدەخەن**

**چ ئیجابە کوردستان بکەینە مەیدان و بازاڕی ساغکردنەوەی فەتوای هاوردەو نەگونجاو بە واقعی میللەتی خۆمان!؟**

**خەڵکی ئاسایی و کەمزان و نائەهل ئەو مافەی نییە لەخۆڕا دەست بۆ پرسێکی وا هەستیار ببات و بە ئارەزووی خۆی هەر جارەو بە شێوازێک جۆرە فەتوایەک بڵاو بکاتەوە**

**پێویستە کلیلی دەرگای فرە مەزهەبی و فرە فەتوایی لای ئەهلی خۆی بێت و بە کەسی نەشیاو نەکرێتەوە**

# ڕۆژی جیهانیی خۆشەویستی (ڤالانتاین) خوێندنەوەی جیاوازی بۆ دەکرێت

## کۆمەڵناسان جەخت لەوە دەکەنەوە تەنیا ڕۆژێک بەشی خۆشەویستی ناکات





**ڕۆژی ١٤ی فێبریوەری، ڕۆژی جیهانیی خۆشەویستی (ڤالانتاین)ـە و لەم ڕۆژەدا ئەوینداران لە زۆربەی وڵاتانی جیهاندا بە گۆڕینەوەی گوڵ و شیرینی هەستی خۆیان بۆ یەکدی دەردەبڕن. توێژەران و پسپۆڕانی بواری پەروەردەیی و کۆمەڵایەتی ڕایانوایە کە نەك لە ڕۆژی ڤالانتاین، بەڵکو لە تێکڕای ڕۆژەکانی ساڵ دەکرێت، خۆشەویستی و وەفاداری بە خۆشەویستانی خۆمان ببەخشین. لەم سۆنگەیەوە دەپرسین: ئایا قەتیسکردنی خۆشەویستی لەیەك ڕۆژدا بەسە بۆ ئەوەی خۆشەویستی و تەبایی و پێکەوەژیان بەردەوام بێت؟ بەشداربووانی ئەم ڕاپۆرتەی گۆڤاری گوڵان وەڵامی ئەو پرسیارە دەدەنەوە.**

**گوڵان: کۆمەڵایەتی**

سەرچاوەی دروستبوونی ڕۆژی ڤالانتاین وەك ڕۆژی جیهانیی خۆشەویستی، ڕای جۆراوجۆری لەسەرە، کە باوترینیان بۆ سەردەمی کلۆدیۆسی دووەم لە ڕۆمانیا دەگەڕێتەوە، کە هاوسەرگیریی سەربازەکانی قەدەغە کردبوو، بەڵام قەشەیەك بە ناوی ڤالانتاین (ڤالێنتەنیوس) بە نهێنی سەربازە ڕۆمییەکانی لەگەڵ کچە خۆشەویستەکانیان لێك مارە دەکرد، لەسەر ئەوەش لە سێدارە درا. ڤالانتاین وەك ڕۆژی جیهانیی خۆشەویستی و ئەوینداری وەك واقعێکی کۆمەڵایەتی، خوێندنەوەی جیاوازی بۆ دەکرێت. لە هەرێمی کوردستانیش هاوشێوەی وڵاتان، ئەم ڕۆژە بە شێوەی جیاجیا بەڕێ دەکرێت و عاشقان ڕوو لە دووکانەکانی گوڵفرۆشی دەکەن، تاوەکو گوڵی سوور پێشکەش بە خۆشەویستەکانیان بکەن.

دیمەن محەمەد توێژەری کۆمەڵایەتییە و لەمبارەوە دەڵێت:«ڕۆژی خۆشەویستی کە بە(Valentines Day) ناو دەبرێت، مێژوو و چیرۆکێکی تایبەت بەخۆی هەیە. ئەگەر باس لە خۆشەویستی بکەین، ئەوا دەبێت جەخت لەو هەستە سۆزداری و عەقڵییە ئەرێنی و جۆراوجۆر و خاوەن کاریگەرییە بەهێزانە بکەینەوە کە لە چوارچێوەی جوانترین و سادەترین ڕەوشت و نەریتەکان خۆیان دەبیننەوە، نموونەش بۆ جیاوازی و جۆراوجۆریی هەستەکان خۆشەویستی دایك و خوشك، یان خاك و نیشتمان، یان خۆشەویستیی نێوان هاوسەران و ڕەگەزی بەرانبەرە کە تەواو جیاوازە لە خۆشەویستییەکانی دیکە. بەڵام بە شێوەیەکی گشتی خۆشەویستی ئاماژەیەکە بۆ هەستی هێزی سەرنجڕاکێشی و هۆگربوون بە کەسێك و بنەمای پەیوەندییە کەسییەکان لە نێوان دوو مرۆڤ کە گرنگی زۆری لە تەندروستی دەروونی کەسەکانەوە هەیە و بووەتە یەکێك لە بەربڵاوترین بابەتەکانی ڕۆژانە کە پشکدارە لە هونەری داهێنان و پارێزگاریکردن لە جۆری مرۆیی و کۆمەڵایەتی و بەردەوامیی ژیان و جۆری کۆمەڵایەتی. هەر لەبەر ئەوە کۆمەڵێك واتا و مانای ئایینی و ڕۆحانی لەخۆی دەگرێت، کە لە چوارچێوەی هەستێکی خۆڕسك بۆ بەرانبەر و لەسەر چەند بنەمایەك لە پەیوەندییەکان و هەستەکان بۆ یەکتر دەخولێتەوە و لە ناخیدا ڕێز و گەرم و گوڕی و دەربڕینی جوان هەن و وا لە کەسەکان دەکات، قوربانی بە گیانی خۆیان بدەن لە پێناو خۆشەویستەکانیان و لە پێناو مانەوەیان بۆ درێژترین ماوە و ئەو متمانە و بەڵێنەی لە نێوانیان هەیە لەدەستی نەدەن .کەواتە ئەستەم و مەحاڵە بۆ پیرۆزی و گەورەیی وشەی خۆشەویستی پێناسەیەك یان تەنیا ڕۆژێك دیاری بکەین و قەتیسی بکەین لەو ڕۆژە و ئەو پیرۆزییە

**ئەستەم و مەحاڵە بۆ پیرۆزی و گەورەیی وشەی خۆشەویستی پێناسەیەک یان تەنیا رۆژێک دیاری بکەین و قەتیسی بکەین لەو رۆژە و ئەو پیرۆزییە بچووک بکەینەوە**

**ژیان بریتییە لە کۆڵنەدان بۆ مانەوە مانەوەش لە ژیان پەیوەستە بە خۆشەویستییەکی پاک و خۆڕسک و دوور لە بەرژەوەندی**

**لەبەر چاوی خەڵک و بۆ وێنەگرتن و سناپکردن یەکتر لەباوەش دەکەن و وشەی جوان بۆ یەکتر دەردەبڕن و گوڵی سوور پێشکەشی یەکتر دەکەن، بەڵام زۆربەیان تەنیا نواندنە**

بچووك بكەینەوە، چونكە ژیان بریتییە لە كۆڵنەدان بۆ مانەوە مانەوەش لە ژیان پەیوەستە بە خۆشەویستییەكی پاك و خۆڕسك و دوور لە بەرژەوەندی».

عوبێد خدر گۆمەشینی، توێژەر و رۆژنامەنووسە و سەبارەت بە هەمان پرس رای وایە: «هەموو تەمەن بەشی خۆشەویستی ناكات، چۆن دەتوانین فریای ڕقلێبوونەوە بكەوین، هەرچەندە لە رۆژگاری ئێستامان ئەو بۆچوونە پێچەوانەوە بووەتەوە، لەبەر ڕق و یەكتر بوغزاندن فریای خۆشەویستی ناكەوین، بۆیە تایبەتكردنی رۆژێك بۆ خۆشەویستی كارێكی گونجاو نییە، بەڵكو پێویستە هەموو رۆژێكمان پڕبێت لە خۆشەویستی، خۆشەویستی بۆ خودی خۆمان، بۆ خێزان و كەسانی دەوروبەرمان، خۆشەویستی بۆ كار و پیشەكەمان، بۆ ئەوەی بتوانین ژیانێكی ئارام و دوور لە ڕق بۆ خۆمان دابین بكەین. پێویستە لە ناخەوە یەكترمان خۆش بوێت و رێز لە بۆچوون و كەسایەتیی بەرانبەرمان بگرین، نەك تەنیا بۆ خۆبردنە پێش و خۆشیرینكردن بە دەمی خەڵكی پێبكەنین و لەناخەوە بیبوغزێنین، چونكە دەبێتە هۆی نائارامی دەروونی و تێكچوونی شیرازەی خێزان و كۆمەڵگە، با لە ناخی دڵەوە بۆ یەكتر پێبكەنین و یەكتر لەباوەش بگرین. هەرچەندە لەم سەرقاڵییەی ژیان و ئاڵۆزی و ڕاكەڕاكەی رۆژانەمان، خەریكە هەموو جوانییەكانی ژیانمان لەبیر بچێتەوە، بۆیە دانانی ئەم رۆژە جۆرێكە بۆ بەبیرهێناوەی خۆشەویستی و مرۆڤدۆستی.

بەڵام قەتیسكردنی ئەو لایەنە گرنگەی مرۆڤایەتی لە رۆژێك و بۆنەیەك كارێكی باش نییە، رۆژەكانی ساڵ زۆرن، با رۆژانە خۆشەویستی بۆ كەسە نزیك و تاكەكانی دیكە دەربڕین، لە كاروباری رۆژانەمان نەرم و نیان و میهرەبان بین، نەك تەنیا بۆ مرۆڤەكان بەڵكو بۆ ئاژەڵ و سرووشتیش، هەوڵدەین رێگری لە توندوتیژی و گرژی بكەین، چونكە بەر لە كەسانی دیكە ئازار بە ناخی خۆمان دەگەیەنین. دەروونی تەندروست پڕە لە خۆشەویستی و سۆز».

هاوكات دەڵێت: «ئێستا پەیوەندییەكان سارد و سڕ بووە، بەتایبەتی پەیوەندیی نێوان هاوسەران و ئەندامانی خێزان، هەر چەندە لەبەر چاوی خەڵك و بۆ وێنەگرتن و سناپكردن یەكتر لەباوەش دەكەن و وشەی جوان بۆ یەكتر دەردەبڕن و گوڵی سوور پێشكەشی یەكتر دەكەن، بەڵام زۆربەیان تەنیا نواندنە و بۆ خۆدەرخستن و ئیرەییە، ئەگینا لە واقیعدا وا نین».

چیا عەبدوڵڵا میدیاكارە و سەبارەت بە هەمان پرس دەڵێت: «خۆشەویستی هەستێكی پاك و بێگەردی مرۆڤە و مرۆڤیش لەسەر فیترەتی خۆی بە سرووشتی پڕە لە هەستی خۆشەویستی، كاتێك پۆلبەندی و جیاكاری دروست دەكەن لەناو مرۆڤەكاندا و سنوور و پلەبەندی دابەش دەكەن، دەبینی كاردانەوەی مرۆڤەكانیش بەرانبەر یەك دەگۆڕێت، لەبری خۆشەویستیی بێ مەرج و وەك مرۆڤ سەیركردن، دەبێتە ڕیزبەندی ئەگەر تۆ بەو جۆرە نەبیت كە من دەمەوێت یا لەسەر رێچكەی من نەبیت، سنووری خۆشەویستی ئەو بەرانبەرە نایگرێتەوە، ئەمە شێوە گشتییەكەیەتی، لە هەمان كاتیشدا مرۆڤ یەك چركە بێ خۆشەویستی ناتوانێت بژی. لێكۆڵینەوەیەكی بێڕەحمانە كراوە لەسەر دوو گرووپ منداڵی ساوا، هەموویان یەك جۆری خۆراكیان پێ دراوە، بەڵام گرووپی یەكەم لە باوەشیان كردوون و سەیری چاویان كردوون و زەردەخەنەیان بۆ كردوون و خۆشەویستییان پێ داون. گرووپی دووەم تەنیا شیرەكەیان پێ دراوە، بێ سەیركردن، بێ لەباوەشكردن و بێ سۆزپێدانیان، دوای ساڵێك گرووپی دووەم مردوون.

لێرەوەیە كە ئێمە بە فیترەت بۆ خۆشەویستی و خۆشویستن و گۆڕینەوەی ئەو هەستە مرۆییە هاتووین و كە دەڵێین خۆشەویستی، ئەمە تەنیا یەكسان نییە بە پەیوەندیی دوو ڕەگەز، بەڵكو هەموو ژیانمانی داگیر كردووە. دایك خۆشەویستیی بۆ منداڵی نەبێت، نەبێت، بەرگەی ئەو هەموو ماندووبوونەی منداڵبوون و گەورەكردنی ناگرێت.

باوك خۆشەویستی و سۆزی نەبێت بەرگەی ئەو هەموو هەوڵدانە ناگرێت تا منداڵەكەی لە هیچی كەم نەبێت، ئەگەر كەسێكت خۆش نەوێت نایكەیت بە هاوڕێت. ئەگەر هەستی خۆشەویستی نەبێت ئاژەڵێك لە ماڵەوە ڕاناگیرێت و خزمەت ناكرێت». گوتیشی: «خۆشەویستی تەنیا بۆ ڕۆح لەبەرەكان نییە، بەڵكو ئێمە شتومەكەكانی خۆشمان بۆمان خۆشەویستن، ماڵ و گەڕەك و شار و ڕێگا و سەیارە و بۆن و دیارییەكانیشمان خۆش دەوێت».

ئەو میدیاكارە جەختی لەوە كردەوە كە «دەبێت ئێمە بەسۆز و ڕێز و خۆشەویستییەوە مامەڵە بكەین لەگەڵ هەموو شت و كەس و تەنانەت ڕووداوەكانی ژیانیشمان، ئەگەریش ڕۆژێك بۆ خۆشەویستی دیاری كراوە، وەك ئەوەی ناوی لێ نراوە ڤالانتاین، ئەوە بۆ دڵخۆشكردنی یەكترییە و شتێكی جوانە و بڕواشم وا نییە ئەمە قەتیسم كردن بێت.

بەڵكو بیرهێنانەوەیەكە كە دەزگیران و هاوسەران، یان هاوڕێكان ئەو ڕۆژە بكەنە ڕۆژی خۆشەویستی دەربڕین بۆ یەكتری و ناوی بنێن ڕۆژی كۆبوونەوەی خۆشەویستی، ئێستا پەیوەندیكردن زۆر ئاسانە، بە مسجێك بۆ خوشكت، برات، هاوسەرت، دایكت، باوكت، هاوڕێت، خزمت و خۆشەویستت و هەر كەسێك كە لە ژیانی تۆدا گرنگە و مەبەستە بمێنێتەوە بۆی

بنووسە: سوپاسگوزارم تۆ لە ژیانما هەیت، دڵخۆشم بە بوونت، خۆشم دەوێی، ئەگەر ئەمە ببێتە خوو، ئیتر ژیان دەکەینە جێیەکی پڕ ئاشتی و خۆشەویستی و ڕێزو قبوڵکردن».

ڕوان عەبدولمەجید بابان، توێژەری کۆمەڵایەتی و ڕاهێنەری گەشەپێدانی مرۆییە و سەرەتا ئاماژە بە وتەیەکی جەلالەدینی ڕۆمی دەکات کە وتوویەتی: «بە بێ خۆشەویستی هەموو مۆسیقایەك ژاوەژاوە و هەموو سەمایەك شێتییە و هەموو عیبادەتێك بارگرانییە» . گوتیشی: «لە ڕۆژی ڤالانتایندا خۆشەویستی بە چەندین شێوەی جیاواز خۆی دەردەخات، بەو پێیەی ئەم ڕۆژە بە دەرفەتێك دادەنرێت بۆ دەربڕینی هەستی قووڵ و سۆز بۆ خۆشەویستان و هاوڕێ و خێزان. خۆشەویستی لە ڕۆژی ڤالانتایندا دەتوانێت ئەزموونێکی تایبەت بێت کە پەیوەندیی سۆزداری نێوان مرۆڤەکان بەهێز بکات و پەیوەندی و لێکتێگەیشتن لە نێوانیاندا بەرز بکاتەوە». هێمای بۆ ئەوەش کرد کە لە ڕۆژی ڤالانتاین مرۆڤەکان بە ئاڵوگۆڕی دیاری و کارتی دەربڕین و ڕازاندنەوەی تایبەت خۆشەویستی و سۆز و خۆشەویستی خۆیان دەردەبڕن. دیارییەکان لە گوڵ و شوکولاتە و دیاری تایبەتمەندەوە دەست پێ دەکات، کە ڕەنگدانەوەی خەز و ئارەزووی هاوبەشە. هەروەها ڕۆژی ڤالانتاین دەرفەتێکە بۆ ئەوەی گرنگی و پێزانینی هاوبەشەکەت نیشان بدەیت بە بەسەربردنی کات پێکەوە، جا چ لە چێشتخانەیەکی ڕۆمانسیدا بێت، یان لە پیاسەیەکی بێدەنگ لە سرووشتدا. جگە لەوەش، ڕۆژی ڤالانتاین دەتوانێت دەرفەتێك بێت بۆ دووبارە قەدرزانی پەیوەندییە خێزانییەکان و هاوڕێیەتییە کۆنەکان، هەروەها بۆ پێشکەشکردنی پشتگیری و سۆز بۆ ئەوانەی لە دەوروبەرمانن. هەروەك جەلالەدینی ڕۆمی دەڵێت: ((خۆشەویستی پردێکە لە نێوان تۆ و هەموو شتێك)). بەگشتی ڕۆژی ڤالانتاین ڕەنگدانەوەی بەهای خۆشەویستی و یەکگرتوویی کۆمەڵایەتییە، هەروەها گرنگیی دروستکردنی پەیوەندی تەندروست لەسەر بنەمای ڕێزگرتن و لێکتێگەیشتن و قەدرزانی بیر دەخاتەوە.

چەند هۆکارێك هەن کە جیاوازی دەکەن لە نێوان خۆشەویستیی ئێستا و خۆشەویستی لە سەردەمی کۆن و ئەو هۆکارانەش ئەو گۆڕانکارییە کۆمەڵایەتی و تەکنەلۆژی و کەلتوورییانە دەگرێتەوە کە کۆمەڵگەکان بە تێپەڕبوونی کات شاهیدی بوون. لێرەدا چەند جیاوازییەك دەخەینەڕوو:

١- پەیوەندی و تەکنەلۆژیا: لەم سەردەمەدا سۆشیال میدیا و تەکنەلۆژیای پەیوەندیکردن بووەتە بەشێکی گرنگی پەیوەندی سۆزداری، ئەمەش دەبێتە هۆی گۆڕانکاری لە سرووشتی پەیوەندیکردن و کارلێکی نێوان مرۆڤەکاندا.

٢- گۆڕانکاری کۆمەڵایەتی: چەمکەکانی پەیوەندی و هاوسەرگیری و خۆشەویستی بە تێپەڕبوونی کات گۆڕانکارییان بەسەردا هاتووە، ئەمەش دەبێتە هۆی گۆڕانکاری لە لێکدانەوە و ئەزموونەکانی خۆشەویستی و پەیوەندییەکان.

٣- فشاری کۆمەڵایەتی و ئابووری: لەم سەردەمەدا ڕەنگە فشاری کۆمەڵایەتی و ئابووری زیاتر لەسەر پەیوەندییەکان هەبێت، وەك داواکاری کار و هاوسەنگیی ژیانی کار.

٤- گۆڕانکاری لە چەمکی ڕۆمانسیەت و خۆشەویستی: چەمکەکانی ڕۆمانسیەت و خۆشەویستی بە تێپەڕبوونی کات پەرەیان سەندووە، ئەمەش ڕەنگە ببێتە هۆی گۆڕانکاری لە ئەزموونەکان و دەربڕینی خۆشەویستیدا.

سەرەڕای ئەم جیاوازییانە، خۆشەویستی هێشتا هەڵگری مانای قووڵ و گرنگە لە ژیانی مرۆڤەکاندا، جا چ لە سەردەمی ئێستادا بێت، یان لە سەردەمی کۆن و تا ئێستاش وەك ئەزموونێکی کەسی ناوازە بۆ هەموو تاك و ژن و مێردێك دەمێنێتەوە.

هەر وەك لە قورئانی پیرۆزیشدا هاتووە کە خوای گەورە دەفەرموێت:

«وَمِنْ آيَاتِهِ أَنْ خَلَقَ لَكُمْ مِنْ أَنْفُسِكُمْ أَزْوَاجًا لِتَسْكُنُوا إِلَيْهَا وَجَعَلَ بَيْنَكُمْ مَوَدَّةً وَرَحْمَةً إِنَّ فِي ذَلِكَ لَآيَاتٍ لِقَوْمٍ يَتَفَكَّرُونَ» - سوره الروم، الآيه ٢١

لەم ئایەتە پیرۆزەدا ئاماژە بەو خۆشەویستی و ڕەحمەتە دەکەن کە دەبێ لە نێوان هاوسەرەکان و مرۆڤەکاندا بە گشتی هەبێت، و بە بەشێك لە گەورەیی و ڕەحمەتی خودا بەرانبەر بە دروستکراوەکانی دادەنرێت.

جەژنی ڤالانتاین یان ڕۆژی خۆشەویستی، دەرفەتێکی جوانە بۆ دەربڕینی خۆشەویستی و ئاهەنگگێڕان و سرووشتییە ئەم ڕۆژە تایبەت و چێژبەخش بێت بۆ هەردوو کەسەکە. ئەگەر دوو کەس پەیوەندییەکی پتەو و تۆکمەیان هەبێت، ڕەنگە جەژن یان ڤالانتاین دەرفەتێکی زۆر باش بێت بۆ بەهێزکردنی ئەم پەیوەندییە و پێشکەشکردنی خۆشەویستی و قەدرزانی بە شێوازی جیاواز. بەڵام دەربڕینی خۆشەویستی و خەمخۆری دەبێت شتێك بێت کە بە درێژایی ساڵ بەردەوام بێت نەك تەنیا لە یەك ڕۆژدا. کەواتە، جگە لە ئاهەنگگێڕان بە بۆنەی جەژن، پێویستە مرۆڤەکان گرنگی بە پەیوەندییەکەی خۆیان بدەن و بە بەردەوامی خۆشەویستیی خۆیان دەرببڕن بە درێژایی ساڵ، لە ڕێگەی گرنگیدان بە یەکتر و تێگەیشتن و قەدرزانی یەکترەوە».

**باوك خۆشەویستی و سۆزی نەبێت بەرگەی ئەو هەموو هەوڵدانە ناگرێت تا منداڵەکەی لە هیچی کەم نەبێت**

**ڤالانتاین، بۆ دڵخۆشکردنی یەکترییە و شتێکی جوانە و بڕواشم وا نییە ئەمە قەتیسم کردن بێت،**

**ڕۆژی خۆشەویستی، دەرفەتێکی جوانە بۆ دەربڕینی خۆشەویستی و ئاهەنگگێڕان و سرووشتییە ئەم ڕۆژە تایبەت و چێژبەخش بێت**

سەنا تەها:

# پێویستە ئافرەت پشت بە تواناکانی خۆی ببەستێت و چاوەڕوان نەبێت یەکێک یارمەتی بدات

زۆرن ئەو ئافرەتانەی کە بە شەونخونی و هەوڵی بەردەوام توانیویانە ببنە خاوەنکار و ئابووری خۆیان، سەنا تەها خانمێکی دەستڕەنگینە و بە کاری بەرگدروویی هاوکاری هاوژین و خانەوادەکەی دەکات، ئەو دایکی چوار منداڵە و لە پاڵ ئەرکی دایکەیەتیدا برەو بە کارەکانی دەدات، ماوەی 23 ساڵە ئەو کارە دەکات.

گوڵان: کۆمەڵایەتی





سەنا تەها دانیشتووی شاری سلێمانییە و وەك خۆی باسیدەکات بەهۆی نەبوونییەوە تەنیا قۆناغی بنەڕەتی خوێندووە، لە ئێستادا کارگەیەکی بچووکی دروومانی بە ناوی (بەرگدووری مینا) هەیە و لە هەمان کاتدا بەردەوام خولی فێربوونی دروومان بۆ خانمان دەکاتەوە. لە دیمانەیەکی لەگەڵ گۆڤاری گوڵان ئەزموون و سەرەتای دەستپێکردنی کارەکەی بۆ خوێنەران باس دەکات.

«ماوەی پێنج ساڵە خولی فێرکاری برین و دوورین دەکەمەوە و زیاتر لە ٢٣ ساڵە کاری بەرگدووری دەکەم، سەرەتا بۆ فێربوونی بەرگدووری حەزی خۆم و نەبوونی و هەژاری هاندەرم بوون تاوەکو ببمە خاوەنکاری خۆم، چونکە نەمویستووە داوای پارە لە هیچ کەسێك بکەم، سەرەتا دایکم و باوکم دواتر هاوسەرم هاندەرم بوون تا ئەمڕۆش لە پاڵپشتی کردنم بەردەوامن و ئێستاش هاندەرمن تاوەکو دوکانەکەم بکەم بە کارگەیەکی گەورەی دروومان.

بە حوکمی ئەوەی دایکم لە ماڵەوە بەرگدووری دەکرد، توانیم بە ئاسانی فێری دروومان ببم، هەر بەهۆی نەبوونییەوە لە تەمەنێکی زوودا وازم لە خوێندن هێنا، لەماڵەوە لەبەردەستی دایکم فێری بەرگدووری بووم و جلی ماڵەوەم بۆ خۆم دەدووری، کاتێك تەمەنم بوو بە ٢٠ ساڵ دەستم بە کارەکەم کرد و تائێستاش بەردەوامم، ڕۆژانە لە دوکانەکەم خەریکی بەڕێوەبردنی خولی بەرگدووریم و دەرس دەڵێمەوە و لەم ڕێگەیەوە توانیومە هەلی کار بۆ ژمارەیەکی زۆر لە کچان و ژنانی سلێمانی برەخسێنم و ببنە خاوەنکاری خۆیان».

سەنا تەها لە وەڵامی ئەو پرسیارەدا کە ئایا کارکردن و دایکایەتی زەحمەت نەبوو؟ ئەو گوتی:

«کاتێك کە دایك بیت و کاری دەرەوە بکەیت زەحمەتە چونکە ئەرکی دایکایەتی قورسە بەڵام سوپاس بۆ خوا زۆرباش کارەکانم بەڕێوە دەچن.

هاوکات من نزیکی ماڵی خۆم دوکانم هەیە، لەبەر ئەوە تا ئاستێکی باش توانیومە ئەو باڵانسە ڕابگرم و نەمهێشتووە کارکردنم ببێتە ڕێگر لە پەیڕەوکردنی ئەرکی دایکایەتی و پەروەردە کردنی منداڵەکانم، ڕۆژانە ماڵ و منداڵ بەڕێوە دەبەم و هاوشانی هاسەرەکەم خەریکی ئیشی خۆمم، تەنانەت کچەکەم کە لە ئێستادا پۆلی دەی ئامادەییە حەزی لە بەرگدووری هەیە، بەڵام لەبەر خوێندن نەمهێشتووە ئەو کارە بکات».

سەبارەت بە جۆر و مۆدێلی ئەو جلانەی کە دەیدوورێت ئەو گوتی:» ئەو شتانەی دەیان دوورم بریتین لە جلی کوردی، ماکسی، جلی شەرعی، جلی دەرەوە وەك عەزی کیلۆت پانتۆڵ چاکەت و شانتۆڵ، حیجاب، لەچکی نوێژ و لەچکی مالیزی، دەستحەقی جلەکان لای من لە چاو شوێنەکانی تر زۆر هەرزان و گونجاون».

سەنا تەها لەبارەی پرۆژە و پلانی داهاتووی کارەکەی دەڵێت: «بەرنامەم ئەوەیە کارەکەم گەورە بکەم و بیکەمە کارگەیەکی گەورە، چونکە بۆ ئافرەت زۆر پێویستە خاوەنکار و داهاتی خۆی بێت، لەبەر ئەوەی نە باوك بۆمان دەمێنێت نە هاوسەر، ئافرەت دەبێت پشت بە تواناکانی خۆی ببەستێت و چاوەڕوان نەبێت یەکێك یارمەتی بدات، ئێمە سێ خوشکین هەریەکەمان بەکارێکەوە خەریکین و خاوەنکاری خۆمانین.»





# کردنەوەی نووسینگەی هەمیشەیی فێستیڤاڵی فیلمی ئاسمان لە شاری مەهاباد

**ڕێورەسمی کردنەوەی نووسینگەی ئەمینداریێتی هەمیشەیی فیلم، سیناریۆی فیلم و وێنەی فۆتۆگرافی (ئاسمان) بە ئامادەبوونی دوکتۆر ئارەش شەهابی سەرۆکی ئەنجومەنی ئیسلامیی شاری مەهاباد، جەلال وەتمانی، سەرۆکی کۆمیسیۆنی فەرهەنگیی ئەنجومەنی ئیسلامی، ئەندازیار بابەك ڕۆستەمپوور سەرۆکی شارەوانیی مەهاباد و ئەندامانی دیکەی ئەنجومەنی ئیسلامیی ئەو شارە، کەریم ڕەحیمی سەرۆکی ئیدارەی فەرهەنگ و ئیرشادی ئیسلامیی شارستانی مەهاباد، هونەرمەندان، پێشەنگەکانی هونەری سینەما و شانۆگەری و هەروەها هۆگرانی هونەری حەوتەم لە هۆڵی تەلاری وەحدەتی شاری مەهاباد بەڕێوە چوو.**

**مەنسوور جیهانی**

لە سەرەتای ئەم مەراسیمەدا پەردە لەسەر تابلۆی نەخشێندراوی سەرەکیی نووسینگەی سکرتاریەتی هەمیشەیی فێستیڤاڵی فیلمی (ئاسمان) لادرا و پاشان بە سەردانی شوێنی نووسینگەی بەڕێوەبەرایەتیی هەمیشەیی ئەم فێستیڤاڵە لە شوێنی هۆڵی وەحدەت، ئەم نووسینگەیەی سکرتاریەتە بە شێوەی فەرمی کرایەوە.
لە سەرەتای ڕێورەسمی کردنەوەی نووسینگەکەدا، ئیبراهیم سەعیدی بەرپرس و سکرتێری فێستیڤاڵی فیلمی سەرئاوەڵای دەرەوەی هۆڵی (ئاسمان) وێڕای بەخێرهاتن و پیرۆزبایی لە ئامادەبووانی ناو هۆڵەکە، بە شێوەی فەرمی دەستپێکردنی کارەکانی ئەم فێستیڤاڵەی ڕاگەیاند، هەروەها لە درێژەدا مەناف ئێرانپەنا لە پێشکەشکارانی بەئەزموون و وتەبێژی فێستیڤاڵەکە ڕاپۆرتێکی لەسەر کارە جێبەجێکارییەکانی یەکەمین خولی فێستیڤاڵی فیلمی سەرئاوەڵای دەرەوەی هۆڵی ئاسمان پێشکەش کرد.

پاڵپشتیی بەرپرسانی مەهاباد بۆ بەڕێوەچوونی فێستیڤاڵی فیلمی ئاسمان

لە بەشێکی دیکەی ئەم بەرنامەیەدا و لەو بابەتانەی کە لە شێوەی وێنەی گرتەی ڤیدیۆییدا ئامادە کرابوون، ژمارەیەك لە بەرپرسانی ئیداریی شارستانی مەهاباد لەوانە (جێگری پارێزگار و قایمقامی تایبەتی شارستانی مەهاباد، ئیمام جومعەی مەهاباد) بیروبۆچوونەکانی خۆیان بۆ پشتیوانیکردن سەبارەت بە بەڕێوەچوونی



ئەم بۆنە و ڕووداوە سینەماییە خستە ڕوو، پاشان لە درێژەدا، دوکتۆر (ئارەش شەهابی) سەرۆکی شووڕای شار، ئەندازیار (بابەك ڕۆستەمپوور) سەرۆکی شارەوانیی مەهاباد و هەروەها (کەریم ڕەحیمی) سەرۆکی ئیدارەی فەرهەنگ و ئیرشادی ئیسلامی هاتنە ئاخاوتن و، و تارەکانی خۆیان پێشکەش کرد، بەڕێوەچوونی فێستیڤاڵی فیلمی ئاسمانیان بە پێویستییەك بۆ شاری فەرهەنگی و گەشتیاریی مەهاباد زانی.

**پاڵپشتی مامۆستایانی بوارە هونەرییە جۆراوجۆرەکانی مەهاباد بۆ فێستیڤاڵی ئاسمان**

لە درێژەی ئەم بەرنامەیەدا، کلیپێك لە قسەکان و تێڕوانینەکانی مامۆستایانی دیار و لێهاتووی هونەرەکانی بینراو، دراما و شانۆگەری، مۆسیقا و ئەدەبیاتی شارستانی مەهاباد پەخش و بڵاو کرایەوە، کە تیایدا پشتیوانیی خۆیان بۆ گرنگیی بەڕێوەچوونی فێستیڤاڵی فیلمی ئاسمان ڕاگەیاند و، ئاماژەیان بە پێویستیی بەڕێوەچوون و ئەنجامدانی ئەم جۆرە بۆنە و ڕووداوە هونەرییانە کرد.

**ڕاگەیاندنی ئەرکی بەرپرسایێتی و سکرتێری فێستیڤاڵ بە ئیبراهیم سەعیدی**

لە بەشێکی دیکەی ئەم ڕێوڕەسمەدا، فەرمانی بەرپرسایێتی و سکرتێری فێستیڤاڵەکە لە لایەن سەرۆکی شارەوانی مەهابادەوە بە (ئیبراهیم سەعیدی) سینەماکاری بەئەزموونی مەهابادی ڕاگەیەندرا و فەرمانەکانی پۆستە جێبەجێکارییەکانی هاوکارانی نووسینگەی سکرتاریەتی فێستیڤاڵەکە رادەستی ئەوان کرا.

**خولەکێك بێدەنگی بۆ یادی کۆچکردوو سەلاح شێخ محەمەدی**


لە درێژەی ئەم بەرنامەیەدا، کلیپێك لە چالاکییە هونەرییەکانی ڕەوانشاد (سەلاح شێخ محەمەدی) هونەرمەندی کۆچکردووی بواری سینەما و شانۆ و تەلەفزیۆن پەخش کرا، کە بەم دواییەماڵئاوایی لە ژیان کرد، بە ڕاگەیاندنی یەك خولەك بێدەنگیی ئامادەبووان، یاد و بیرەوەریی ئەم هونەرمەندە بەنرخە بەرز ڕاگیرا.

**ڕێزگرتن لە مامۆستا محەمەد کەریمی**



لە بەشێکی دیکەی ئەم بەرنامەیەدا، ڕێوڕەسمی ڕێزگرتن و یادکردنەوەی مامۆستا محەمەد کەریمی، یەکێك لە هونەرمەندە دێرینەکانی بواری سینەما و وێنەی فۆتۆگرافی و شێوەکاری بەڕێوە چوو، هەروەها کلیپێك لە چالاکییەکانی چەندین ساڵەی ئەم هونەرمەندە نمایش کرا و، بە شێوەیەکی تایبەت لە لایەن نووسینگەی سکرتاریەتی فێستیڤاڵی ئاسمان و بەرپرسانی شارستانی مەهاباد ڕێزی لێ گیرا و خزمەتەکانی بەرز نرخێندرا.

**نمایش کردنی کورتە فیلمی بەڵگەنامەیی حەوت سەمفۆنیای زاگرۆس**



لە کۆتایی ڕێوڕەسمی کردنەوەی نووسینگەی سکرتاریەتی هەمیشەیی فێستیڤاڵی فیلم، سیناریۆی فیلم و وێنەی فۆتۆگرافیی ئاسمان، کورتە فیلمی بەڵگەنامەیی و دۆکیۆمێنتاریی (حەوت سەمفۆنیای زاگرۆس) لە دەرهێنانی پەرویز ڕۆستەمی، یەکێك لە بەرهەمە سەرکەوتووەکانی سینەمای بەڵگەیی و دیکۆمێنتاریی ئێران، چووە سەر پەردەی سینەما و ڕێز لەم سینەماکارە بەناوبانگەی مەریوان گیرا.

**ڕێبازی ڕاکێشانی گەشتیار بە پێکهاتەیەکی جیاواز**

یەکەمین خولی فێستیڤاڵی فیلمی سەرئاوەڵای دەرەوەی هۆڵی ئاسمان بە ڕێبازی ڕاکێشانی گەشتیاران و بە پێکهاتەیەکی جیاواز، لە لایەن دامەزراوەی لاوان فیلمی موکریان، بە سەرپەرشتی و بەڕێوەبەرایەتی (ئیبراهیم سەعیدی) سینەماکاری شاری مەهاباد و ئەنجومەنی ئیسلامیی شار و شارەوانیی مەهاباد و بە هاوکاریی ئیدارەی فەرهەنگ و ئیرشادی ئیسلامیی شارستانی مەهاباد، لە سێپتێمبەری ساڵی ٢٠٢٤ لە شاری مەهاباد بەڕێوە دەچێت.



# (لیلی گلادستۆن) یەکەم ئافرەتی ڕەسەنی ئەمریکی خەڵاتی گۆڵدن گلۆبی بەدەست هێنا

خانمە ئەکتەر لیلی گلادستۆن لە ئاهەنگی گۆڵدن گلۆبدا درەوشایەوە، دوای ئەوەی خەڵاتی باشترین ئەکتەری بەدەست هێنا بە ڕۆڵی لە فیلمی (بکوژانی گوڵی مانگ) کە لە دەرهێنانی مارتن سکۆرسیزی ئەمریکییە.

گلادستۆن بووە یەکەم کەس لە دانیشتووانە ڕەسەنەکانی باکووری ئەمریکا کە خەڵاتی گۆڵدن گلۆبی بەدەست هێناوە، لە نواندنی ڕۆڵی ئافرەتێکی ئۆسایجی لە ئۆکلاهۆما، کە بەدەست هاوسەرگیرییەکی سەخت و ئاڵۆزەوە دەناڵێنێت لەگەڵ (ئێرنست بورخارت) کە لیۆناردۆ دیکاپریۆ ڕۆڵەکەی دەگێڕێت، لە هەمان کاتدا ئەویش پاڵێوراو بوو بۆ خەڵاتی گۆڵدن گلۆب، بەڵام (سیلیان مێرفی) کە خەڵاتەکەی بەدەستهێنا لە ڕۆڵی ئۆپنهایمەر.

لە میانەی ئاهەنگی ساڵانەی٨١ خەڵاتەکانی گۆڵدن کلۆب کە لە شاری بێڤەرلی هیڵز گلادستۆن بەڕێوە چوو، لیلی دوای سەرکەوتنەکە گوتی: «ئەمە سەرکەوتنێکی مێژووییە، تەنیا پەیوەندیی بە منەوە نییە، بەڵکو پەیوەندی بە هەموو خوشکە جوانەکانمەوە هەیە، ئەمە بۆ هەموو منداڵێکی بچووکە، هەموو منداڵێکی بچووکی شار، هەموو منداڵێکی بچووکی ڕەسەن کە خەونێکی هەیە، و خۆی وەك ئەکتەر دەبینێت، خۆمان چیرۆکەکانمان بە زمانی ڕەسەنی خۆمان دەگێڕینەوە».

لە ئاهەنگەکەدا گلادستۆن قسەکانی بە زمانی نیتسیتابی دەست پێکرد، ئەو زمانەی نیتسیتابییەکان قسەی پێدەکەن، کە ئێستا لە دەشتەکانی باکووری ڕۆژئاوای ئەمریکای باکوور دەژین، دواتر بە زمانی ئینگلیزی گوتی: «تازە کەمێك باسی زمانی بلاکفیتم کردووە (نیتسیتاپی) کۆمەڵگە جوانەکە، ئەو نەتەوەیەی کە پەروەردەی کردم، کە هانی دام بەردەوام بم و ئەنجامی بدەم».

گلادستۆن درێژەی بە قسەکانی دا و گوتی: «من لێرەم لەگەڵ دایکم، کە هەرچەندە بلاکڤیت نییە، بەڵام ماندوونەناسانە کار دەکات بۆ ئەوەی زمانەکەمان بخاتە ناو پۆلەکانی خوێندن، بۆیە مامۆستایەکی زمانم هەبوو تا گەورە بووم، زۆر سوپاسگوزارم کە دەتوانم تەنانەت کەمێك بە زمانەکەم قسە بکەم.»





### مۆنیکا بێلوچی:

# ئێمە و پیاوان پێویستمان بە یەکترە

ئەستێرەی ناسراوی سینەمای جیهانی مۆنیکا بێلوچی لە دیمانەیەکدا تیشکی خستە سەر خۆشەویستیی خۆی بۆ هونەری و نواندن و بەردەوامیی بەو جۆش و خرۆشەوە، لەم بارەوە مۆنکیا دەڵێت : «من بەرهەمی خەونەکەمم، تەنانەت کاتێك منداڵ بووم، حەزم دەکرد ببمە ئەکتەر و بێمە ناو ئەم جیهانە، هەرچەندە لە واقعی من زۆر دوور بوو».

مۆنیکا لە درێژەی قسەکانیدا دەشڵێت: «زۆرتر هونەر لە ئازارەوە سەرچاوە دەگرێت، ژنانی ئێمە زۆریان بەخشیوە بە سینەما، ڕەنگە بە بێ ئاگایی پەناگەیەکی خۆش بن و ئێمە ئێستا هەوڵ دەدەین کەرامەتیان بۆ بگەڕێنینەوە»، مۆنیکا دەربارەی پەیوەندیی ئافرەتان لە چوارچێوەی کاری سینەمایی و هونەریدا دەڵێت: «لەگەڵ ئافرەتدا هەندێك جار بەبێ وشە سەیری یەکتر دەکەین و لە یەکتر تێدەگەین، هەروەها ئافرەتان ناتوانن زۆر درۆ لەگەڵ یەکتری بکەن، بەڵام لەگەڵ پیاودا کەمێك فێڵبازترین، من پیاوانم خۆش دەوێت، بەڵام ئافرەتان ئیلهامبەخشن بۆ من، بەگشتی هەردوو ڕەگەز دەبێت فێربن باشتر پەیوەندی بکەن».

دواتر سەبارەت بە پیاوان دەڵێت: «شەڕ ئێمە بەرەو هیچ شوێنێك نابات، ئێمە پێویستمان بە ئێوەیە، ئێوەش پێویستتان بە ئێمەیە، و ئەم گەشەسەندنە کە ئێمە پەرەی پێ دەدەین، ئەم گەڕانە بۆ یەکسانی، ئێوەش ئازاد دەکات، ئێوە ڕاهاتوون کە ناچاربن ڕۆڵی ئەو سوارچاکە ببینن کە هەموو شتێك دەگرێتە ئەستۆ و هەمووان ڕزگار دەکات، ئێستا دەستمان درێژ دەکەین و دەڵێین دەتوانین یارمەتیت بدەین، پێویست ناکات بە تەنیا ئەم کارە بکەیت».



# پالێوراوان بۆ بەدەستهێنانی خەڵاتەکانی ئۆسکاری ساڵی ٢٠٢٤

**هەردوو فیلمی باربی و ئۆپنهایمەر کە داهاتیان ٢,٤ ملیار دۆلار بووە و دیاردەیەک بوون کە لەلایەن تۆڕەکانی سۆشیال میدیاوە ناویان لێناوە "باربنهایمەر" بۆ ئەوەی هاوکات بێت لەگەڵ بڵاوکردنەوەیان لە سینەماکان، سەرکەوتنی بەرچاویان بەدەستهێنا بۆ پاڵێوراون بۆ نزیکەی ١٢خەڵاتی ئۆسکار.**

باربی و ئۆپنهایمەر کۆمەڵێك داهاتیان ٢,٤ ملیار دۆلار بووە و دیاردەیەك بوون کە لەلایەن تۆڕەکانی سۆشیال میدیاوە ناویان لێناوە (باربنهایمەر) بۆ ئەوەی هاوکات بێت لەگەڵ بڵاوکردنەوەیان لە سینەماکان، پاڵێوراون بۆ نزیکەی ١٢خەڵاتی ئۆسکار.

نووسەری ماڵپەڕی دەدلاین (پیت هامۆند) لە لێدوانێکیدا بۆ ئاژانسی فرانس پرێس، گوتی: ساڵی ئەو دوو فیلمەیە و چاوەڕوان دەکرێت زاڵبن بەسەر زۆربەی خەڵاتەکاندا، فیلمەکەی کریستوفر نۆلان کە باس لە ژیاننامەی داهێنەری بۆمبی ئەتۆمی دەکات، شانسێکی زۆری هەیە بۆ وەرگرتنی پشکی شێری

پاڵێوراوان دوای بردنەوەی پێنج خەڵاتی گۆڵدن گلۆب، سەبارەت بە فیلمەکەی گرێتا گێرڤیگ کە باس لە بووکە شووشە پلاستیکییە بەناوبانگەکە دەکات، کە ڕادەی ڕق و کینە لە دژی ژنان لە جیهانی ڕاستەقینەدا دەدۆزێتەوە، هەوڵ دەدات توانای خۆی بسەلمێنێت، کە دەستکەوتە بازرگانییەکەی لە بۆکس ئۆفیسدا بکاتە سەرکەوتنێکی هۆلیوود.
هامۆند هەروەها رایگەیاند: بەگشتی فیلمە کۆمیدییەکان چانسی بەدەستهێنانی خەڵاتیان کەمترە لە فیلمە جدییەکان.
ئاماژەی بەوەش کردووە کە لە جیهانی باربنهایمەردا بە ڕوونی ئۆپنهایمەر ئەو سوودەی هەیە، چونکە کارەکتەری جدیترە و پێدەچێت گرنگ بێت.

### ساڵی خانمە دەرهێنەرەکانە

لە نێوان فیلمی (ئەناتۆمی دۆن شووت) لە نووسینی جەستن تریر، (باربی) لە دەرهێنەر



گریتا گێرڤیگ و فیلمی (ژیانی ڕابردوو) کە فیلمێکی کۆری-ئەمریکییە لە نووسینی سێلین سۆنگ، پێشبرکێی خەڵاتی ئۆسکاری باشترین فیلم دەکەن و دەتوانێت سێ بەرهەم لە دەرهێنانی ژنان لەخۆبگرێت، کە یەکەم خەڵاتە لە مێژووی ئەم خەڵاتانەدا.

بە درێژایی ٩٥ ساڵی خەڵاتی ئۆسکار کە لەمێژە ڕەخنەی زۆری لێدەگیرێت بەهۆی نەبوونی هەمەچەشنی، تەنیا ١٩ فیلمی درێژ لەلایەن دەرهێنەری ژنەوە پاڵێوراون بۆ دیارترین خەڵات. هامۆند دەڵێت: ڕەنگە ئەمە گرنگترین ساڵ بێت بۆ خانمان لە کێبڕکێی باشترین فیلمدا سەبارەت بە بەشی باشترین دەرهێنەر، لەبەر ڕۆشنایی ڕکابەرییە توندەکەی نێوان پیاوان، بەتایبەتی کریستوفر نۆلان و مارتن سکۆرسێزی و برادلی کوپەر، پێدەچێت گریتا گێرڤیگ زۆرترین ئەگەری پێشکەوتن بەدەست بهێنێت لە نێو ژناندا، لەکاتێکدا کاندیدکردنی جەستن تریر، ئەگەر ڕوو بدات، دەنگێکی گەورە دروست دەکات.

لە بەشی باشترین ئەکتەردا، پێدەچێت خەڵاتەکە بابەتی دووانەیەك بێت لە نێوان ئیما ستۆن کە ڕۆڵی وەشانی مێینەی فرانکنشتاین لە فیلمی (شتە هەژارەکان) و لیلی گلادستۆن کە ڕۆڵی لە فیلمی (بکوژانی مانگی گوڵ) دەگێڕێت، ڕۆڵی هیندییەکی ئەمریکی کە لە نەوتدا سامانێکی بەدەست هێنا، ڕووبەڕووی زنجیرەیەك کوشتن لە هۆزی ڕەسەنی ئەمریکیی خۆی دەبێتەوە.

**بڕیار وایە نەوەد و شەشەمین مەراسیمی خەڵاتی ئۆسکار لە ١٠ی ئازاردا بەڕێوەدەچێت.**

**پاڵێوراوان بۆ باشترین فیلم:**

American Fiction
Anatomy of a Fall
Barbie
The Holdovers
Killers of the Flower Moon
Maestro
Oppenheimer
Past Lives
Poor Things
Zone of Interest

**پاڵێوراوان بۆ باشترین دەرهێنەر:**


Justine Triet، Anatomy of a Fall
Martin Scorsese، Killers of the Flower Moon
Christopher Nolan، Oppenheimer
Yorgos Lanthimos، Poor Things
Jonathan Glazer، The Zone of Interest

**پاڵێوراوان بۆ باشترین ئەکتەر پیاو:**

Bradley Cooper، Maestro :
Colman Domingo، Rustin
Paul Giamatti، The Holdovers
Cillian Murphy، Oppenheimer
Jeffrey Wright، American Fiction

**پاڵێوراوان بۆ باشترین ئەکتەر ئافرەت:**

Annette Bening، Nyad
Lily Gladstone، Killers of the Flower Moon
Sandra Hüller، Anatomy of a Fall
Carey Mulligan، Maestro
Emma Stone، Poor Things






داناس ئاراس یاریزانی تۆپی پێ:

# پێویستە گرنگی بە ئافرەتانی وەرزشکار بدرێت تا زیاتر بەرەوپێش بچن

ئێستادا ژمارەیەکی زۆر لە کچە یاریزانانی کوردستان لە یاریی تۆپی پێی یاریگەی گەوران، لە ڕیزی هەڵبژاردەی نیشتمانیی تۆپی پێی عێراقیدان، بە هۆی ئاست بەرزیانەوە ڕاهێنەران و کارگێڕانی تۆپی پێی عێراقیان ناچار کردووە گرنگی بە تواناکانیان بدەن، کچانی قەزای دوکانیش بەردەوام لە یاریی تۆپی پێدا جێدەستیان دیار بووە لە تیپەکانی عێراقی، لە یاریی فوتساڵیشدا شارەکە خاوەنی ژمارەیەك یاریزانی ئاست بەرزە کە ئێستا بۆ یانەکانی دەرەوەی شارەکانیان یاری دەکەن، یەکێك لەم کچە یاریزانانەش کە خاوەنی چەندین ئەنجامی باشە لەسەر ئاستی کوردستان و عێراق (داناس ئاراس)ـە، کە لەدایکبووی ساڵی ٢٠٠٧ قەزای دوکانە و ئێستاش لە خولی نایابی فوتساڵی کوردستان یاری بۆ یانەی دوکان دەکات، لە خولی عێراقییش بۆ شەهرەبان و پێشتریش بۆ یانەکانی بیلادی و فێرگەی تانیا یاریی کردووە، لە نزیکەوە چەند پرسیارێکمان لێکرد سەبارەت بەم وەرزشە، ئەویش وەڵامی سەرجەم پرسیارەکانی گۆڤاری گوڵانی دایەوە.

■ دیمانە: کارزان کانەبی

*** چۆن بوو یاریی تۆپی پێت هەڵبژارد؟**

- بەهۆی ئەوە کە حەز و خولیام بۆی هەیە خەونم بوو کە ببم بە یاریزانێکی باش و دیار لە عێراق و دەرەوەی عێراقیش.

*** هەست ناکەیت وەرزشێکی قورست هەڵبژاردووە؟**

- حەزم لە کێبڕکێیە، بۆیە تۆپی پێشم هەڵبژاردووە کە کێبڕکێی زۆری تێدایە و ئەمەش زیاتر چێژ دەبەخشێ و تایبەتە.

*** بۆچی یاریی تۆپی پێی لە ئاستی پێویستدا نییە؟**

- لەبەر باری دارایی یانەکان ئەو پشتگیرییە نەکراوە، و گرنگیی پێ نادەن لە لایەن خانەوادەکانەوە.

*** هەست ناکەیت پێشوازیی باش لەم یارییە نەکراوە لە شارەکان، بە تایبەت بۆ کچان؟**

- لە چاو پێشتردا لە بەرەوپێش چووە، ژمارەی یانەکانیش زیاتر بووە، لەچاو پێشتردا کە بەباشی پێشوازیی لێ نەکراوە وەرزشکاری کچیش ڕووی لە زیاد بوونە، کە ئەوەش کارێکی دڵخۆشکەرە.

*** ئاستی یاریی فوتسالٚ چۆن دەبینیت لە کوردستان؟**

- لە ئاستێکی زۆر باش دایە و پێشکەوتووە، بەڵام دەبێت زیاتر گرنگیی پێ بدرێت، چونکە یاریزانی زۆر باش هەیە لەم یارییەدا.

*** چی بکرێت باشە بۆ بەرەوپێشبردنی ئەم یارییە و هێنانی کچانی وەرزشکار بۆ ناو ئەم یارییە؟**

- دەبێت کچان پشتگیری بکرێن و دەرفەتیان پێ بدرێت و زیاتر گرنگی بە ئافرەتی وەرزشکار بدەین تا زیاتر بەرەوپێش بچن.

*** لە دوو خولدا یاری دەکەیت، کوردستان و عێراق، کامەیان بەهێزترە؟**

- هەردوو خولەکە بەهێزن و پڕ لە کێبڕکێن، بەڵام خولی کوردستان لە خولی عێراق بەهێزتر و بە چێژترە، چونکە یاریزانی زۆر باش و بەتوانامان هەیە.

*** بەرنامەت چییە وەکو کچە یاریزانێك بۆ داهاتوو؟**

- ئەو خولیا و ئامانجەی هەمە بەدیی بهێنم و زیاتر گرنگی بە ژیانی وەرزشی بدەم و زیاتر بەرەو پێشی ببەم.

*** گرفتی ئەم یارییە لە چیدا دەبینیت؟**

- گرفتی ئەم یارییە لەوەدا دەبینم کە پاڵپشتیی ماددی ناکرێن، ئەگەر پاڵپشتی ماددی بکرێن ئەوە وەرزشی کچان لە ئێستا زۆر بەرەوپێشتر دەچێت.

*** خەونت وەکو کچە وەرزشوانێك چییە؟**

- من وەك کچە وەرزشکارێك خەونم زۆرە، یەکێك لە خەونەکانم ئەوەیە کە ببم بە باشترین یاریزان لە دەرەوەی عێراق.

*** هیچ گرێبەستێکت پێشکەش کراوە لە یانەکانی عێراقی؟**

- بەڵێ چەندین گرێبەستم بۆ هاتووە، بەڵام لە ئێستادا لەگەڵ یانەی شەهرەبانم.

*** یاریکردن لە ڕیزی هەڵبژاردەی عێراق چ هەستێکت پێ دەبەخشێ؟**

- هەستێکی زۆر خۆش و نایابە کە بە ناوی وڵاتەکەمەوە یاری بکەم و هەستێکی نەتەوەییم پێ دەبەخشێت شانازی و سەربەرزییە بۆمن کە بتوانم ناوی وڵاتەکەم هەڵبگرم و یاری بکەم.

*** ئەگەر شتێکت ماوە لە کۆتاییدا؟**

- دەستخۆشی بۆ گۆڤاری گوڵان، بۆ ئەو هەموو خزمەتە، بە پشتیوانی خوای گەورە هەوڵ دەدەم لە داهاتوودا ببمە باشترینی عێراق و دەرەوەی عێراقیش.







# ئیتاڵییەک نزیکە لە ڕاهێنەرایەتی یانەی بەرشلۆنە

ڕاپۆرتە ڕۆژنامەوانیەکان ئاشکرایانکرد ڕاهێنەرێکی نوێ پاڵێوراوە بۆ شوێنگرتنەوەی چاڤیی ڕاهێنەری یانەی بەرشلۆنە، دوای ئەوەی چاڤی ڕایگەیاند کە لە کۆتایی وەرزدا یانەی بەرشلۆنە جێدەهێڵێت.

لە ساڵی ٢٠٢١ چاڤی پۆستی ڕاهێنەرایەتیکردنی یانە کەتەلۆنییەکەی وەرگرت و توانیی نازناوەکانی خولی ئیسپانیا و سوپەری ئیسپانیا بباتەوە.

بەپێی ڕۆژنامەی سپۆرت ناوی ئەنتۆنیۆ کۆنتی ڕاهێنەری پێشووی یانەکانی تۆتنهام، ئەنتەر میلان، چێلسی ناوی لە نێو لیستی ڕاهێنەرە پاڵێوراوەکاندایە بۆ شوێنگرتنەوەی چاڤی، تەنانەت ئەگەر شێوازی یاریکردنی ڕاهێنەرەکە لەگەڵ بەرشلۆنە نەگونجێت.

کۆنتی لەو کاتەی پۆستی ڕاهێنەرایەتیکردنی تۆتنهامی جێهێشتووە ڕاهێنەرایەتی هیچ یانەیەکی دیکەی نەکردووە.



## ڕۆما گرێبەستی لەگەڵ یاریزانێک مۆرکرد

یانەی ڕۆما سەرکەوتووبوو لە گواستنەوەی ئەنجێلینۆی بەرگریکاری ڕێدبوڵ لایپزیگ.

یاریزانە ئیسپانییەکە ئەم وەرزە بەشێوەی خواستن لە گالاتەسەرای تورکی یارییکرد، بەڵام ئاستە بەرزەکەی وایکرد چەند یانەیەک لە گواستنەوەی زستانەدا هەوڵی بۆ بدەن.

ڕۆما توانی لایپزیگی خاوەنی ئەو یاریزانە ڕازی بکات بە خواستن بۆ شەش مانگ ڕووبکاتە یانەکەی ئیتاڵیا.

دوای ئەوەش ڕۆما مافی ئەوەی هەیە بە پێنج ملیۆن یۆرۆ بەشێوەیەکی هەمیشەیی ئەو یاریزانە بگوازێتەوە.

سەرچاوەکان ئاماژە بەوەدەکەن ئەگەر ڕۆما بگاتە خولی پاڵەوانەکان ئەوا گواستنەوەی ئەنجێلینۆ دەبێتە هەمیشەیی.



# ئافرەتێک سەرکردایەتی تیپێکی پیاوان دەکات

ماری لویس ئیتا مێژووی تۆمارکرد دوای ئەوەی بووە یەکەم ئافرەت، کە لە یارییەکی خولی ئەڵمانیا ئەرکی ڕاهێنەرایەتی تیپی پیاوانی بگرێتە ئەستۆ.

ماری تەمەن ٣٢ ساڵ سەرەتای ئەم وەرزە وەک یاریدەدەری ڕاهێنەری یونیون بەرلین دەستنیشانکرا، هەفتەی ڕابردوو لە یاری بایرن میونیخ و یونیەن بەرلین، نیناد بیلیکای ڕاهێنەری کرواتی یونیەن بەرلین بەکارتی سوور یاریگای جێهێشت و یانەکەش بە گۆڵێکی بێبەرانبەر دۆڕا.

نیناد بیلیکای ڕاهێنەری یونیەن بەرلین بۆ٣ یاری ڕاگیرا، یانەکە ئەرکی ڕاهێنەرایەتی بە ماری لوس ئیتای یاریدەدەر ڕاسپارد.

ماری لە یەکەمین یاریی، کە شوێنی ڕاهێنەری گرتەوە توانی سەرکردایەتی بردنەوەی یونیەن بەرلین بکات و بە گۆڵێکی بێبەرانبەر لە دارمشتاتی بردەوە بڕیاربوو ئەم خانمە وەکو ڕاهێنەر لە دوو یاریی داهاتووی خولی ئەڵمانیا بەرانبەر یانەکانی لایپزیگ و ماینز ڕۆڵی ڕاهێنەر ببینێت، بەمەش دەبێتە یەکەمین ئافرەت لە مێژوودا وەکو ڕاهێنەر لە خولی ئەڵمانیا دەربکەوێت.

ماری ئیتا دوای بەدەستهێنانی یەکەمین سەرکەوتن لەگەڵ یانەکەی گوتی: ئەوەی پلانمان بۆ دانابوو یاریزانەکان جێبەجێیان کرد زۆریش خۆشحاڵ بووم بەو ئاستە بەرزەی یاریزانەکان پێشکەشیان کرد هیچ جیاوازییەك نابینم لە ڕووی کارکردن لە بواری ڕاهێنەرایەتی لە نێوان پیاو و ژن گرنگ کەسایەتی و کوالیتی و ئەزموونە لە نێو یاریگە و دەرەوەی یاریگە.

ماری پێشتر وەکو یاریزان لە تەمەنی ١٧ ساڵی توانی لەگەڵ یانەی تۆربایِن پۆستدام نازناوی خولی ئەڵمانیا ئافرەتان لە ساڵی ٢٠١٠ بباتەوە هاوکات وەکو یاریزان لەگەڵ یانەکەی ڕۆڵی لە بردنەوەی ٣ نازناوی لەسەریەکی خولی ئەڵمانیا هەبوو لە نێوان ساڵانی ٢٠٠٩ تا ٢٠١١.

ئیتا لە تەمەنی ٢٦ ساڵیدا وازی لە یاریکردن هێنا و ڕوویکردە بواری ڕاهێنەرایەتی، سەرەتا ئەرکی ڕاهێنەرایەتی تیپی لاوانی یانەی یونیەن بەرلینی وەرگرت، پاشان لە ٢٠٢٣ وەکو یاریدەدەری ڕاهێنەری یونیەن بەرلین دەستبەکاربوو.



# نەجەف نەیهێشت سەرهەنگ بگەڕێتەوە هەولێر

سەرهەنگ موحسین گۆڵپارێزی پێشووی یانەی وەرزشیی هەولێر ماوەی چەند وەرزێکە ڕیزی یانەی وەرزشیی هەولێری جێ هێشتووە، بەڵام کارگێڕیی یانەکەی پایتەخت نیازی گەڕانەوەی ئەم گۆڵپارێزەی هەبوو بە ئامانجی دووبارە پارێزگاریکردن لە گۆڵەکەیان، لەم بارەشەوە (سەرهەنگ موحسین) بۆ گۆڤاری گوڵان گوتی: «بەڵێ گەڕانەوەم بۆ یانەی وەرزشیی هەولێر تەواو فەرمی بوو، بۆ ئەوەی جارێکی دی بگەڕێمەوە ڕیزی یانەکەی پێشووم، لە بارەی هۆکارەی ڕەتکردنەوەی لەلایەن یانەی نەجەفیش سەرهەنگ گوتیشی: «من گۆڵپارێزی سەرەکیی یانەکەم، گرێبەستی یەك ساڵیشم لەگەڵیان هەیە، کاتێك لە شاری بەسرەش بووین، لەگەڵ سەرپەرشتیاری تیپ و سەرۆکی یانە و ڕاهێنەری یانەکەش دانیشتبووین باسی ئەو بابەتەم کرد، دڵگرانیی لێکەوتەوە و بە توندی ڕەتیان کردەوە کە دەستبەرداربم ببن، بە دەگمەن ڕوو دەدات لە گواستنەوەی زستانەدا گرێبەست بۆ یاریزان بێت، ئەوەی هەیە لە سەرەتای خولە، بەڵام دوای بڵاوبوونەوەی بابەتی من لەگەڵ هەولێر، بۆ ئەم مەبەستە دوو یانەی دیکە پەیوەندییان کرد، یانەیەکیان لە ڕێگەی دەستەی ڕاهێنەران داوایان کردم، یانەکەی دیکەیش بەڕێوەبەری کارێك بوو، وەڵامی من بۆ هەردوو لا ئەوە بوو بابەتی ڕۆیشتنم ئەگەر لە نەجەف ڕوو بدات، لە ئێستادا تەنیا دەربارەی هەولێر و دۆخی یانەکەیە، ئەگینا من لەگەڵ یانەی نەجەف ئاسوودەم و هیچ کێشەیەکم نییە».

یانەی هەولێر دوای ڕۆیشتنی جولی و ڕێبازی گۆڵپارێزی یەکەم و دووەمی یانەکە، پەنای بۆ گۆڵپارێزێکی دیکەی عەرەب بردوە.

# بابان
# بەشداریی خولی عێراقیش دەکات



تیپی تۆپی پێی یانەی وەرزشی بابانی پارێزگای سلێمانی ئەمساڵ بەشدارە لە یارییەکانی خولی یانە پلە یەکەکانی کوردستان، هەر چەندە یانەکە تاکە ئامانجی بۆ ئەم وەرزە مانەوەیە لە خولی پلە یەکەکانی کوردستان، لە قۆناغی دووەم یانەکە گۆڕانکاریی ڕیشەیی لە یانەکەدا کردووە بە ڕۆیشتنی ١٢ یاریزان و هێنانی ژمارەیەك یاریزان، بۆ ئەوەی تیپەکە ببەنە قۆناغێکی باشتر، جگە لەوەش یانەکە بەشداریی خولی عێراقیش دەکات، لەم بارەیەوە بگار ئەنوەر یاریدەدەری ڕاهێنەری یانەی بابان بۆ گۆڤاری گوڵان گوتی: «لەقۆناغی یەکەم ئەنجامەکانمان وەکو پێویست نەبوو بەهۆی ئەوەی نەمانتوانی لە کاتی خۆیدا تیپەکە ئامادە بکەین، هەر چەندە ڕاهێنەریش زوو دەستنیشان کرا، بەڵام سوپاس بۆ خودا بە هیمەتی هەموو لایەك توانیمان گۆڕانکاریی ڕیشەیی بکەین، لە ئێستادا ١٢ یاریزان ڕیزی یانەکەیان جێ هێشتووە، جگە لەوەش ئێمە گرێبەستمان لەگەڵ نۆ یاریزانی تازە کردووە لە سێ یاریی سەرەتای قۆناغی دووەم دوو یاریمان بردووەتەوە و یەك یاریش یەکسان بووین، ئامانجی یانەکە لەم وەرزە لە خولی پلە یەك تەنیا مانەوەیە و گەیشتنە بە ڕیزبەندەکانی پێشەوەی خولەکە، لە ئێستادا ئامادەکاری دەکەین بۆ بەشداریکردن لە خولی پلە دووی یانەکانی عێراقی کە وا بڕیارە لە ناوەڕاستی مانگی سێ دەست پێ بکات، دەمانەوێ لەم خولەش ئەنجامی باش بەدەست بهێنین، جێگەی ئاماژە پێکردنە لە خولی پلە یەکی کوردستان یانەی بابان دوای ئەنجامدانی ١٠ یاری خاوەنی ١١خاڵە و لە ناوەڕاستی ڕیزبەندی یانەکان دێت».



# محەمەد یاسین پارێزگاری لە گۆڵی زانکۆی جیهان دەکات

یانەی وەرزشیی زانکۆی جیهان ئەم وەرزە بەشدارە لە یارییەکانی خولی یانە پلە دووەکانی کوردستان، بۆ ئەم مەبەستەش کارگێڕیی یانەکە گۆڕانکاری ڕیشەیی کردووە لە یانەکەدا و ستافێکی ڕاهێنەران و یاریزانانی تازەی دیاری کردووە بۆ ئەوەی بتوانن بە شێوازێکی نایابتر دەربکەون، بۆ ئەم مەبەستەش کارگێڕیی یانەکە بە فەرمی گرێبەستی لەگەڵ (محەمەد یاسین) گۆڵپارێزی یانەی هەندرێن کردووە، لەم بارەشەوە محەمەد یاسین بۆ گۆڤاری گوڵان گوتی: «یانەی زانکۆی جیهان ئەمساڵ هەر زوو دەستەی ڕاهێنەرانیان دیاری کرد و پلانی ئەوەیان دانا کە ئەمساڵ هەوڵی گەڕانەوە بدەن بۆ خولی یانە پلە یەکەکانی کوردستان، بۆیە منیش ئەمساڵ گرێبەستی فەرمیم لەگەڵ یانەکە کرد، دەمەوێ لەگەڵ ئەو یانەیە تیپەکە بگەڕێنینەوە ڕیزی یانە پلە یەکەکانی کوردستان، بۆ ئەم مەبەستەش دەجەنگین، ئێمە لە چوارچێوەی ئەو پلانە گشتگیرەی یانەکەماندا هەوڵی خۆمان دەدەین و بە سەرپەرشتی ڕاهێنەری یانەکەمان مەشقەکانمان بە چڕوپڕی ئەنجام دەدەین، وەکو گۆڵپارێزی زانکۆی جیهانیش من پلانی تایبەتی خۆم هەیە و بە جوهدی تاکەکەسی هەموو هەوڵێکم بۆ ئەوەیە کەمترین گۆڵمان لێ بکرێت و گۆڵەکەمان بە خاوێنی بپارێزین، کە دوجار بە سوودی یانەکەمان دەشکێتەوە، ئامانجی سەرەکیی خۆشم وەکو گۆڵپارێز ئەوەیە بگەڕێمەوە خولی نایابی کوردستان و گەیشتنە بە خولەکانی عێراقی، یانەی زانکۆی جیهانیش یەکێك لە تیپە بەهێزەکان ئەمساڵ هەموو هەوڵێك دەدەین بۆ ئەوەی بتوانین ئامانجی خۆمان بپێکین بە پشتیوانیی کارگێڕیی یانەکە و یاریزانان و ڕاهێنەری تیپەکەمان».





# ژیان لەگەڵ پەستانی بەرزی خوێندا

بەرزبوونەوەی پەستانی خوێن Hyperten-sion، نەخۆشییەکی درێژخایەنە، تا ئێستا چارەسەری یەکجارەکی بۆ نەدۆزراوەتەوە. بەرزبوونەوەی پەستانی خوێن بە بکوژی هێمن ناسراوە، چونکە لە زۆربەی حاڵەتەکاندا بێ نیشانەیە تا ئەو کاتەی کە ئاڵۆزییەکی گەورەی تەندروستی پەیدا دەکات، بۆ نموونە جەڵتەی مێشك کە لەوانەیە کوشندە بێت، یان نۆرەی دڵ. بۆ کۆنترۆڵکردنی پەستانی بەرزی خوێن، پێویستە لەسەر تووشبوو کە تا لە ژیاندا ماوە پابەند بێت بە هەنگاوەکانی کۆنترۆڵکردن تا بتوانێت ژیانێکی ئاسایی بەرێتە سەر، هەنگاوەکان ئەمانەن: ئەنجامدانی مەشقی وەرزشیی مامناوەندی ڕۆژانە کە هاندەرە بۆ کەمکردنەوەی ژمارەی سەرەوەی پەستانی خوێن Systolic بەمەرجێك ڕۆژانە لە ٣٠ خولەك کەمتر نەبێت، کۆنترۆڵکردنی کێشی لەش، پەیڕەوکردنی خۆراکی تەندروست بە شێوەی زیاد خواردنی سەوزە و میوەی جۆراوجۆر و ڕەنگاوڕەنگ، دانەوێڵەی تەواو پێویستە کە خۆراکی نیشاستەیی سێیەکی ژەمە سەرەکییەکان بێت، ڕێژەیەکی کەمی چەوریی ڕووەکی یان ئاژەڵی، هەفتانە ٢-٣ ژەم ماسی، کەمکردنەوەی گۆشتی سوور، کەمکردنەوەی خوێ لە خۆراکدا کە ڕۆژانە لە ٥-٦ گرام زیاتر نەبێت واتە ٢-٢,٣ گرام سۆدیۆم، هاوکات لەگەڵ وریابوون لە سەرچاوەکانی خوێی شاراوە وەکو ترشیات و چەرەزات و خۆراکە قوتووبەندەکان، دوورکەوتنەوە لە جگەرەکێشان و ڤەیپ، چونکە لە ئەگەری ڕوودانی ئاڵۆزییەکانی بەرزبوونەوەی پەستانی خوێن زیاد دەکەن، بەتایبەتی جەڵتەی مێشك Stroke، هەروەها زوو زوو بەسەرکردنەوەی پێوانەی پەستانی خوێن لە لایەن پزیشك.



# بۆچی نەخۆشیی ڕەبو لە زستاندا سەختتر دەبێت؟

وەرزی زستان بۆ تووشبووانی نەخۆشیی ڕەبو Asthma ناخۆشترین کاتی ساڵە. سەرما، هەوای وشك، لەگەڵ گۆڕانی کتوپڕی کەش هاندەرن بۆ سووتانەوەی ڕێڕەوەکانی کۆئەندامی هەناسە و زیادبوونی دەردراوی ناوپۆشەکانیان کە هاوکات دەبێت لەگەڵ سەختتربوونی نیشانەکاندا، بۆنموونە ئازاری سینگ، کۆکە، هەناسەتەنگی، هەستکردن بە توندبوونی سینگ، لەگەڵ دەنگی ویزەی Wheezing هەناسە لە سینگدا. هەنگاوەکانی خۆپاراستن لە سەرهەڵدانی نۆرەی ڕەبو و سەختتربوونی نیشانەکان لە وەرزی زستاندا: خواردنەوەی بڕێکی باشی ئاو و شلەمەنییە تەندروستەکانی دیکە، زوو شووشتنی دەستەکان بە ئاو و سابون بۆ خۆپاراستن لە ئەگەری تووشبوون بە هەڵامەت و ئەنفلوەنزا، پۆشینی جلی گەرم لەکاتی چوونەدەرەوەدا، لەگەڵ بەکارهێنانی دەستکێش و هەناسەوەرگرتن لە ڕێگەی لووتەوە، وەرگرتنی ڤاکسینی ئەنفلوەنزا، هەڵگرتنی (بەخاخ Inhaler)ی ڕەبو بە بەردەوامی، مەشقکردن لە هۆڵەکانی جیم لەجیاتی مەشقی وەرزشی لە هەوای کراوەی دەرەوەدا، بەکارهێنانی ئامێری شێدارەکەرەوە Humidifier لە ناوماڵ، بەتایبەتی لەکاتی نووستندا، هەروەها بەکارهێنانی دەرمانەکانی ڕەبو ڕۆژانە و پابەندبوون بە ژەمەکانیان. پێویستە لەسەر نەخۆشانی ڕەبو کە لەکاتی سەختتربوونی نیشانەکان و کۆنترۆڵ نەبوونیان بە دەرمان و هەنگاوەکانی دیکە، پێویسە کە بە زووترین کات سەردانی دکتۆر یان سەنتەرێکی پزیشکی بکەن.

پشت ئێشە حاڵەتێکی باوە، گەلێك هۆکاری هەیە کە هەندێکیان نارِوون و پێشبینی نەکراون. هۆکارە پێشبینی نەکراوەکان: خەوزڕان، ئازاری پێ یان تەختبوونی پێ کە دەبنە ئەگەری فشار لەسەر بەشەکانی دیکەی لەش و پشت ئێشە لەکاتی پیادەڕۆییدا، زیاد دانیشتن بۆ هەر مەبەستێك کە هاندەرە بۆ گرژبوون و ماندوبوونی ماسوولکەکان، لێخوڕینی ئۆتۆمۆبیل بۆ ماوەیەکی زۆر، پاش ئەنجامدانی نەشتەرگەریی قەیسەری بە بەنجی خۆجێیی پشت (نیوەبەنج Epidural anesthesia لەجیاتی بەنجی گشتی، جگەرەکێشان کە ئەگەری پشت ئێشە تا سێ هێندە زیاد دەکات، چونکە نیکۆتین هاتووچۆی خوێن بۆ ئێسك و شانەکانی یەکەی پشت کەم دەکاتەوە، جلی تەسك، کەفشی پاشنەبەرز، هەوکردنی ڕێڕەوەکانی کۆئەندامی میزەڕۆ، بەردی گورچیلە، قەڵەوی، گرژبوونی ماسوولکەکانی پشت لە ئەنجامی ئیشی قورسدا، کەمبوونەوەی ڕێژەی شلەی لەش Dehydration، ئەنجام نەدان یان کەم ئەنجامدانی مەشقی وەرزشی، نەرمبوون یان کۆنبوونی دۆشەکی تەختی نووستن، کەمیی ڤیتامین D لە لەشدا، هەروەها نایەکسانی لە درێژیی قاچەکان کە هۆکارە بۆ تێکچوونی زیندە میکانیکیی وەستان و پیادەڕۆیی کە فشاری نایەکسان دەخاتە سەر لایەکی لەش.




# چەند هۆکارێکی پێشبینی نەکراوی پشت ئێشە

# هەستکردن بە چێژی تاڵ لە دەمدا



چێژکردن هەستێکی ئاڵۆزە و بە گەلێك فاکتەر تێك دەچێت، هەستکردن بە چێژی تاڵ Bitter taste لە دەمدا هۆکاری جیاوازی لەپاڵە، کە بریتین لە: وشکبوونی دەم لەبەر هەر هۆکارێك، چونکە هاندەر دەبێت بۆ زیادبوون و گەشەکردنی بەکتریا لە ناو بۆشایی دەمدا، گرفتەکانی پووك و ددان، بەتایبەتی هەوکردنی پووك و کلۆربوونی ددان، دووگیانی لە ئەنجامی گۆڕانی بەرچاوی هۆرمۆنەکان، وەستانی یەکجارەکی سووڕی مانگانەی ئافرەت Menopause لەبەر کەمبوونەوەی ئاستی هۆرمۆنی ئیسترۆجین لە لەشدا، گەڕانەوەی ترشەڵۆکی گەدە بۆ بەشی خوارەوەی سوورێنچك، کە لەوانەیە بگاتە قوڕگ و دەم، هەوکردنی دەم بە کەڕووی کاندیدا Candida، خواردنی دەنکی سنۆبەر Pine nut، سترێس و پەستی کە وروژێنەرن بۆ بەرزبوونەوەی ئاستی هۆرمۆنەکانی سترێس و زیادبوونی ئەگەری وشکبوونی دەم، هەوکردنی جیوبەکانی لووت، زیانی لابەلای بەکارهێنانی چەند دەرمانێك، بەتایبەتی ئەوانەی کە دەبنە هۆی وشکبوونی دەم، بۆنموونە: چارەسەری کیمیایی یان چارەسەری تیشکی بۆ شێرپەنجە، هەروەها نەخۆشیی دەمارەکانی مێشك وەکو پەرکەم، ئیفلیجبوونی دەماری دەموچاو (دەماری حەفتەم)، یان گرێی مێشك. هەنگاوەکانی چارەسەرکردن: دۆزینەوەی هۆکارەکان و چارەسەرکردنیان لە لایەن دکتۆر، گرنگیدان بە پاکوخاوێنیی دەم و ددان، خواردنەوەی بڕێکی باشی ئاو و شلەمەنی، بەکارهێنانی غەرغەرەی دەم، لەگەڵ دوورکەوتنەوە لە جگەرەکێشان.

# ئایا خۆراک پەیوەندی بە زیپکەوە هەیە؟



زیپکە Acne حاڵەتێکی هەوکردنی باوی پێستە کە گلاندەکانی چەوری کە کەوتوونەتە ژێر کونی دەرچوونی مووەکان تووشی داخستن دەبن بە چەوریی پێست Sebum و خانە مردووەکانی پێست، دەرەنجام بەکتریا هەوکردن پەیدادەکات و زیپکە پەیدا دەبێت. ئەمە سەلمێندراوە کە هەندێك جۆری خۆراك و شلەمەنی ڕیسکی سەرهەڵدانی زیپکە زیاد دەکەن، هەندێکی دیکەیش ئەگەری سەرهەڵدانی زیپکە کەم دەکەنەوە یان لە توندیی زیپکە کەم دەکەنەوە، بەڵام پێویستە ئەمە بزانرێت کە هیچ خۆراك یان شلەمەنییەك ڕاستەوخۆ نابێتە هۆی دەرکەوتنی زیپکە یان ڕێگە لە پەیدابوونی بگرێت، بە هەمان شێوە بۆماوە (جینەکان) و ستایلی ژیان ڕۆڵیان لە وروژان یان سووکبوونی زیپکەدا هەیە. خۆراکە وروژێنەرەکانی زیپکە بریتین لە: شیر و بەرهەمەکانی، گۆشتی سوور، خۆراکی خێرا، جیبسی پەتاتە، سۆدا و شلەمەنییە کاربۆنکراوەکانی دیکە، هەروەها سەرچاوەکانی شەکر و کاربۆهیدراتی سافکراوە وەك: هەویرکاری و نانی سپی، برنجی سپی، کێك، شیرینی و قەنادی، شوکولاتە. ئەو خۆراکانەی کە لە سەختی و سەرهەڵدانی زیپکە کەم دەکەنەوە بریتین لە: خۆراکی دەوڵەمەند بە ڕیشاڵ وەکو شوفان، پاقلەمەنییەکان، سێو، قەیسی، گێلاس، ئاڵو، گێزەر، سپێناغ و سەوزە گەڵا تاریکەکانی دیکە، تەماتە، بلوبێری، پەتاتەی شیرین، نانی گەنمی تەواو، ماسیی سالمۆن کە دەوڵەمەندە بە ترشە چەورییەکانی ئۆمیگا٣، باوی یان فستقی سودانی کە دەوڵەمەندن بە ڤیتامین E و کانزای سیلینیۆم، گیای دەریایی Seaweed، هەروەها مەحار (گوێچکە ماسی) کە دەوڵەمەندە بە کانزای زینك.

# زیانبەخشترین خۆراک بۆ تەندروستیی دڵ

بە ڕای پسپۆڕان، بۆ پاراستنی تەندروستیی دڵ پێویست بە دوورکەوتنەوە لە چەند جۆرێکی خۆراك دەکات، لە شۆربەی قوتووبەندەوە بگرە تا دەگاتە جۆرەکانی شیرینی و قەنادی، چونکە ئەم خۆراکانە چەورییە نێوەندەکان، دانەویلەی سافکراو، بڕی زیادی خوێ، شەکر، یان چەورییە تێرەکان لەخۆدەگرن، کە هەموویان ئەگەری تووشبوون بە نەخۆشیی دڵ زیاد دەکەن. گرنگترین خۆراك و شلەمەنییە زیانبەخشەکان بۆ تەندروستیی دڵ بریتین لە: گۆشتی پرۆسێسکراو وەکو باکۆن Bacon، هۆت دۆگ Hot dogs..تاد کە ڕێژەیەکی بەرزی چەورییە تێرەکان لەخۆدەگرن، کە هاندەرە بۆ ڕەقبوونی خوێنبەرەکان، کە لەوانەیە خوێنبەرەکانی دڵ بگرێتەوە، دانەوێڵەی سافکراو یان پرۆسێسکراو وەکو ئاردی سپی و برنجی سپی کە هاندەرە بۆ بەرزبوونەوەی خێرای ئاستی شەکری خوێن و هۆرمۆنی ئینسولین پاشان دابەزینی خێرای شەکر و ئینسولین، کە دەبێتە هۆی دووبارە هەستکردنەوە بە برسیبوون و زیاد خواردن، خۆراکی سوورەوەکراو لە ڕۆندا کە سەرچاوەی دەوڵەمەندن بۆ چەورییە تێرەکان و چەورییە نێوەندەکان، سۆدا و شلەمەنییە شیرینکراوەکان کە ئاستی چەوریی گلیسریدە سیانییەکان لەخوێندا بە خێرایی بەرزدەکەنەوە، سوپ و سەوزەی قووتوبەند کە ڕێژەیەکی بەرزی چەوری و خوێ لەخۆدەگرن، سۆوسەکان Sauces کە زۆربەیان ڕێژەی بەرزی خوێ و شەکر لەخۆدەگرن، هەروەها ئەو خۆراکانەی کە چەورییە نێوەندە دەستکردەکان لەخۆدەگرن، وەك: کەرەی دەستکرد (مارگەرین)، کراکەرز، بسکویت و هەویرکارییەکانیدیکە، گەنمەشامی فرنی مایکرۆوەیڤ، هەویری فریزکراو، پیتزا، لەگەڵ زەیتە هایدرۆجینکراوەکان.







# کیبۆردی تایبەت بە گەیمەرەکان

ئەوانەی یاری ئەلیکترۆنی واتە یاری سەر کۆمپیوتەر یا ئامێرەکانی دیکەی تایبەت بە یاری دەکەن بە (گەیمەر) دەناسرێن. جگە لە ئامێرەکانی تایبەت بەیاری وەك پلەی ستەیشن و نیتندۆ و ئیکس بۆکس و ...تاد. ماوس و کیبۆرد و جویستیکی تایبەت بە یاریش هەیە. یەکێك لە کیبۆردە ناوازەکانی تایبەت بەیاری کیبۆردی جۆری ASCII ASC-1901PO White ناسراوە. لە کیبۆردەکە سەرەڕای ئەوەی گشت دوگمەکانی تایبەت بە تایبەتکردنی لەسەرە، هەم دوگمە و هەم دەسکی تایبەت بەگەیمیشی لەسەر داندراوە. کیبۆردی ناوبراو زیاتر بۆ ئامێری نیتندۆ بەکاردێت و پشتیوانی لە هەشت یاری گرنگ دەکات. چونکە بەکارهێنەرانی کیبۆردەکە بۆ یاریکردن لەگەڵ کەسانی دیکە پێویستیان بە چاتکردنە، بۆیە بەهۆی ئەو کیبۆردەوە بە ئاسانی دەتوانن چات بکەن.

# هارددیسکی 24 ترابایتی گەرەنتی نزیک بە سێ سەدە

کۆمپانیای Seagate لەو ماوەیەدا هارددیسێکی ٢٤ ترابایتی خستەڕوو کە بە جۆری IronWolf Pro ناسراون. هاردەکە بۆ سیستەمی NAS سوودیان لێوەدەگیرێت، کە سیستەمێکی تایبەتە بە تۆڕە خۆجییەکان.

بەگشتی هاردەکە بۆ ئەو تۆڕانە سوودیان لێوەدەگیردرێت کە داتاکان بەگشتی لە هادرەکەدا هاوبەش دەکرێن و بەکارهێنەران دەتوانن لە تۆڕێکدا سوودیان لێوەربگرن.

هاردەکە وەك ئاماژەی پێکرا ٢٤ ترابایتە، خێراییەکەی ٧٢٠٠ خولە لە دەقیقەیەکدا و زەینی شاراوەی ٥١٢ میگابایتە. خاڵی جێگای سەرنجی هاردەکە لەوەدایە کە گرەنتیەکەی ٢٨٥ ساڵە واتە نزیکەی بە سێ سەدە. جگە لەوەش بۆ هەر تێکچوونێکیش دەکرێت دوای ٥ ساڵ لەکاتی هەبوونی کێشەدا بیگۆڕیەوە.






## کۆنسۆلی گەیمی Claw

لە پێشانگای ساڵانەی CESدا کۆمپانیای MSI کۆنسلی یاری ئەلکترۆنی خۆی خستەڕوو کە بە جۆری Claw ناسراوە. کۆنسۆلی گەیمی ناوبراو پێچەوانەی هاوشێوەکانی خۆی وەك (ستێم دۆك ڤۆلۆ، ئاسۆس ڕۆگ ئالی و لینۆڤۆ...) لە بری سوود وەرگرتن لە یەکەی لێکدانەوەی جۆری AMD لە یەکەی لێکدانەوەی ئەنتەل سوود وەردەگرێت. (یەکەی لێکدانەوە= عەقڵی بەگەڕخەری ئامێر).

کێشی ئامێرەکە ٦٧٥ گرامە و درێژاییەکەی نزیکەی ٣٠ سانت و پانیەکەشی ١٢ سانت دەبێت. کۆنسۆلەکە لە زیرەکی دەستکرد بۆ جێبەجێکردنی یارییەکان سوود وەردەگرێت. ڕامەکەی ١٦ گیگابایتە و میمۆرییەکەی دەگاتە یەك ترابایت. شاشەکەی ٧ ئینجە فوول ئیچ دییەو لەجۆری LCDیە.



## ماوسێکی ناوازە و هەمە کارە

ماوس ئامێرێکی لاوەکی گرنگی کۆمپیوتەرە، بەبێ ماوس ئەرکەکان لە کۆمپیوتەردا بە سانایی جێبەجێ نابن و هەندێك ئەرك هەن هەر بەبێ ماوس ئەنجام نادرێن.

یەکێك لە ماوسە ناوازەکان کە لەم دواییەدا بەرهەم هاتووە، ماوسی جۆری CheerTokە کە نە تەنیا ماوسە، بەڵکو کۆنترۆڵێکی ئامێرەکانیشە. دیزاینی ماوسەکە پێچەوانەی ماوسەکانی دیکە پانە و هیچ دوگمەیەکی گۆیی لەسەر ماوسەکە نییە، وەك تۆچ پەدێك دەچێت. لەگەڵ ئەوەشدا تیشکیکی لەیزەری هەیە کە بۆ ڕاڤەکردنی وانەکانی سەر تەختەی دیجیتالی سوودی لێوەردەگیرێت. کێشی ماوسەکە تەنیا ٩٣ گرامە. هەتا ٤٠ کاتژمێر پێویستی بە شەحنکردنەوە نییە. ماوسەکە تێك ناچێت و شوخت هەڵناگرێت و ئەگەر پیس بێت بە ئاسانی پاك دەکرێتەوە. لە مەودای ٥ مەتر دوور لە ئامێرەکان بەکاردەهێنرێت و بە بلوتوس پەیوەندی دەدرێت لەگەڵ ئامێرەکان چ کۆمپیوتەر بێت چ مۆبایل یا تیڤیە سمارتەکان.

## زمانت لەبەری ماوس بەکار بێنە!

لە پێشانگای ساڵانەی CESدا یەکێك لەو ئامێرە سەیرو سەمەرانەی خرایە ڕوو، ماوسێکی زمانی بوو! واتە ماوسێك بوو کە بە زمان جووڵەی پێدەکرا.

ماوسی جۆری MouthPad وەك ددانی دەستکرد لە دەم دەخرێت و بە زمان وەك ماوسێکی ئاسایی کۆنترۆڵ دەکرێت. زیاتر وەك تۆچ پەد دەچێت تا وەکو ماوس. ماوسەکە بلوتوسە و نە تەنیا بە لاپتۆپ بەڵکو بە مۆبایلیش پەیوەند دەدرێت. ماوسی زمانی لەکاتی شەحنکردنەوەی دا تا ٥ کاتژمێر دەکرێت سوودی لێوەربگیرێت. شایانی ئاماژە پێدانە بەکارهێنەر لەکاتی بەکارهێنانی ماوسەکەدا نابێت خواردن و خواردنەوە بخوات.



# ژیریی دەستکرد و تیڤیە زیرەکەکان

لە پێشانگای ساڵانەی CESی ئەمساڵدا سامسۆنگ بە کۆمەڵێك بەرهەمی نوێوە بەشداریکرد، یەکێك لەو بەرهەمانە تیڤیە زیرەکەکان بوون. کوالیتی تیڤیەکان 4k و 8k یە. کارکردی تیڤیەکان خێراترن و پشتیوانی لە ژیریی دەستکرد دەکەن. تیڤیەکانی Neo QLED قەوارەیان ٦٥ ئینج و ٨٥ ئینجە. سیستەمی دەنگ و ڕەنگ لەم تیڤیانەدا تایبەتن و بینەر هەست بەوە ناکات تیڤیە و بەڵکو وەك ڕاستی دەیبینێت. لە ژیریی دەستکرد بۆ ناسینی زۆربەی وەرزشییەکانە. بینەر کاتێك سەیری تۆپی پێدەکات، تیڤیەکە بەهۆی ژیریی دەستکردەوە فۆکس دەخاتە سەر تۆپەکە و لەهەر گۆشەیەك سەیری بکات هەست پێدەکات لەو شوێنە دەیبینێت. بارستایی تیڤیەکان تەنیا ١٣ ملمە.



## هەر جارە و وەڵامی پرسیارێک

خوێنەرێکی بەڕێز دەپرسێت جیاوازی نێوان CPU و GPU چییە؟

خوێنەری بەڕێز CPU یەکەی لێکدانەوەی کۆمپیوتەرە، بە واتایەکی دیکە مێشك و عەقڵی کۆمپیوتەرە هەر داتایەك کە بە کۆمپیوتەر دەدرێت و هەر کارێك لەسەر کۆمپیوتەر دەکرێت لە ڕێگای CPUوە دەبێت. بەبێ ئەو کۆمپیوتەر هیچ ئەرکێك ئەنجام نادات.

GPU پارچەیەکە سەر بە کارتی گرافیك بۆ لێکدانەوە و ئاسانکاری لە داتا گرافیکەکانی وەك وێنە، یارییە ئەلکترۆنییەکان و هەر شتێکی گرافیکی هەبێت، هەتا GPU بەهێزتر بێت بەکارهێنەری نەخشەساز یا گرافیست باشتر دەتوانی سوود لە کۆمپیوتەر وەربگرێ. بە داهاتنی زیرەکی دەستکرد ئەرکی GPU زیاتر بووە، دیارە ئەو پارچەیە بۆ ئۆتۆمبیلە خۆکارەکانیش ڕۆڵی چاو دەگێڕێت.



## هۆندا بە سکۆتەرێکی نوێ گەڕایەوە

ئامێرەکانی گواستنەوە و گەشتکردن لەم سەردەمەدا هەر ئۆتۆمبیل و پایسکل و مۆتۆڕ نین و گەلێك لەوانە زیاترن. سکۆتەریش یەکێکە لەو ئامێرانە. بەڵام سکۆتەری کارەبایی.

هۆندا جارێکی دیکە گۆڕانکاری لە سکۆتەرەکەیدا کرد بە دیزانێکی نوێ بەرهەمی هێنایەوە. سکۆتەری جۆری Motocom- pacto بەرهەمی ساڵانی هەشتاکانی زاینی کۆمپانیای هۆندایە، جارێکی دیکە بە بەرگێکی نوێ و کاراییەکی وزەیەکی نوێ بەرهەمی هێنایەوە.

سکۆتەرەکە کۆدەکرێتەوە و دەنوشتێتەوە و لە جانتا دەخرێت، لەکاتێکدا کە شەحنی ئامێنێت بەکارهێنەرکەی دەتوانێت هەڵبگرێت و کێشی تەنیا ١٩ کیلۆیە. درێژایی تەنیا ٧٤ سانتە و پانایی ٩ سانتە. خێرایی ڕۆیشتنی زیاتر لە ٢٠ کیلۆمەترە لە کاتژمێرێکدا و توانای هەڵگرتنی سەد کیلۆی هەیە.



# شەترەنج کردن لەگەڵ ژیریی دەستکرد

ژیریی دەستکرد ئەگەر بەو هەنگاوەی گرتوویەتەبەر بچێتە پێش، زۆر پێش مرۆڤ دەکەوێتەوە! یاری شەترەنج کە یارییەکی تەواو هزرییە و پێویستی بە ماندووبوونی بیری مرۆڤە، ئەمڕۆ ژیریی دەستکرد توانیویەتی لەو یارییەدا پێش مرۆڤ بکەوێتەوە.

ئامێری گەیمی شەترەنجی زیرەکیی دەستکرد Chessnut Evo کە بەقەد تەبلێتێك دەبێت، یاری لەگەڵ مرۆڤ دەکات، هەم بەشێوەی ئۆنلاین واتە لە دوورەوەو هەم بە شێوەی ڕاستەوخۆ. خۆی جوڵە بە شەترەنجەکە دەکات و داشەکان دەجوڵێنێت.

کێشی ئامێرەکە سێ کیلۆیە. شاشەیەکی بچووکی فەرمانکردنی لە تەنیشتە و هەم فەرمان دەکات و هەموو جوڵەکان لە خۆیدا تۆمار دەکات. ئەم ئامێرەی ئاماژەمان پێدا نە تەنیا یاری دەکات بەڵکو وەك مامۆستا و ڕاهێنەریش یارییەکە فێری فێرخوازان دەکات.



## ماڵپەڕێکی ژیریی دەستکرد بۆ بەرزکردنی کوالیتی وێنە

ژیریی دەستکرد لە بەرزکردنەوەی ئاستی کوالیتی وێنە، دەنگ و فیلم، توانیویەتی بگاتە لوتکە. بەتایبەتی لە بواری ڕەنگ کردنی وێنە و ڕەش و سپییەکان، بەرزکردنەوەی ئاستی وێنەکان تا بەرزترین ئاست.

گەلێك ماڵپەڕی ژیریی دەستکرد هەن بۆ ئەوەی ئاستی وێنەکان بەرز بکەنەوە، یەکێك لەو ماڵپەڕە سەرکەوتووانەی ئەم بوارە، ماڵپەڕی upscales.aiیە. جیاوازی ماڵپەڕەکە لەگەڵ ئەوانی دیکە ئەوەیە تا ئاستی 2X بێ بەرامبەرە و لەگەڵ ئەوەشدا هیچ لۆگۆیەکی خۆی لەسەر وێنەکە نادات. بە تێچوویەکی کەمیش دەتوانرێت ئاستی وێنەکە بگەیەندرێتە 4X، ئەمەش بەرزترین ئاستە.

# پرۆگرامێکی ژیریی دەستکرد بۆ وێنە و فیلم


ژیریی دەستکرد هەموو پرۆگرام و ئاپەکانی گرتۆتەوە، بەتایبەتی ئەو ئاپ و پرۆگرامانەی پەیوەندییان بە دەستکاریکردنی فیلم و وێنەوە هەیە. یەکێك لەو پرۆگرامە ناسراوانەی کە پاڵپشتی لە ژیریی دەستکرد دەکات، پرۆگرامی Winx-video AIە. پرۆگرامی ناوبراو پرۆگرامێکی نوێیە، بەهێز و تایبەتمەند لە بواری باشترکردن و ڕێکخستنی فیلم بە ژیریی دەستکرد کە تواناگەلێکی باش لەو بوارەدا دەڕەخسێنێ. بەهۆی ئەو پرۆگرامەوە دەتوانی کار لە سەر هەموو جۆرە فۆرماتێکی ڤیدیۆیی و وێنەیی بکەی. وێنەکان وەك خۆی باش دەکاتەوە ئەگەر تێکچووبن و خراپ بووبن، فیلمەکان شوخت نوێژەکانیان لادەبات.




کوالیتی وێنە و فیلمەکان بەرەو سەرووتر دەبات بەبێ ئەوەی هیچ تێکچوونێك هەبێت. توانایەکی تایبەتی پرۆگرامەوە ئەوەیە دەتوانێت وێنە لە شاشەی کۆمپیوتەر بگرێت و بۆ بەکارهێنانی لە فیلمە فێرکارییەکاندا سوودی لێوەربگیردرێت. هەروەها وێنە ڕەش و سپییەکان دەکات بە وێنەیەکی ڕەنگی.



# ئایا بەهۆی بۆنەکەتەوە تووشی کاردانەوەی هەستەوەریی پێست دەبیت ؟



ئەگەر ڕۆژانە چەند جارێك حەزت لە ڕشاندنی بۆنە و، بەڵام هەستیاریی پێست ڕێگریت لێ دەکات لە بەکارهێنانی بۆن، بە هیچ شێوەیەك نیگەران مەبە، چونکە زۆرێك لە براندەکانی بۆن کۆمەڵێك بۆنیان دروست کردووە بە تایبەت بۆ ئەوانەی پێستیان هەستیارە.

بۆنی فلۆرا گۆشتخۆر.. لە هێنری ڕۆزەوە (Henry Rose)

ئەم بۆنە تێکەڵەیەکی تازەگەری و ئاڵۆزە لە مارکەی هێنری ڕۆزەوە، کە تایبەتمەندە بە بۆنە سەرنجڕاکێشەکانی، کە بریتین لە: یاسمین، تیوبرۆز، و گوڵی پرتەقاڵ، هەروەها یەکێکە لەو بۆنە یەك ڕەگەزانەی کە دەتوانرێت لە هەموو کاتێکدا بەکاربهێنرێت.

نەك بۆنی منداڵانە Not Your Baby لە فلورەوە Phlur


بۆنێکی ڕۆژهەڵاتییە بۆ پیاوان و ئافرەتان، بەتایبەتی ئافرەتان و ئەوانەی پێستیان هەستیارە، بۆنەکەی زۆر جیاوازە، بۆنێکی نەرمە و لە هەمان کاتدا درێژخایەنە، پێکهاتە سەرەکییەکانی بریتین لە: هێل، بێرگامۆت، بەنەوشە، ڤانێلا.

## ئایا چ ڕووەکێکی ناوماڵ لە ساڵی ٢٠٢٤دا دەبێتە باو؟

زۆرجار هەندێك جۆری ڕووەكی ناوماڵ لە ماوەیەكی دیاریكراودا دەناسرێنەوە، لە پێشانگە و نەمامگەكاندا بڵاودەبنەوە و گوزارشت لە مۆدێرنییەتی فەزای ناوەوە دەكات.


بۆستن فێرن و كالاتیا فرێدی لە ڕووەكە بەناوبانگەكانن بۆ ئەمساڵ و گونجاون بۆ ڕازاندنەو، بەو پێیەی پێویستیان بە گرنگیدانێكی زۆر نییە، بەتایبەت كالاتیا فرێدی، كە ڕووەكێكی سادە و ڕەسەنە و لە هەمان كاتدا، بە گەڵا سەوز و سپیەكانی تایبەتمەندە. توانای گونجاندنی لەگەڵ بارودۆخی ڕووناكیی كەمدا هەیە، بەڵام زۆر تیشكی ڕاستەوخۆی خۆر، بەتایبەتی خۆری توندی پاش نیوەڕۆ، لەوانەیە ببێتە هۆی گۆڕینی ڕەنگەكەی بۆ قاوەیی، لوولبوون یان سووتانی گەڵاكان. سەرنجڕاكێشیی ڕووەكەكە دەگەڕێتەوە بۆ گەڵاكانی كە بە شێوەیەكی ڕیتمی دەكرێنەوە و دادەخرێن، ئەویش لە دیاردەیەكدا كە پێی دەگوترێت (سەمای كالاتیا)، كە جووڵە بۆ دیكۆری ناوەوە زیاد دەكات. شارەزایان پێشنیاری ئاودانی ئەو ڕووەكە دەكەن بە هەفتەی جارێك كاتێك دەزانن خاكی وشك واتە كاتی ئاودانیەتی.

**ئامادەكردنی: شیلان عەلی**



## گڵۆپی ئەرزی ئێكسسوارێك كە هەرگیز لە مۆد دەرناچێت

گڵۆپی نهۆمی یەكەم مێژووی دروستكردنی دەگەڕێتەوە بۆ فەرەنسا و ئەڵمانیا، لە سەدەكانی ناوەڕاستدا، نموونە سەرەتاییەكانیش گڵۆپی زەبەلاحی شەقامەكان بوون. لە ناوەڕاستی سەدەی بیستەمدا گڵۆپی ئەرزی لە هەموو شوێنێك بووە جێی بایەخ، پاشان لە ساڵانی شەست و حەفتاكانی سەدەی ڕابردوودا لە هەموو ماڵەكاندا هەبووكە بە دیزاینە هاوچەرخەكانی تێكەڵەی كارایی و جوانكاری باشتر بووە. دەتوانیت گڵۆپی ئەرزی لەگەڵ سەرچاوەی ڕووناكیی دیكەدا تێكەڵ بكەیت، لەوانە سورەیا و گڵۆپی سەر مێز. لە ئەگەری دانانی لەگەڵ سورەیا پێویستە پلانێكی تەواو بۆ ڕووناكی دروست بكەیت، بە شێوەیەك كە هیچ كام لە سەرچاوەكانی ڕووناكی ئەوی دیكەیان هەڵنەوەشێنێتەوە، گرنگە جۆری هەر گڵۆپێكی ئەرزی لەگەڵ ئەو شوێنەدا بگونجێت كە بەنیازیت بەكاری بهێنێت، هاوكات بە شێوەیەك ڕێكی بخە بۆ پڕكردنەوەی گۆشە تاریكەكان، یان ئەو شوێنانەی كە ڕەنگە بەهۆی ئامێرەكانی دیكەوە بە خراپی ڕووناك بكرێنەوە.






# بیری زمزم

بیری زمزم دەکەوێتە ناوچەیەکی بیابانی وشکی شاری مەککە، لەگەڵ ئەوەشدا نزیکەی ٥٠٠٠ ساڵە ئاوەکە دەڕژێتە دەرەوە لە نێوان پێیەکانی حەزرەتی (ئیسماعیل) سەلامی خوای لەسەر بێت و (هاجەری) دایکی کە هاوسەری پێغەمبەر (ئیبراهیم)ـە. لە ڕووی جیۆلۆجییەوە بیرەکە دەکەوێتە قووڵاییی تەنیا ٣٠ مەتر، و چینە ئاو هەڵگرەکە چینێکە لە بەردی ئاگرینی ڕەق، بەڵام ئاو دەچێتە ناو درزەکانی نێوان ئەم بەردانە، بیرەکە ساڵانە لە نێوان ١١-١٨ لیتر لە چرکەیەکدا بە ڕێژەی نیو ملیۆن مەتر سێجا ئاو پەمپ دەکات. جیۆمۆرفۆلۆژی بیرەکە: بیرەکە دەکەوێتە قووڵترین خاڵ لە دۆڵی ئیبراهیم و ئاوەکەی لە ڕێگەی بارانەوە نوێ دەبێتەوە، کە دەبارێتە سەر شاخەکان و لە دۆڵەکاندا کۆدەبێتەوە، بیرەکە لە ڕێگەی سێ دۆڵەوە ئاو وەردەگرێت. ئاوی زمزم دەوڵەمەندە بە کانزاکان، و بیرە شەرەفمەندەکە هەمیشە پاك و خاوێنە، کە قەوزە تێدا گەشە ناکات و تووشی مێروو، قارچك، یان پیسکەری ئاوی ئاسایی نابێت.








# خودە و کڵاوە کۆنەکانی سەربازی




هەندێك لە کەرەستە سەربازییەکانی کۆن تا ئێستاش ماون، کە لە مادده و کەرەستەی وا دروست کراون تا ئێستاش تێك ناچن، ئەمە یەکێکە لە دیارترین نموونەی کڵاوە سەربازییەکان، تەنانەت قۆچێکی هەبووە، ئەو کڵاوە قۆچدارەکەی پاشا (هێنریی هەشتەم)ـە، تا ئێستا بەشێکی ماوەتەوە لە گەڵ بەرگێکی زرێپۆشی تەواو کە لەلایەن (کۆنراد سیوزنهۆفەر)ـەوە لە نێوان ساڵانی ١٥١١ بۆ ١٥١٤ دروست کراوە، زرێپۆشەکە دیارییەکی ئیمپراتۆری ڕۆمانی پیرۆز ماکسیمیلیانی یەکەم بووە بۆ پاشای ئینگلیزی هێنریی هەشتەم، دوای هاوپەیمانییان لە جەنگدا لە خولی کامبرای.





# خانمی دەستڕەنگین و بەهرەمەندی تووشبووی تالاسیما





زۆرن ئەوانەی کە حاڵەتێکی زگماگ، یان نەخۆشییەکی درێژخایەنیان هەیە، کەچی لە هەمان کاتیشدا خاوەن بەهرە و توانا و دەستڕەنگینیشن لە کارەکانیاندا، سروە خان نموونەی ئەو کەسانەیە کە وێڕای تووشبوونی بە نەخۆشیی تالاسیما، کەچی خاتوونێکی دەستڕەنگینە لە بواری خشڵ و دروستکردنی ئێکسسوارادا، لە چەندین فێستیڤاڵ و نمایشدا کارە جوانەکانی نمایش دەکات و خەڵکیش وەك بەرهەمێکی خۆماڵی و کوردەواری داوای دەکەن (سروە عەلی جەباری) وەك خۆی دەڵێت: « سەرپەرشتیاری ڕاگەیاندنی کۆمەڵەی تالاسیما و دوو گرووپم، کاری یەکەمم دەستپێك بوو، کە کەرەستەم بۆ هاوڕێکانم دروست دەکرد، دواتر هەستم کرد کە چەندین خاوەن پێداویستیی تایبەت بەهرەیان هەیە، گوتم ئێوە کەرەستە و خشڵ دروست بکەن، ئێمەش بڵاوی دەکەینەوە و ساڵانە بۆ ماوەی چوار مانگ نمایشەکانی کەرەستەکانی خۆمان دەکەین، بەرهەمەکانی من خشڵەکانن، وەك: بازن، ملوانکە، کۆڵوانە و چارۆکە، کە هەموو کاری دەستیی خۆمە، هەروەها شتی ناوازە و دەگمەن دروست دەکەین، کە لە هەموو بازاڕدا نییە، واتە بە شێوەیەکی تایبەت دروست دەکرێن، هەندێ جار جمکەکان دێن داوای دوو کەرەستە دەکەن، ئێمەش یەك یان دوو دانە دروست دەکەین، کارەکانی من زیاتر لە وەرزی بەهاردا خواستی لەسەرە، وەك بۆنەکانی نەورۆز و ئاهەنگی تایبەتی خێزانی، هەروەها خشڵی تایبەتیش بۆ کاتی دەوام و بۆ فەرمانبەران دروست دەکەین کە داواکاریی زۆر لەسەرە.





# هەلی کار وەک مەیموون

هەلێکی کار لە وڵاتی چین ڕاگەیاندرا تاوەکو کەسێك وەکو (پاشا مەیموون) لە دارستانێکی چیندا نمایش بکات، هەلی کارەکە بە بڕی ٨٤٢ دۆلار بۆ هەر مانگێك، ناوچەی ووشیشانی چین کە دەکەوێتە پارێزگای هێبی لە باکووری چین، دەیانەوێت هەندێك کرێکار دابمەزرێنن، کە ئەفسانەی بەناوبانگی ناوخۆیی (پاشا مەیموون) بەرجەستە بکەن، ئەو کارەی ڕیکلامی بۆ کراوە پێویستی بە پۆشینی جلوبەرگی (پاشا مەیموون) و دانیشتن لە ناو ئەشکەوتێکدا و خواردنی مۆز هەیە، کە تەنیا لەلایەن سەردانکەرانەوە بۆی دابین دەکرێت، ئەو کارە پێویستی بەوەیە کە کرێکارەکە لە شوێنی خۆیدا بمێنێتەوە لە ناو ئەشکەوتەکەدا، لە هەمان کاتدا جگە لە مۆز خواردنی دیکەی وەك ئەندۆمی و سێو وەربگرێت.


بەپێی ئەوەی کە لەلایەن (سی ئێن ئێن)ـەوە بڵاو کراوەتەوە، تا ئێستا دوو داواکار بۆ ئەو کارە وەرگیراون و پێویستیان بە فەرمانبەری سێیەم هەیە، بۆ پاراستنی فەرمانبەرەکە لە شەپۆلی سەرما، قەزاکە گەرمکەرەوەی کارەباییان بۆ ئەشکەوتەکە دابین کردووە.



## پردی شووشەیی


پردێکە هەردوو لێواری شاخی (چیای ئاڤاتار) بەیەکەوە دەبەستێتەوە، کە فیلمە بەناوبانگەکەی بە هەمان ناو لەوێ وێنەگیرا، لە ناوچەی تشانگجیاجیە لە پارێزگای هونان، درێژی پردەکە ٤٣٠ مەتر و پانییەکەی ٦ مەتر و بەرزییەکەی ٣٠٠ مەترە و لە دروستکردنی پردەکەدا ٩٩ پانێلی شووشەی شەفاف بەکار هێنراوە، کە بە سێ چین ڕیك خراوە. تێچووی دروستکردنی بە چوار ملیۆن سێ سەد هەزار دۆلار مەزەندە دەکرێت، دەسەڵاتداران ژمارەی سەردانیکەرانی پردەکەیان بە هەشت هەزار کەس لە ڕۆژێکدا داناوە، ئەمەشلەپێناو سەلامەتیی سەردانیکەران.





## کاریکاتێر

باس لە گرنگی و سەرسوڕهێنەریی بەکارهێنانی تەکنەلۆژیای VR و AI دەکات، کە کەسێك چاوێلکەیەکی ئەلیکترۆنتی لە چاوە و وادەزانێت هەموو جیهان دەسووتێت.



## دیمەنە سەیرەکان

گرتەیەکی سەرسوڕهێنەر کە دووبارە نابێتەوە و لە کاتێکی گونجاودا گیراوە، کە شەڕی بە دەستە ێنانی خۆراکە، لە نێوان مارێکی ئاوی و باڵندەیەکی دەنووك قەبەدا، کە هەردووکیان لە یەك کاتدا ماسییەکیان گرتووە و هەر یەکە هێزی خۆی بەرامبەر ئەوەی دیکە بەکار دەهێنێت.

## یاسا



**ڕاگرتن ( التوقيف )**

بریتییە لە ڕێکارێکی لێکۆڵینەوە کە دادوەری لێکۆڵینەوە دەری دەکات بۆ دەستگیرکردنی تۆمەتبار لە ماوەی قوناغی لێکۆڵینەوەدا، کە ئەم دەستگیرکردنە بە سزا هەژمار ناکرێت، بەڵکو تەنیا ڕێکارێکی دادوەرییە لەپێناو باش بەڕێوەچوونی لێکۆڵینەوە و بەزر نەبونی بەڵگەکاندا، ئەم ڕێکارە تەنیا لە کاتی ئەنجامدانی کەتن (جنايات) و تاوانەکان (جنح)، دەگیرێتە بەر، واتە تۆمەتبار بە سەرپێچییەکان لەلایەن دادوەرەوە ئەم ڕێکارە دژی ناگیرێتە بەر و، پێویستە ماوەی ڕاگرتن لە (١٥) ڕۆژ زیاتر نەبێت، بۆ هەرجارێك واتە لە دوای (١٥) ڕۆژ، پەراوی دوسییەکە دەخرێتە بەردەم دادوەری لێکۆڵینەوە بۆ درێژکردنەوەی ڕاگرتنەکە بۆ (١٥) ڕۆژی دیکە یان بیاردانی ئازاد کردنی بە کفالەت، لە هەموو دوخێکدا ماوەی ڕاگرتن ناکرێت لە چاریەکی (٤/١) بەرزترین پلەی سزای تاوانەکە زیاتر بێت، واتە دوای درێژکردنەوەی ڕاگرتنەکە بۆ هەر (١٥) ڕۆژ جارێك، بۆ نموونە کاتێك تاوانێك سزاکەی ساڵێك و هەشت مانگ بێت، کە دەکاتە (٢٠) مانگ، ناکرێت تۆمەتبارەکە لە قوناغی لێکۆڵینەودا (٥) مانگ زیاتر ڕابگیرێت، یان تاوانێك سزاکەی ساڵێك بێت، ناکرێت تۆمەتبارەکە لە (٣) مانگ زیاتر ڕابگیرێت، کە دەکاتە ٤/١ ماوەی سزاکە.

### کاوڕ ٣/٢١ - ٤/١٩

باشترە پێش ئەوەی هۆکارەکان ڕوون دەبێتەوە زوو بڕیار نەدەیت، پەیوەندیی سۆزداری هەندێك کات پێویستی بە قوربانی هەیە و هەموو کاتێك بە خواستی تۆ نابێت، سەرنج بخەرە سەر ئامانجەکانت و واز لە بیرکردنەوە نەرێنی بهێنە.

### گا ٤/٢٠ - ٥/٢٠

پەیوەندیت لەگەڵ هاوپیشەکانت جێگیرە و بارودۆخەکە ئەرێنییە، لەگەڵ خۆشەویستەکەت ڕاستگۆیانە بدوێ، لەپێناو پتەوبونی پەیوەندییەکەت و داهاتوویەکی پرشنگداردا بە شێوەیەکی هێمنانە ڕەفتار لەگەڵ هەمو کێشەیەکدا بکە.

### جمک ٥/٢١ - ٦/٢٠

بەهۆی چارەسەری کێشەکان و بەڕێوبردنی کارەکانت بەرپرسانی کارەکەت سەرسام دەبن بە تواناکانت، بەڵێنێك مەدە کە هەرگیز ناتوانیت ئەنجامی بدەیت، پەیوەندیی سۆزداری دەبێت لەسەر بنەمای ڕاستگۆیی بێت، کات بەفیرۆ مەدە و دەست بکە بە ئەنجامدانی ئەو بیرۆکانەی لە مێشکتدایە، پێویست بە ترس ناکات.

### قرژاڵ ٦/٢١ - ٧/٢٢

ئەمڕۆ هەندێك ناکۆکی دروست دەبێت لە نێوان خۆت و هاوپیشەکانتدا، بەڵام بەپەلە بڕیارمەدە، گۆڕانکاری لە پەیوەندیی سۆزداریتدا بکە و چالاکیی جۆراوجۆر ئەنجام بدە، چونکە ڕۆتین زاڵە بەسەر پەیوەندییەکەتاندا، سیستمی خۆراکیت بگۆڕە هەوڵ بدە ستایلی نوێ لە ڕوخسار و شێوەتدا تاقی بکەیتەوە.

### شێر ٧/٢٣ - ٨/٢٢

بارودۆخەکە ئارامە و هەوڵ دەدەیت هەنگاوی نوێ بنێیت، باشترە چارەسەری کێشەکانی نێوان خۆت و خۆشەویستەکەت بکەیت بە ئارامی، ئەم ماوەیە پێویستت بەوەیە هەندێك کات بۆ خۆت تەرخان بکەیت، بۆ ئەوەی پشوو بە دەروونت بدەیت.

### گوڵەگەنم ٨/٢٣ - ٩/٢٢

گۆڕانکاریی گەورە ڕوو دەدات، هەنگاو دەنێیت بەرەو ئامانجەکانت، لەگەڵ خۆشەویستەکەت کاتێکی ڕۆمانسی بەسەر دەبەیت و ئەم ماوەیە ئاسوودەیت، هەوڵ بدە خۆت فێری کارێکی نوێ بکەیت و ئەزموونی جیاواز تاقی بکەرەوە.



## پەند و وتە

ئیریك ئارتەر بلایەر، ڕۆماننووسی بەریتانی، هەروەها ڕۆژنامەنووس و نووسەر و ڕەخنەگری سیاسی، لە ساڵی ١٩٠٣ لە شاری ماتیهاری هیندستان لە دایكبووە و دواتر ڕەگەزنامەی بەریتانی وەرگرتووە، لە ساڵی ١٩٥٠ كۆچی دوایی كردووە، دەربارەی زمانی سیاسەت دەڵێ: «زمانی سیاسەت بە جۆرێك دیزاین كراوە تاوەكو درۆ وەك ڕاستی نیشان بدات و كوشتنیش بەڕێز بێت».




## یاریی وێنە

لەم وێنەیەدا دوو دیمەن دەردەكەون، یەكێكیان دوو ڕووخسارە، ئەوەی دیكەش وێنەی مەركانێكی گەورەیە و شێوەی ئەندازیارییانەی سەر پەلیكانەیەكە، هەوڵ بدە بە جوانی سەرنج بدە و بزانە یەكەم جار كام دیمەن دەكەوێتە بەرچاوت.

بۆ زانیاریت

## ڕۆڵی خەو لە تەندروستی مێشكدا



توێژینەوەیەكی نوێ تیشك دەخاتە سەر كاریگەرییە گرنگەكانی ماوەی خەوتن لەسەر تەندروستیی مێشك، بە جەختكردنەوە لەسەر مەترسییەكانی مێشك و نەخۆشییەكانی مێشك. زۆر خەوتن یان كەم خەوتن پەیوەندیی بەو گۆڕانكارییانەوە هەیە كە لە مێشكدا ڕوو دەدات، دەركەوتووە مەترسیی تووشبوون بە نەخۆشییەكانی مێشك كەم كەم زیاد دەكات. توێژینەوەكە بە وەرگرتنی داتای وێنەی دەمارەكانی نزیكەی ٤٠,٠٠٠ بەشداربووی تەمەن مامناوەند كراوە، پەیوەندییەكی بەرچاوی لە نێوان كەمخەوی و زۆر خەوتن و گۆڕانكارییە زیانبەخشەكان لە پێكهاتەی مێشكدا دۆزیوەتەوە، ئەم گۆڕانكارییانە نیشان دەدرێن بە زیادبوونی چڕی ماددەی سپی white matter و كەمبوونەوەی ڕێژەی anisotropy (هۆكاری ناڕێكیی مێشك) و نیشانەكانی پیربوونی مێشك، هەروەها بەرزبوونەوەی مەترسیی نەخۆشییەكانی دەمار. ئەم ئەنجامانە وەك بیرخەرەوەیەكی گرنگە لە گرنگیی خەوێكی هاوسەنگ لە پاراستنی تەندروستی مێشك بۆ ماوەیەكی درێژخایەن، توێژینەوەكە جەخت دەكاتەوە لەسەر گرنگی خەوی گونجاو نزیكەی (٧ بۆ ٩ كاتژمێر) بۆ تەندروستیی مێشك لە كەسانی تەمەن مامناوەنددا.

فیلم

## هەڵەی خۆم- My Fault





فیلمێكی ڕۆمانسییە و باسی خۆشەویستی دەكات، باس لە كچێك دەكات بە ناوی (نوا)، كە دوای ئەوەی شارەكەی جێ دەهێڵێت، دواتر هاوڕێ و خۆشەویستەكەی دەچنە كۆشكێكی زر، باوكە دەوڵەمەندەكەی لەوێیەوە چیرۆكی خۆشەویستیی لەگەڵ كوڕێكی میوان بە ناوی نیك دروست دەبێت، دواتر بۆی دەردەكەوێت ئەو كوڕە دەیەوێت دزی لەو ماڵە بكات كە میوانە، ماوەی فیلمەكە یەك كاتژمێر و ٥٧ خولەكە، لە دەرهێنانی دۆمینیكۆ گۆنزالیس، لە نووسینی هێرمس ماركۆ، لە نواندنی: گابریال گویڤارە، نیكۆڵ والاس، فران بێریگوێر، نوا كاسیس، مارتا هازیس.

**نەهەنگ ٢/١٩ - ٣/٢٠**

لەو بەربەست و قورساییانەی ڕووبەڕووی كارەكەت بووەتەوە ڕزگارت دەبێت، بەڵام دەبێت بە وردی سەرنج بدەیت و كار بكەیت، خەمی خۆشەویستەكەت بڕەوێنەرەوە بە بەكارهێنانی وشەی جوان و ڕەفتاری باش و پشتیوانی بكە، هەموو بیركردنەوە نەرێنییەكان لە خۆت دوور بخەرەوە.

**گۆزە ١/٢٠ - ٢/١٨**

ڕۆژێكی دژوار و ناخۆش بەڕێ دەكەیت، كارەكات لە بەرژەوەندیت نابێت، ڕێگەمەدە كێشەكان كاریگەری لەسەر ڕەفتارەكانت هەبێت، هەمیشە ئارام بە، گرفتەكانی كارەكەت باری دەروونیت ماندوو دەكات، بەڵام بە زوویی شتەكان باش دەبن.

**گیسك ١٢/٢٢ - ١/١٩**

ئەزموونی ڕابردوو یارمەتیدەرە بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی كێشەكان، بەهۆی كێشە زۆرەكانی نێوانتانەوە لەلایەن سۆزدارییەوە پەیوەندیت باش نییە، هەوڵ بدە پەیوەندیەكەتان بەهێزتر بكەیت، چونكە دواتر پەشیمانی چارەسەری هیچ شتێك ناكات.

**كەوان ١١/٢٢ - ١٢/٢١**


ئەمڕۆ ڕەنگە هەلی كاری باش بێتە بەردەمت، ئەمەش دەبێتەهۆی كردنەوەی بواری جیاجیا لە بەردەمتدا، پشتیوانیی خۆشەویستەكەت یان هاوبەشی ژیانت بۆ تۆ گرنگە و ئاسوودەت دەكات، باشترە هەندێك جار گوێ لە دڵت بگریت.


**دووپشك ١٠/٢٣ - ١١/٢١**

هەنگاوی نوێ دەنێیت و بە پەرۆشەوە هەوڵی فێربوون دەدەیت، ڕەنگە بۆنەیەكی كۆمەڵایەتی لەگەڵ خۆشەویستەكەت كۆتبكاتەوە، پەیوەندیت چالاكتر بێت، متمانەت بەخۆت هەیە، ئەمەش كاریگەریی ئەرێنی لەسەر بیركردنەوەكانت هەیە.

**شایان ٩/٢٣ - ١٠/٢٢**

كارەكانت ڕێك بخەرەوە و لەگەڵ كاتەكانت بیگونجێنە، بۆ ئەوەی باشتر كارەكانت ئەنجام بدەیت، پاش ماوەیەكی زۆر ناكۆكیی خێزانی لە نێوان تۆ و خۆشەویستەكەتدا، دواجار هەموو شتێك باش دەبێت، پلانی ڕۆژ دابنێ بۆ ئەوەی كێشەی تەندروستیت نەبێت.







بۆ دابەزاندنی ئەپلیکەیشنی گوڵان میدیا بۆ پلاتفۆری (ئای ئۆ ئێس) لەسەر ئەم لینکەی خوارەوە کلیک بکە:


https://apps.apple.com/us/app/gulan-media/id1586050534#?platform=iphone

## ئێستا دەتوانی ئەپلیکەیشنی گوڵان میدیا بۆ هەریەکە لە پلاتفۆری (ئای ئۆ ئێس) و (ئەندرۆید) دابەزێنی بۆ ئەوەی سوودمەند بی لە دواین هەواڵ و زانیارییەکان




بۆ دابەزاندنی ئەپلیکەیشنی گوڵان میدیا بۆ پلاتفۆری (ئەندرۆید) لەسەر ئەم لینکەی خوارەوە کلیک بکە:

https://play.google.com/store/apps/details?id=com.gulan.media




www.gulanmedia.com

Weekly
Gulan
February 12, 2024 Issue,No.1401

# TimeNet Company.Ltd

time net
Network expertise

TimeNet Company specialises in IT, ICT, Croporation Computerizing and Implementation of Networking across Kurdistan and Iraq

Our Company provides:
Dedicated Internet Services
VSAT
..........Copper Wired Networking
.............Wireless Networking
.............Fiber Optic Networking
VoIP Video Streamnig
VPNs
CCTV Cameras
Electronic Door

کۆمپانیای تایم نێت شارەزاین لە تەکنەلۆژیای زانیاری و
بە کۆمپیوتەر کردنی کۆمپانیا و ڕێکخراوەکان بە گوێرەی ئیش و کارەکانیان.

خزمەتگوزاریەکانمان:

گەیاندنی ئینتەرنێت بە ڕێگای... Dedicated و VSAT
دامەزراندنی تۆڕ بە
..... تەلی مس
..... بێ تەل
..... فایبر ئۆپتیک

دامەزراندنی دەنگ و ڤیدیۆ بەڕێی ئینتەرنێت
دامەزراندنی تۆڕی راستەڤینە تایبەت
دامەزراندنی سیستەمی چاودێری کامێرا
دامەزراندنی سیستەمی دەرگای ئەلیکترۆنی

Tel : +964 750 380 7676
: +964 750 710 0782

sales@time-net.net
www.time-net.net

Erbil, Ankawa, Iraq
Khabat Street - Karez Districit 240/1/626